www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

بەهجەت عەبدولکەریم خەفاف

سلێمانی 1991



یادەوەریی

2021

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

بەهجەت عەبدولکەریم خەفاف

سلێمانی
١٩٩١

ئەم کتێبە لەسەر نەرکی
سەروەر ڕەشید ناغا چاپکراوە

سلێمانی ١٩٩١

بابەت: یادەوەریی
نووسەر: بەهجەت عەبدولکەریم خەفاف
پێداچونەوە: کارزان ئەنوەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢١
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ

لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١١٢٥)ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە
بۆ نووسەر پارێزراوە

یادەوەریی

بەهجەت عەبدولکەریم خەفاف

سلێمانی
١٩٩١

سەرنج:

خوێنەری بەڕێز، ئەم کتێبەی لە بەردەستە یادەوەریی تۆمارکراوی مامۆستایەکی شاری سلێمانییە، کە مەبەست لە چاپ و بڵاوکردنەوەی، تۆمارکردن و خستنەڕووی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی نزیکەی سااڵێکی شاری سلێمانی و ئەو دۆخە ناسەقامگیرەیە کە ناوچەکە و خەڵکەکەی تێدابوو.

پەیڤێك

مرۆڤ بە سروشتی خۆی خولیای گێڕانەوەی هەیە، حەزدەکات بۆخۆی بابەتەکانی بگێڕێتەوە و گوێ بۆ چیرۆکی ئەوانی دیکەش ڕادێرێت.. بەوەشدا کە ژیان هەمووی ڕوداوە، بەناچاریی (گێڕانەوە) دەبێتە بەشێکی بنەڕەتی لەو ژیانە.

لێرەوە یەکێک لەو ژانرە ئەدەبییانەی زۆرینەی خوێنەرانی لەسەرجەم چین و توێژ و ئاستە جیاوازەکاندا بۆ خۆی کێش کردووە، بریتیە لە ژانری یادەوەری، یان یاداشت، یاخود ژیاننامە. لەسەرەتای دروستبونی مرۆڤەوە ئەم ژانرە بوونی هەبووە، بەڵام دیارە لەسەرەتادا زارەکی بووە و دواتر هاتۆتە ناو دنیای نوسین و تۆمارکردنەوە. لەو سۆنگەیەشەوە کە ئەو ڕوداوانەی مرۆڤ دەیانگێڕێتەوە، ئیدی هی خۆی بن یان هی کەسانی دیکە، تێکەڵ بە حەز و ئارەزو و ئایدۆلۆژیای خۆی دەکات، بەگوزارشتێکی دیکە دەتوانین بڵێین بەرژەوەندی و خواستە تایبەتەکانی خۆی تێکەڵ بە گێڕانەوەکان دەکات، لێرەدا ناڕاستی ڕوداوەکان و زیادەڕەویکردن تێیاندا، ئاوێتەی حەقیقەتی ئەو ڕوداو و بابەتانە دەبێت کە دێنە ناو بواری گێڕانەوەکە، بەڵکو هەندێکجار دۆخەکە دەگاتە ئاستێک کە گومان لە ڕاستیی سەرجەم ڕوداوەکانیش دەکرێت. ڕوداوەکانیش هەتا

کۆنتربن و پتر لە زەمەنی ڕووداندا دووربکەونەوە، ئەگەری ئاوێتەبونیان بە بابەتی ناڕاست و تێکەڵکراو زیاتر دەبێت، و بوار بۆ خاوەنەکەی دەرەخسێت کە خواست و مەیلە خودییەکانی خۆیانی ئاوێتەبکات.

ئەم ڕوداوانەی لەم بیرەوەرییانەدا تۆمارکراون، بەتەواوی لەزیادەڕەویکردن و مەیلی ئایدۆلۆژیی خاوەنەکەیەوە دوورن، هۆکارەکەش بۆ دوو بابەت دەگەڕێتەوە، یەکەمیان نزیکی مێژووی ئەو ڕوداوانەی لێرەدا تۆمارکراون، کە سی (٣٠) ساڵی تەواویان بەسەردا تێنەپەڕیوە، و دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی بەشداربووەکان و شایەتحاڵەکانی لەئێستادا لەژیاندا ماون.

بابەتی دووەمیشیان تایبەتمەندی کارەکتەری خاوەنی بیرەوەرییەکانە، واتە گێڕەرەوە و تۆمارکەرەکەیان، کە مامۆستایەکی ڕاستگۆ و دڵسۆزە، هەر بۆیە، ڕاستگۆیی گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەم نێوەندەدا بابەتێکی گومان هەڵنەگرە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەو تۆمارکردنی ئەم ڕوداوانە، بریتیە لە کورتبڕیی و چڕیی و پوختی لەزمانی دارشتن و گێڕانەوەیاندا، واتە بەتەواوی لە درێژدادڕیی و وەسف و پیاهەڵدانەوە دوورو پارێزراوە. لەکاتێکدا نوسینی کوردی بەشێوەیەکی گشتی گیرۆدەی درێژدادڕییە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ سەبارەت بەم کتێبە،

بریتییە لەوەی کە یادەوەریی تۆمارکراوی ساڵێکی دیاریکراوە کە بریتییە لە ساڵی (١٩٩١)، لەم ساڵەدا ڕاپەڕینە میژوویییەکە و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کوردی باشوری کوردستان ڕوویاندا، کە نەک تەنیا لە سەدەی بیستەمی نەتەوەی کورددا، بەڵکو لەکۆی میژووی ئەو نەتەوەیەدا ساڵێکی دەگمەن و کەم وێنەیە، ئەگەر بێوێنەش نەبێت.

دەبێت لێرەدا ئەوەشمان لەبیربێت کە ئەم دوو ڕووداوە مەزنە میژوویییە، واتە (ڕاپەڕین و کۆڕەو)ـەکە، لەمڕۆدا بەهۆی نزیکییان لە ڕووی میژوویییەوە زۆر مایەی بایەخ و سەرنجڕاکێشان نەبن، بەڵام بەدڵنیاییەوە دوای تێپەڕینی چەند دەیەیەکی دیکە، وەک ئەفسانە بۆیان دەڕوانرێت، ڕەنگە لای هەندێک لەخوێنەرانی ئەو سەردەمە مایەی بڕواپێهێنانیش نەبن! بەتایبەت ئەوەی لەو کۆڕەوەدا ڕوێداوە، تراژیدیایەکی ئەوەندە گەورە و سەیرو سامناکە، بەدڵنیاییەوە فیلمی سینەمایی و ڕۆمان دەستەوەستانن لە گواستنەوەیان.

قوتابیت

خەسرەو مەحمود (میراودەلی)

شەوی ٤/٥-١٢-٢٠٢٠

بەکورتی

ئەگەر مێژووی دێرین و نوێی نەتەوەی کورد لێڵ و تاریک بێت، خۆ دەتوانین ئەمڕۆمان وەک خۆی تۆماربکەین، ئەگەر غـەدری مێژوو و شێواندنی مێژووی کورد وەک بـەری خۆر ڕوون بێت، خۆ دەتوانین لەمەودوا ڕاستییەکان تۆماربکەین و ناوی بنێین مێژووی ڕاستەقینە، بۆیە تۆمارکردنی مێژوو وەک خۆی بۆ گەلێکی ستەمدیدە و خێرلەخۆنەدیوی وەک «کورد»، ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوایەتییە!.

هەر لەقۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا، بەکاریگەریی مامۆستای مێژوومان کە ناوی «نـەوزاد» بوو، لە قوتابخانەی «جمهوری سەرەتایی» کە ساڵی ١٩٦٢ لەپشت ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی یەوە بوو، دواتر ناوەکەی بوو بە قوتابخانەی (تهذیب) و دواتریش بوو بە قوتابخانەی «بابان»ی سەرەتایی، وردە وردە ئاشقی «مێژوو» و تۆماری مێژویی بووم، بەتایبەتی کە هەڵبەستە بەناوبانگەکەی حاجی قادری کۆیی بەگوێمان ئاشنابوو:

صەلاحەددین و نوورەددینی کوردی
عەزیزانی (جزیرەو) مووش و وانی
ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت
لەبەر (بێ دەفتەری ون بوون و) فانی
کتێب و دەفتەرو تەئریخ و کاغەز
بەکوردی گەر بنوسرایە (زوبانی).... هتد

لەبەرئەوە هەر لەسەرەتای هەرزەییمەوە ژیانی

ڕۆژانەی خۆم و ڕوداوەکانی شاری سلێمانیم تۆمارکردووە، بەتایبەت لەسالانی (١٩٦٧ بۆ ١٩٧٠) بەتەواوی دەستم پێکرد، هەموو ئەم نوسینانەم ڕۆژانە لەناو پەڕاوی یادەوەریدا تۆمارکردووە و هەموو پەڕاوەکانیشم ماون.

ئەم نوسینەش بەشێکی بچووکی ئەو یادەوەریانەیە و لەشاری سلێمانی تۆمارکراوە، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ دەستپێدەکات بۆ کۆتایی ١٩٩١، چونکە ئەو ساڵە پڕ لەڕوداو و گۆڕانکاری گەورەبو لەناوچەکەماندا، تۆمارکردنی ڕوداوەکان و بڵاوکردنەوەشیان هیچ ئامانج و مەبەستێکی لەپشتەوە نیە، تەنها لەبەر گرنگی بابەتەکە و ون نەبوونی ڕاستییەکانە. نوسینەکانی ئەم کتێبە لەپەڕاوێکی بەرگ سەوزدا تۆمارکراون کە لای ڕاستەوە نووسراوە (أمه عربیه واحده، ذات رساله خالده، وحده حریه اشتراکیه) پەڕاوەکە وێنەیەکی صدام حسێن ی بە ڕەش و سپی لەسەرە.

قسە قسە ئەهێنێ، لەکۆتاییەکانی تەمەنی حوکمی «بەعس» لە سلێمانی، لەهاوینەهەواری سەرچنار لەسەر گازینۆیەک کە بەسەر حەوزی ئاوەکەوە دروست کرابوو، ئەم نووسینە (وحدە حریه اشتراکیه) بە گڵۆپ نوسرابوو، بە ڕۆیشتنی کات هەندێک لەم گڵۆپانە سووتابوون و نوسینەکە بوبوو بە (وحدە مریه اشترا کبه) کە بە لەهجەی بەغدادیی مانای «ئافرەتێک کوببەیەکی گڕی».

بەر لە ڕاپەڕین

ڕۆژانێکی سەیرە!، مرۆڤەکان وەک بێ هۆش دێن و دەچن، بیرو هۆش سادەو ساکارە، ژیان لەو ماوەیەدا ئاسایی نەبو، ئەو کاتە فەرمانگەی باری شارستانی سلێمانی لەناو ئەو بینایەدا بوو کە پێشتر پەروەردەی سلێمانی تێدابو و ئێستا کراوە بە بازاڕی کاسۆ مۆڵ، «بیزا»ی کچم لەدایک بوبوو، دەرهێنانی بەیان ولادە (بەڵگەنامەی لەدایکبوون) لەناو نەخۆشخانەی سلێمانی دابوو بەرامبەر نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی ئێستا کە بەناوی (نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕەشید)ـەوە

ناونراوە، بەڵگەنامەکەم وەرگرت و بردم بۆ باری شارستانی سلێمانی، فەرمانگەکە زۆر چۆڵ بوو، پێم وایە یەک یان دوو کەس هاتبوون بۆ دەرهێنانی پێناسەی باری شارستانی، کە بەڵگەنامەکانم دایە دەست فەرمانبەرە کچەکە بەسەر سووڕمانەوە وتی: جا دەرهێنانی پێناست بۆچیە! هەموو لەناودەچین بۆ خۆت ماندو دەکەیت؟ منیش وتم: با کە مردین هیچ نەبێت پێناسی شارستانیمان هەبێت، لەوانەیە بۆ ئەو دونیا باش بێت، هەر ئەو ڕۆژە پێناسەکەم وەرگرتەوە!.

شەممە: ١٥-١٢-١٩٩٠

مالّمان لە شەقامی سالم تەنیشت کارگەی سەهۆلّەکەبوو، بەیانی سەعات (٧:٣٠) بە ئۆتۆمبێلەکەم کە (فیات جی ئێل-یّکی شینی ژمارە ٦٠٤١ - سلێمانی - تایبەت) بوو، بەرەو قوتابخانەی (ئامادەیی ئەزمەری کوڕان) کەوتمەڕێ کە دەکەوێتە نزیک گردی مامە یارە، لە ئەو شەقامەی بە بەردەم ئامادەیی سلێمانی کچاندا بەرەو ژوور دەبووەوە بۆ ئامادەیی ئەزمەڕ، بەدەیان کیژ و کوڕی قوتابیم دەبینی کە جلوبەرگی جۆراوجۆریان لەبەردابوو، چونکە بەهۆی گەمارۆدانەکەوە یاسای جلوبەرگی یەکپۆشی پشتگوێ خرابوو، کزەبایەکی زۆر ساردی هەبو، زۆربەی قوتابیەکان سەریان دانەواندبو و دەستیان خستبووە گیرفانەکانیانەوە، یان ملپێچیان کردبووە مل یان دەستکێشیان کردبووە دەست و بەرەو ئامادەیی سلێمانی کچان یان ئامادەییەکانی ئەزمەڕ و ناوەندی ڕۆژهەلّات دەڕۆیشتن.

گەیشتمە قوتابخانە و لەگەلّ مامۆستایان کەمێک باسی بارودۆخمان کرد، ئەوکات زۆربەی مامۆستاکان لە ژووری بەڕێوەبەر مامۆستا (جەمال حەسەن فەرەج) دادەنیشتین و جیاوازییەک لە نێوان مامۆستاو بەڕێوەبەر نەبوو، هەموومان وەک یەک گروپی دلّسۆز بۆ پیشەکەمان کارمان دەکرد، سەعات (٨) زەنگی قوتابخانە لێ درا، لەبەرئەوەی

که کارەبا نەبوو پارچەیەک ئاسن لە شێوەی پیتی (U) ی ئینگلیزی سەربەرەو خوار هەڵواسرابوو و بەهەمان شێوە پارچەیەک ئاسنیش بەپەتێکەوە بەلایەوە هەڵواسرابوو، قوتابیەک یان کارگوزارێک بەئاسنەکە لە ئاسنەکەی تری دەداو بەو زەنگە قوتابیان دەچوونە پۆلەکان بۆ وانە خوێندن یان دەهاتنە دەرەوە.

ڕۆژی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵی خوێندنی (١٩٩٠ - ١٩٩١) بوو، قوتابیەکان بۆ وەڵامدانەوە سەریان بەسەر دەفتەرەکانیاندا شۆڕ کردبووەوە، کە سەرنجم دەدان بیرم بۆ زۆر لا دەڕۆیشت، ئایا برسین یان تێرن؟ لەبەر ئاڵۆزیی بارودۆخ توانیویانە وانەکە بخوێنن! بیرم لەوان دەکردەوە، پاشان بەرەو ژیانی تایبەتی خۆم دەچووم تا ڕادەیەک ئاگام لەوان نەدەما، ئایا ئەو دیاریییەی کە نیاز وەهایە وەری بگرین ئۆتۆمۆبیلە یان نا؟

بڕیاروابو بەبۆنەی بەدەستهێنانی پلەی دووەمی قوتابخانەی (دواناوەندی کاژاوی کۆڕان) لەسەر ئاستی عێراق، کە ئەو ساڵە و چەند ساڵێک دواتریش مامۆستای وانەبێژی بابەتی ئابووری پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیی بووم لەو دواناوەندییە، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مامۆستایانی سەرکەوتو دیاریییەک وەربگرن، هەندێ جار لەدڵی خۆمدا گفتوگۆم لەگەڵ خۆمدا دەکرد، ڕەنگە ئەو دیاریییە

ئۆتۆمبیل بێت، دواتر ڕا و بۆچونەکەم دەگۆڕی نا ئۆتۆمبیلی چی؟ کەی ئەوە بەختی منە کە ئۆتۆمبیل وەربگرم، لەهەمانکاتدا بیرم دەکردەوە کە زۆر قوتابخانە بەبۆنەی یەکەم یان دووەم بوونیانەوە لەسەر ئاستی عێراق، مامۆستاکان ئۆتۆمبیلی نوێیان وەرگرتووە، بەڵکو ڕاستبێ خۆ پارەی بەرمیلێک نەوتە یان پوشێک خورمایە بۆ میری!.

- نە بابە تاوەکو هاوڕێ حزبییەکان (مەبەست بەعسیەکانە) وەستابن چۆن بە ئێمەی دەدەن؟ بەتایبەتی ئەگەر قوتابخانەکە قوتابخانەیەکی شاری سلێمانی بێت، لە دەرگا درا و خەیاڵی قوول پچڕا، قوتابیەک دواکەوتبوو و پاش ئەوەی کە بەڕێوەبەرمان ئاگادار کردەوە، هاتە ژوورەوە و دەستیکرد بە وەڵامدانەوە.

کە لە چاودێری تاقیکردنەوەکە بوومەوە و دەفتەرەکانم کۆکردەوە و لە ژووری یاریدەدەر تەسلیمم کرد و هاتمەوە ژووری بەڕێوەبەر، لەوێ یەک دوو کەس کە جلی زەیتوونییان لەبەردابوو دانیشتبوون، دیاربوو داوای ناوی قوتابییەکانیان کردبوو و هەموو قوتابیەکان ناویان نووسرا، دواتر دەرسی دووەم ناوی «ئەو قوتابیانەی کە ئارەزوویان هەیە» بۆ تیپی بەرگری میللی نوسرا.

لەبەرئەوەی بڕوامان بە هەواڵی تەلەفزیۆنی عێراق نەمابوو، شەوان گوێمان لە هەواڵەکانی

ڕادیۆ دەگرت هەرچەندە (هانی هانی) لەسەر بوو، بەڵام ئێمە هەرچۆنێک بێت گوێمان لەئێزگەکانی (لەندەن و مۆنتی کارلۆ و دەنگی ئەمەریکا و چەند ئێزگەیەکی تر) دەگرت، هەواڵەکانی ئەو شەوە باسی سەردانەکەی شاذلی بن الجدید سەرۆکی وڵاتی جەزائیریان بۆ عێراق و ئوردن و ئێران و سوریاو مصر دەکرد.

«ساڵی ١٩٦٣ کە ئێزگەیەک هەبوو ناوی (پەیکی ئێران) (نامەی ئێران) بوو هەواڵی کورد و کوردستانی کەمێک بڵاو دەکردەوە، حکومەتی ئەوکات تەشویشی دەخستە سەر و وشەکە بریتیبوو لە (هانی هانی، هانی هانی) لەوکاتەوە لەسلێمانی هەر تەشویشێک کە حکومەت دەیخستە سەر هەر ئێزگەیەک بە هانی هانی ناودەبرا».

یەک شەممە: (١٦-١٢-١٩٩٠)

لە قوتابخانە تاقیکردنەوەی مێژووی چوارەکان بوو، هەرچەندە خۆم وانەی مێژووم دەوتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا گاڵتەم بە پرسیارو وەڵامەکان دەهات چونکە بەبڕوای من مێژووی کۆن و نوێ دروست کراوە و بە ئارەزووی بەرژەوەندخوازان و دەسەڵاتداران نووسراوەتەوە، بۆیە دەبێت مێژووی ڕاستەقینەی هەر میللەتێک بەدەستی خۆی و بێ لایەنانە تۆماربکرێت، شەو هەواڵەکان بۆنی جەنگ

و کارەسات و نەهامەتییان لێدەهات، ئێزگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەرنامەی جیا جیایان دەربارەی جەنگی کیمیایی و جەرسوومی و ئەتۆمی بڵاودەکردەوە، تەنانەت بەرنامەکانی تەلەفزیۆن تایبەت بوو بە شێوازی وشک کردنەوەی هەندێک خۆراک، چونکە ئەگەری لێدانی تۆڕەکانی کارەبا زۆر بوو، ئەم جۆرە بەرنامانە هەر لەمانگی ئابی (١٩٩٠)ـەوە، کە عێراق کوێتی داگیر کرد، لە تەلەفزیۆنی بەغدا پەخش دەکران.

دووشەممە: (١٧-١٢-١٩٩٠)

بەیانی کە گەیشتمە قوتابخانە، هەستم دەکرد ورەی هەموان بەتەواوی دابەزیبوو، بەخۆشمەوە!، بەتایبەتی کاتێک کە (صدام حسێن) سەرۆک کۆماری ئەو کاتی عێراق وتبووی «واز ناهێنم تاوەکو خوێن لە ملمدا بێت!»، هەروەها دەنگ و باسەکان زیاتر باسی سووربوونی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی دەکرد لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەکە بەشێوەی هێرشی سەربازی ئەگەر عێراق لە کوێت نەکشێتەوە، هەمان شەو جۆرج بۆشی باوک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وتی: «ئێمە تاوەکو شەوی (١٥-١-١٩٩١) چاوەڕوانی کشانەوەی عێراق دەکەین لە کوێت»، پاش ئەوە کورد وتەنی مەبەستی ئەوەبو عێراق خوێنی خۆی

لەسەر خۆی، هەواڵەکان زۆر ناخۆشن، «جاربەجار بیری ئۆتۆمبێلە وەرنەگیراوەکەم دەکردەوە!».

سێشەممە: ١٨-١٢-١٩٩٠

ئەمشەو هەواڵەکان هەمووی بۆنی شەڕیان لێ دێت، گشت ئێزگەکانی ڕادیۆ و هەواڵدەرەکان دووپاتی دەکەنەوە ئەگەر عێراق لەکوێت نەکشێتەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە جەنگ بەرپا دەبێت، بارودۆخی دەروونیی خەڵک زیاتر بەرەو خراپتر دەچوو، چین و توێژە عامەکە بەتایبەت بەتەمەنەکان، چەند بۆچونێکیان هەبو، دەیانگوت:-

- ئەمەریکا فیلە فیل کەس دەرەقەتی نایەت، تا لە حەربەکە «مەبەست جەنگی جیهانی دووەم بوو» ئەمریکا نەهاتبووە شەڕەکەوە هیتلەر نیوەی دنیای گرت، هەر کە ئەمریکا بەشداری حەربەکەی کرد ئیتر هیتلەر بەرەو فەوتان چوو..

هەندێکی دیکەش کە مەیلیان بۆ عێراق هەبوو، گەرچی ئەمانە بە پەنجەی دەست دەژمێردران، دەیانگوت:-

- بابە عێراق کەم نیە، هەشت ساڵ شەڕی ئێرانی کرد و لاواز نەبو، ئەمیش بەقوەتە.

کۆمەڵی سێهەمیش دەیانگوت:-

- تەنها منداڵی فەقیرو هەژار تیادەچێت، لە شەڕی ئێران - عێراق نە کوڕی صەدام کوژرا و نە کوڕی خومەینی، خوایە لەم ئافاتە بەدوورمان کەیت.

چوارشەممە: ١٩-١٢-١٩٩٠

ڕۆژانی سێ شەممان و چوارشەممان بەیانیان دەچوومە دواناوەندی (بناری کچان) کە لەسەر شەقامی شەست مەتری بوو، ماوەیەک ناوەکەی کرا بە دواناوەندی (عەدنان خەیروللا)، ئەم ناوە دەکاتە ژنبرای صەدام حسێن کە بەڕوداوی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتەر گیانی لەدەستدا و بەشێکی زۆری بۆچون و بەڵگەکان باس لەوە دەکەن بەفەرمانی سەرۆک کۆماری ئەو کاتی عێراق خرابێتەخوارەوە!.

کە چوومە ئەوێ مامۆستایان هەر هەموویان وڕەیان بەردابوو، مامۆستا شەماڵ موفتی (حاجی شەماڵ)، کە لەبەغداوە هاتبوونەوە بۆ سلێمانی و وەک وانەبێژ وانەی ئینگلیزی دەوتەوە، بۆ بەرزکردنەوەی وڕەی مامۆستاکان بەهێمنییەکەی خۆی وتی: خوا کەریمە، قەد بڕواناکەم ئەم هەموو زەردو سوورە لەناوبچن، مامۆستا نەجات ڕەشید-یش وتی: بەخوا ١٨ ملیۆن کەس «مەبەست ژمارەی دانیشتوانی عێراق بوو لەو ساڵەدا» حوکمی ئیعدامیان دراوە و جێبەجێکردنی ماوە، مامۆستا ڕەئووف قەرەداخی-ش وتی: ئەی لەوە گەڕێن چۆن خۆمان بپارێزین؟ من وتم لەچی؟ مامۆستا فوئاد وتی لەچەکی کیمیایی و لە قەصف (بۆردومان)، من وتم: ئەڵێن ئەگەر کیمیایی بوو بچۆرە سەربان، مامۆستا نەجات وتی:

ئەی ئەگەر قەصف بوو؟ مامۆستا ڕەئوف وتی: بۆ ژێرزەمین، منیش وتم: ئەی ئەگەر هەردووکیان بوو پێکەوە؟ فوئاد بەشۆخییەوە وتی: لەسەرەوە ڕاکە بۆ خوارەوەو لەخوارەوە بۆ سەرەوە.

چەند ڕۆژێک دواتر زۆرینەی باسەکانی ناو مەجلیسەکان لە باسی تەڕکردنی بەتانی و هەڵواسینی بە دەرگا و پەنجەرەدا چڕبونەوە، ئەمەش بۆ گێڕانەوەی یان کەمکردنەوەی مەترسی وەشاندنی کیمیایی، یاخود هەندێک مال لەزگە و تێپیان دەدا لە پەنجەرەکان، بۆ ئەوەی کاتی بۆمباران بەهۆی تەقینەوەوە، یان بەهۆی دەنگی تەقینەوەکەوە ئەگەر شووشەکان شکان ئەوا پارچەی شووشە بەنێو مالدا بڵاو نەبێتەوەو بریندارى لێ نەکەوێتەوە.

بارودۆخێک بو ڕەنگە بە نوسین وەسف نەکرێت، بەڵام پڕ لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بو، چارەنوسی خەڵکی عێراق نادیاربوو، هیچ زانیارییەک نەبوو لەبارەی ئەوەی چی ڕوودەدات ئەگەر جەنگ هەڵگیرسێت!

شەممە: (٢٢-١٢-١٩٩٠)

لە «ئامادەیی ئەزمەڕی کوڕان» پاش تەواو بوونی وانە وتنەوە، قوتابییەک پرسی:

– مامۆستا ئەگەر کیمیایی بوو چی بکەین؟ وتم:– خەڵوز و خوێ بەکاربهێنە.

- باشە مامۆستا چۆن خەڵووز وخوێ بەکاربهێنم؟

خوێندکارێک وەڵامی دایەوە:

- خەڵوزەکە ورد بکە و لەگەڵ خوێ تێکەڵاوی بکە.

- ئەی دواتر؟

- چوار قات لەسەر یەک دابنێ و بیدوروو.

منیش بەسەرهاتێکم لەو بارەوە بۆ قوتابیەکان گێڕایەوە: «برادەرێک ئەم خوێ و خەڵووزەی دروست کردوە، ئەوەندە ئەستوور بووە نەیتوانیوە هەناسەبدات، هاواری کردووە: ناتوانم هەناسە بدەم پێیان وتووە لەلای لووتەوە پەڕۆکە لابدە و هەناسە بدە»، قوتابیەک وتی:

- جا ئەو کاتە کیمیاییەکە دەیخنکێنێ. یەکێکی تر وتی:

- واش نەبێت هەر خنکاوە.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ نیوەڕۆکەی کە هاتمەوە قوتابخانە ویستم بچمە ژووری بەڕێوەبەر، کارگوزارەکە وتی: مامۆستا جەمال میوانی هەیە، منیش چوومە ژووری مامۆستایان، پاش کەمێک کە هەموو مامۆستاکان ئامادەبوون مامۆستا جەمال بانگی کردین، کە چووینە ژوورەوە سێ لە ئەندامانی «منەزەمە» لەوێ بوون، منەزەمە وەک بنکەیەکی ئەمنی ڕژێمی بەعس وابو کە لە شارەکاندا هەبون،

کورت و پوخت وتیان «دەبێت هەموو مامۆستا و فەرمانبەر و قوتابیەکان هاوبەشبن لە هێزی بەرگری بۆ ئەوەی لەکاتی هەر ڕووداوێکدا چەک وەربگرن و بەرگری بکەن».

یەک لەمامۆستایان وتی: من «شەوکوێر»م، بەشەو هیچ نابینم، یەکێکی تر وتی: من نەخۆشی دڵم هەیە، هەر یەکەو بیانوویەکی دۆزییەوە، بەڵام کابرای منەزەمە کە دیاربوو بۆ لە خۆدوورخستنەوەی بەرپرسیارێتی لەخۆی هاتبوو، بەعەرەبی وتی: «هەمووتان دەبێت ناو بنووسن، بەڵام دڵنیابن کە حیزب یەک پارچە چەکتان ناداتێ»، وەک ئەوەی بڵێی حیزب بڕواو متمانەی بەکەستان نیە، هەموو مامۆستاکان و قوتابیەکان بە لیست ناومان نوسی (تطوع)مان کرد و لەو بەڵایە ڕزگارمان بوو.

مەبەست لەم کارەی حزبی بەعس جگە لەئامانجە سیاسییەکەی، بۆ ئەوەبو ئەگەر جەنگ هەڵگیرساو شەڕی کۆڵان بەکۆڵانی تێکەوت، میللەت هەمووی وەک یەک هاوشانی سوپا و هێزە ئەمنییەکان بەرگری بکات، کە ئەمەش لە شارو ناوچە کوردییەکاندا خەونێک بو، بەتایبەت شاری سلێمانی، چونکە هەرگیز ئەم شارە چۆکی بۆ هیچ ڕژێمێک نەداوە نەک ڕژێمی بەعس، هیچ دەسەڵاتێکیش نەیتوانیوە ئیرادەی میللەتی کورد بکاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

شەوانی یەک شەممە و دووشەممە: (١٣ و ١٤/١-١٩٩١)

بەشێوەیەکی گشتی هەواڵەکان لە باسی هەوڵەکانی کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چڕبوبونەوە بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق و کشانەوەی لەکوێت، هەر بۆ ئەو مەبەستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت فەرەنسا، وڵاتە عەرەبیەکان، یەکێتی سۆڤییەت، یابان، هندستان و پاکستان و چەندین وڵاتی تر هەوڵیان داو نوێنەر و کەسایەتییان بەتایبەتی سەردانی «صەدام حسێن سەرۆک کۆماری عێراق» یان کرد تاکو پەشیمانی بکەنەوەو هێزەکانی لە کوێت بکشێنێتەوە.

تەلەفزیۆنی عێراق وتارێکی صدام حسێنی پەخش کرد کە تێیدا پەیامێکی بۆ سوپا و هێزەکانی عێراق لەکوێت ناردو وتی: «ئەگەر بەناوی منەوە فەرمانتان بۆ هات بۆ کشانەوە لە کوێت، ئەوە من نیم و لە خووڕەوشت و نەریت و بیروباوەڕی من نیە پەشیمان ببمەوە لەو بڕیارەی کە داومە، چونکە ئەمە مافی گەلی عێراقە، کوێت پارێزگای نۆزدەیەمینی عێراقە».

شەوی چوار شەممە لەسەر پێنجشەممە (١٦/١٧-١-١٩٩١)

سەعات دووی بەرەبەیان بۆردومانی بەغدا و بەصرە و پاش ئەوانیش شارەکانی کەرکوک و ناصریە و موصڵ و عەمارە دەستی پێکرد،

بۆردومانەکە زیاتر وێستگەکانی کارەباو ئاو و فڕۆکەخانەکان و کارگەکانی «تصنیع عەسکەری» کە تایبەت بون بەدروستکردنی چەک و کەلوپەلی سەربازی، گرتەوە، چەکە دژە ئاسمانییەکانی عێراق دەستەوەستان بون، چەندینجار فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەسەر شاری سلێمانی دا گوزەریان دەکرد.

تۆپباران و بۆمباران تا شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە (١٦/١٧-٢-١٩٩١) بەردەوام بوو، دواتر هێرشی زەمینی دەستی پێکرد، بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ، لەماوەی (٣٦) سەعاتدا سوپای عێراقی هێزی خۆی لەدەست دا، پەیوەندی سەربازی پچڕا، هێزە عێراقیەکان تەواو شپرزە بوبون، زۆر سەربازی کورد کە لە بەرەکانی جەنگدابوون کۆژران، لەو ماوەیەدا وەک هەندێ سەرباز کە ڕزگاریان بوبوو دەیانگوت بۆمبارانەکە ئەوەندە چڕو زۆر بوو کە نەمانتوانیوە لە حەشارگەکان بێینە دەرەوە.

ئەو سەربازانەی کە ڕزگاریان بووبوو، بەپێ یان بەئۆتۆمبێل بەرەو ناوچەکانی خۆمان دەهاتنەوە، تەنانەت هەندێکیان بۆ گەڕانەوە چووبوونە ناو خاکی ئێران و لەوێوە هاتبوونەوە.

سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا و بەریتانیا و میصر و سعودیە ئابڵوقەی حەرەس جمهوری (گاردی کۆماری)یان دابوو، کە

بەهێزترین و پڕچەکترین بەشی سوپای عێراق بوون. هەواڵەکان ڕایانگەیاند کە (١٧٥ هەزار) سەربازی عیراق بە دیل گیراون، لەگەڵ ٨٠ بۆ ١٠٠ هەزار کوژراو و بریندار، جگە لە زیانێکی زۆر کە بە ٢٠٠ ملیار دۆلار خەملێنرا، بۆ یەکەمجاربوو ئەم ژمارەیە ببیستین!.

ڕۆژانی پێنج شەممە (١٧-١-١٩٩١) تا چوارشەممە (٢٧-٢-١٩٩١)

سەرەتا لە قوتابخانەی ناوەندیی گۆیژە و ماوەیەک لەدواناوەندی ژینی کچان و دواتر لەمەڵبەندی بنار وەک هێزی بەرگری میللی (الجیش الشعبی)، هەموو مامۆستایانی قوتابخانەکانی گەڕەکەکانی گۆیژە و ئیبراهیم پاشاو تووی مەلیک، دەواممان دەکرد.

ئەم دەوامە نە سەربازی بوو، نە بەرگری شارستانی بوو، بەیانیان دەچووین تاوەکو نیوەڕۆ چەند جارێکی کەم شەوانیش دەیانهێنایەوە بۆ دەوام، (مەبەست لەو دەوامە دروستکردنی هێزی بەرگری میللی حکومەتی بەعس بو کە لەسلێمانی پێکی هێنابوو)، مەبەست لە پێکهێنانی ئەو هێزەش زیاتر سیاسی بو وەک لەوەی بەرگری و سەربازی بێت، چونکە لەو قوتابخانەیەی ئێمە کە نزیکەی (٢٠) مامۆستاو فەرمانبەر بووین، تەنها یەک کەس بەعسی بوو.

ناوی ئەو مامۆستایانەی پێکەوە دەوامەان دەکرد: (جەمال حەسەن فەرەج بەڕێوەبەر، ئەحمەد قەرەداخی یاریدەدەر، جەوهەر عەبدوڵا یاریدەدەر، شەهاب رەمزی مەلا مارف مامۆستای کوردی و بەرپرسی کتێبخانەی قوتابخانە، عەلی محەمەد شەریف مامۆستای کیمیا، ڕەئوف جەلال قەرەداخی مامۆستای زیندەوەرزانی، فەوزی ڕەمزی مەلا مارف و جەمال محەمەد ئەمین مامۆستایانی فیزیا، هۆشیار مستەفا خاڵ مامۆستای مێژوو، عومران ئەحمەد بابی و جەمال حەسەن فەرەج و سەلاح عومەر مامۆستایانی عەرەبی، نجاة عثمان رشید، فوئاد مەجید عەلی مامۆستای بیرکاری، بەکر عوسمان و تاریق مامۆستایانی ئینگلیزی، ماجید ساحێبقران مامۆستای کوردی، لەگەڵ بەندە (بەهجەت عەبدولکەریم مامۆستای ئابووری) و هتد... ئەمانە هیچمان پەیوەندیمان بەحیزبی بەعسەوە نەبوو، ڕۆژانە کۆدەکراینەوە و تەنها (چەپ ڕاست)مان پێ دەکرا. واتە «یس یم» ئەمیش بەواتای یەسار و یەمین لە زمانی عەرەبیدا «چەپ و ڕاست»، مەبەست لەوەش ڕێکردنی شێوە سەربازییە، کە بریتیە لە بردنە پێشەوەی قاچی چەپ و دەستی ڕاست بەیەکەوە و قاچی ڕاست و دەستی چەپیش بەیەکەوە.

چەند شەوێک کراینە ناو ئۆتۆمبێلی سەربازی (زیل یان ئیڤا)، بەناو شاری سلێمانی دا دەگەڕاین،

مەبەستەکە تەنها بۆ پیشاندانی هێزی حکومەت بوو، هەندێک لەوانەی کە بەچەکەوە یاوەرییان دەکردین پۆلیس بوون، کە قوتابی قوتابخانەی ئێواران بوون و من وەک وانەبێژ چەند ساڵێک لەوێ مامۆستابووم، ئەم گەشتە شەوانەیە زیاتر بەشەقامەکانی ئیبراهیم پاشا و تووی مەلیک و سی مەتری دا بوو.

ئەم شەوانە- ئەو بیرەوەرییەی وەبیرهێنامەوە کە لە مانگی (١٠ ی ساڵی ١٩٨٥) لەسلێمانی، شەوێک بە بڵندگۆی هێلیکۆپتەر لە ئاسمانەوە ئاگاداری دانیشتوانی شارەکە کرا کە سبەینێ مەنعی تەجەولە (قەدەغەکردنی هاتووچۆ)یە و کەس لەماڵ نەیەتە دەرەوە، بۆ بەیانییەکەی ئێمە ماڵمان لە سەهۆڵەکەبوو، لەبەردەم کارگەی سەهۆڵەکە پاسێک وەستاو کۆمەڵێک چەکدار بە بەرگی (جەیش شەعبی)یەوە دابەزین، دیار بوو نەشارەزا بوون، من چوومە نزیکیان چونکە تەنها من باری خزمەتی سەربازیم سەلامەت بوو و مامۆستابووم، کە چوومە لایانەوە زانیم کە فەرمانبەرو مامۆستان و لە دهۆکەوە بۆ پشکنین هێناون، وتم نانی بەیانیتان نەخواردووە، وا چا و بەرچاییتان بۆ ئامادە دەکەین، هێلکەو پەنیرو نان و ئەوەی کە بەرچایی بوو ئامادەم کرد و بۆ دەربڕینی نیازپاکیمان پێشکەشمان کردن، بەشێک لەم چەکدارانە هاتنە حەوشەکەمان نانیان خوارد، لەکاتێکدا براکانم (ئازاد، ئارام، ئاکۆ

و بەهادینی زاوامان) کە هەموویان کێشەی خزمەتی سەربازییان هەبوو لە ماڵەوە بوون!، هەرچەند وتم وەرنە ژووروەوە پشکنین بکەن، بەڵام وتیان ئێمە بە ڕەفتارتان بۆمان دەرکەوت کە کەسی خراپ نین، پێش ئەوەی کە سواری پاسەکە ببن یەکێکیان زانی مامۆستام هاتە لامەوە و وتی: ئێمەش مامۆستا و فەرمانبەرین، بەڵام بەناچاری و بەزۆر هێنراوین و ئەم کارە دەکەین.

ڕۆژی پێنج شەممە (٢٨-٢-١٩٩١) و ڕۆژی شەممە (٢-٣-١٩٩١) نەڕۆیشتم بۆ دەوامی بەناو هێزی بەرگری میللی، کە ڕۆژی یەکشەممە (٣-٣-١٩٩١) ڕۆیشتم وتیان تا ڕۆژی سێ شەممە (٥-٣-١٩٩١) مەیەنەوە، دیاربو لە ڕویان نەدەهات پێمان بڵێن ئیتر مەیەنەوە.

ڕۆژی سێ شەممە نەچوومەوە، بەڵام بەرەو بازاڕ چووم، دەنگوباسی بازاڕ بەو شێوەیەبو کە ڕۆژی شەممە (٩-٣-١٩٩١) لە قوتابخانە دەوامی ئاسایی دەستپێدەکاتەوە، (مەبەست دەوامی ئاسایی مامۆستایان لە قوتابخانەکانیان)، ئێوارەکەی جارێکی تر چوومەوە بازاڕ، دەنگوباسی بازاڕ گۆڕابو و دەوترا بارودۆخ تەواو نیە، بەرەو قڵیشانەوە دەچێت، بڕیاروایە ڕۆژی (٧-٣-١٩٩١) خۆپیشاندان بێت.

ڕۆژی چوارشەممە (٦-٣-١٩٩١)، پاشنیوەڕۆ سەعات (٤) ویستم بچم بۆ بازاڕ، هەواڵ هەبوو

که ڕانیە و چوارقوڕنەو حاجیاوا ڕزگار کراون، چوومە بەر مەوقفی پاسەکە، کزە بایەکی بێ ئەندازە ساردی هەبوو، لەم مانگەدا سەرمای بەو شێوەیە کەم هەبوە، منیش لە شەقامی مەولەوی لەو جێگایەی پێی دەڵێن «بەریدەکە» دابەزیم، «حەمەی مارف»م بینی کە لە بازاڕ دەهاتەوە، بۆم دەرکەوت کە بارودۆخ تەواو نیە، وتی: زۆربەی دوکانەکانی بازاڕی زێوەر قوماشەکانیان بەعەرەبانە دەبەنەوە بۆماڵەوە، بەتایبەتی ئەو دوکانانەی کە قوماشی پیاوان دەفرۆشن، لەترسی تاڵانی. ئیتر بە پێ بەرەو ماڵەوە گەڕاینەوە، بە بەردەم باخی گشتیدا ڕۆیشتین، مودەرِەعەیەک (زرێپۆش) لەبەردەم حەسیب سالِح (سلێمانی پاڵاس)ی ئێستادا وەستابوو، لەکۆڵانەکەی نێوان (باخی گشتی) و مونەزەمە کە ئێستا (لقی چواری پارتی دیموکراتە) زرێپۆشێکی تر و لۆرییەکی سووری لێبوو کە دۆشکەی لەسەر دامەزرابوو، نەیان دەهێشت بە بەردەم مونەزەمەدا کەس بڕوات، خەڵک بەسەر جادەکەدا دەڕۆیشتن.

لە بەردەم بینای ئەمنەکە، نەک ئەمنە سورەکە، ئەو بینایەی کە (ماوەیەک دوای ڕاپەڕین بوو بە بارەگای بەرەی کوردستانی و دواتر ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی و ماوەیەک شارەوانی و ئێستاش چالاکی هونەری سەر بە

پـەروەردەی سلێمانی تێدایە)، لەژێر دارەکانی دا چوار بۆ پێنج ئۆتۆمبێلی «سۆپەر و لاندکرۆزەر»ی لێبوو کە ژمارەیەک چەکداری (جـاش و طـواری) ـی کـورد لـە دەوری وەسـتـابـوون، لـەو کـاتـەدا هێلیکۆپتەرێک بەسەر ناوچەکەدا دەهات و دەچوو، وەک باسم کرد کەشوهەوایەکی ئێجگار ساردی هەبوو، هەستم کرد کە بارودۆخەکە زۆر نالەبارە و سبەینێ دەقـەومـێ، لـەبـەرئـەوە خێرا هاتمەوە ماڵەوە و لەگەڵ ئازادی برام بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەو کە «فیات»ێکی سی ئێل ژمـارە (١٩١٤) سلێمانی بوو، چووین نانەکەمان هێنایەوە (ژنێک ئەو نانەی بۆ دەکردین لە خانوویەکی داڕووخاوی کۆندابوو لە گەراجی سەعید تەها کۆیی، وابزانم خەڵکی گەرمیان بوو، مێردی نەبوو، شوێنی ئەو خانووە بووە بە بازاڕ بەرامبەر حاجی رەئوفی ماست فرۆش).

کە نانەکەمان هێنا و هاتینەوە، ئێوارە سەعات (٦) بوو ئۆتۆمبێلێکی نەجدە (پۆلیسی فریاکەوتن) بڵاویکردەوە کە هاتووچۆکردن تا کاتێکی دیاری نەکراو قەدەغەیە، منیش ئۆتۆمبێلەکەم (فیاتێکی جی ئیلی ١٣٢ ژمارە ٦٠٤١ سلێمانی بوو)، بردە ئەودیو بەردەرگای ماڵی باوکم، چونکە ئەو خانووەی کە منی تێدابووم ڕووەو شەقامی سالم بوو و دڵنیابووم هەر شتێک بقەومێت، سەیارەکەم بەردەکەوێت..

ڕاپەڕینی یەکەم - سلێمانی

پێنج شەممە (٧-٣-١٩٩١)

بەیانی سەعات (٧) هەستام، تاکە تاکە خەڵک بەدەرەوە بوو، لەپاش ماوەیەک وردە وردە دەستڕێژ (تەقەکردن بە ڕێژەیەکی زۆر) دەستی پێکرد، بەڵام زیاتر لە گەڕەکەکانی سەرەوە و حامیە (پارکی ئازادی ئێستا) بوو، سەعات (١:٣٠ ی پاشنیوەڕۆ) دەرگای حەوشەم کردەوە، دوو کوڕ کە یەکێکیان لەژێر قەمصەڵەکەیەوە چەکی پێبوو، لەسەر سووچەکەی بەردەم دوکانی کاک صالحی دارتاش وەستابوون، سەلامیان کرد و دواتر گەڕانەوە.

تا بەرەو ئێوارە دەڕۆیشتین تەقەو دەنگی تەقینەوەی گەورە (دیارە ئەو دەنگانە دەنگی چەکی ئار پی جی بووە کە ئەوەندە نزیک بوو ئێمە بە گوللە تۆپ تێگەیشتبووین)، زۆرتر دەبوو بە ڕادەیەک کە نەمتوانی بچمە ئەودیو (ماڵی باوکم)، دەستڕێژەکان زۆربون چەندین گوللە بەر سەربان و ئەو دەوروبەرە دەکەوتن.

شەوەکەی (٧/٨-٣-١٩٩١) دەستڕێژەکان زۆرتردەبوون، سەعات (١٠:٣٠)ـی شەو، چوومە هۆڵەکە بۆ ئەوەی مەمکەمژەکە بۆ کچەکەم «بیزا» بهێنم، نالەیەکی زۆر گەورە هات، شووشەی هۆڵەکە کە لەسەر کۆڵان بوو، هاڕەی کرد، جیڕەی سەقفی ژوورەکە دەهات، خێرا هاتمە ژووری نووستنەکە، خێزانەکەم زۆر دەترسا، لەسووچی ژووری نووستنەکە لەگەڵ کوڕەکەم «بژێو» نوستن چونکە ئەو جێگەیە سەلامەتتربو، تەقەش هەر بەردەوامە و هەرچۆنێک بوو کەرۆیشکە خەوێکم کرد.

هەینی (٨-٣-١٩٩١)

بەیانی کە هەستاین خێزانەکەم «ڕزگار» زۆر دەترسا، زۆری کرد کە بچینە ئەودیو بۆ ماڵی باوکم، دواتر باوکم هات «بژێو»ی کردە باوەش و لەگەڵیا چووینە ئەودیو، سەری سووچەکە چەند کوڕێکی گەنجی لێبوو کە پێشنمەرگەبوون، یەکێکیان

وتی:- بریندارتان هەیە؟ وتم نەخێر، وتی: خێراکەن تێپەڕن چونکە لە ئەمنە سوورەکەوە بە «قەناص» تەقە دەکەن.

سەیرم کرد گوللەیەک لە شەودا بەر سووچی دەرگاکەی ئێمە کەوتووە، ئەو شوێنەی کە سەیارەکیەم لێ دادەنا، هەموو شووشەکانی ماڵی کامەرانی دراوسێمان بە گوللە شکاوە، کە چووینە ئەودیو نانی بەیانیمان خوارد، تەقەش هەر بەردەوامە، چووینە سەرەوە سەیرمان کرد چەند چەکدارێک دەچنە ماڵی «محافظ» پارێزگاری ئەو کاتی سلێمانی، سەعات (٩:١٥ خولەک) خەڵکی ئەو دەوروبەرە زیاتر گەڕەکەکانی (شێخ محێدین و ئابڵاخ) چونکە ئەو دوو کۆڵانەی گەڕەکی ئێمە کەسی وای تێدا نەبوو کە بە دووی تاڵانیدا بڕوات، هەموو هێرشیان بردەسەر ماڵی «محافظ» (کە بەسەر گردەکەوە بوو لەسەر شەقامی سالم و چواردەوری بە درەختی سنەوبەر گیرابو)، شتی ماڵەکەیان هێنایە دەرەوە، شەکرو برنج و ڕۆن و چەندەها شتی تریان دەرهێنا، وێنەکەی صەدام حسێن بە فولکەکەوەبو سووتێنرا.

لەملاشەوە، پیاوێک دوو کارتۆنی پێبوو، دەیویست کە لە شەقامەکەی تەنیشت دوکانەکانی مستەفا کونجرینی (سەهۆڵەکە) بپەڕێتەوە، من و ئازادی برام وامان دەزانی فیشەک بۆ پێش مەرگە

دەگوێزێتەوە، دواتر دەرکەوت دوو کارتۆن جگەرەیە و لە ئەمباری کارگەی جگەرەی سلێمانی کە لەپشت حەسیب صالح (سلێمانی پالاس)ی ئێستا بوو، تالانی کردووە، لەترسی گوللەی ئەمنە سوورەکە چاوە چاوێتی تاوەکو بپەڕێتەوە.

لەم کاتەدا «ئاوات»ی پوورزام لەگەڵ حەمەی مەلا فەرەجی واژە هاتبوون بۆ هەواڵی «ئاکۆ»ی برام، چونکە خەستەخانەی عەسکەری وێران کرابوو! ئاکۆش سەرباز بوو لەو شوێنە، کە ئەوان ڕۆیشتن پیاوێک لەلای مالّی «محافظ»ەوە هات پالّتۆیەکی شینی لەبەردابوو، وتم: حاجی چی لە مالّی «محافظ» ماوە؟ وەلامی دامەوە: بەسەری تۆ «بێڵ»یکی لێ مابوو، بەدەست منەوەبو ئەویشیان لێ سەندم.

پاش ئەوە سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ، ئیسماعیل حاجی عەلی برای «پیرۆزە»ی براژنم هات وتی: (١٤) تەرم کە هی عادلی شەبابی تیایە، لەبەردەم مونەزەمەی ئەنفال ڕیزکراون و لاشەی عادل دوو پەنجا فلسی لەسەر ناوچەوان و چەناگەی بەدیوی شێر و خەت، دانراوە.

پەیتا پەیتا لەم جۆرە هەواڵانە دەهاتن، پێشمەرگە زۆر دەبوون، وادیاربوو کە تەنیا ئەمنە سوورەکە بەرگری دەکات، بە سەدان ئاڕ پی جی و گوللەیان پێوە دەنا، بەڵام ئەوانیش بەرگرییان دەکرد،

بەرگرییەکەشیان ڕەنگە بەهیوای هاوکاریی بوبن لە ڕژێمی بەعسەوە. «لەو ڕۆژانەدا زیاتر وشەی عەرەبی (مقاوەمە)، لەبری وشەی کوردی بەرگریی بەکاردەهات».

چەندین کەس سووچی دوکانەکانی مستەفا کونجرینی و ئەوبەریان گرتبوو (ئەو شەقامەی کە لەنێوان دوکانەکان و گردی عەلی ناجی بوو)، چاوەڕێی کەوتنی ئەو باستیلەیان دەکرد. «باستیل، ئەو زیندانە گەورە مێژوویییەیە کە لەشۆڕشی فەرەنسیدا (١٧٨٩) ڕوخێنرا، دەگوترێت هەرکەسێک چوبێتە ناوی، بە زیندوویی نەهاتۆتە دەرەوە».

سەعات (٤)ی عەسر، «سەڵاح»ی پورزام هات وتی: کەمال پشدەری (ئەمن) و کەمالی ئیجرام (مفەوەزی ئیجرام) و مفەوەز شەماڵ کوژراون، ئەو دوو ناوەی یەکەم و دووەم پێم وایە و زۆر کەسی تریش هەمان بۆچونیان هەبو کە شایانی کوشتن نەبوون، کەمال پشدەری کاتێک کە لە خۆپیشاندانەکەی (١٩٨٣) کۆمەڵێک لە کچانی شار دەستگیرکران، یەکێک لەوانە «ڕزگار»ی خێزانی یەکەمم بو، دەیوت کە کەمال پشدەری زۆر ئاگاداری ئێمە بووە و نەیهێشتووە عەرەبەکان نزیک هیچ یەکێک لە کچەکان ببنەوە، هەروەها کەمالی ئیجرام، خەڵکی سلێمانی بە کەسێکی شارەزا لەتاواندا ناسیویانە، دوورنیە کوشتنەکەی

دەستی ئەو کەسانەی تێدا نەبووبێت کە لەسەر تاوان دەستگیری کردون، هەرچەندە پاستەوخۆ و لەنزیکەوە کەسیانم نەناسیوە، بەڵام ئەو سەردەمە خەڵک ئەو قسانەی دەکرد، ئەڵبەت چەندین کەسی تریش لە ئەمنەکانی سلێمانی کوژران، هەروەها لە کارێزەوشک پێشمەرگەیەک و شەش کەس کوژران.

سەعات (٤:٣٠ خولەک)ی عەسر، «ئاوات»ی وەستا مەحمودی نالّبەند، کە لە ڕووداوی دەرمانخواردنەکەی ئاوەژێ لەگەڵ مستەفا چاوڕەش بەرکەوت، دواتر لە تاران چارەسەری بۆ کرا، هاتەوە وتی: «مدیری ئەمن» و جێگرەکەی کوژراون و ئیعترافیان کردووە کە ژەهریان کردۆتە ئاوی خواردنەوەی سلێمانی.

لێدان و دەستڕێژی گوللە بۆسەر ئەمنەکەش هەر بەردەوامە، لە نیوەڕۆوە هەر خەڵک دەهاتن دەیانگوت «گیراوە، نەگیراوە»، لە سەعات (٤:٤٥ خولەک) بەدواوە گوللە ئاڕ پی جی و هاوەن بەر ناو ئەمنەکە دەکەوتن، گرو دووکەڵی لێ هەڵدەستا، سەعات (٦)ی ڕۆژی هەینی (٨-٣-١٩٩١) دوا «باستیل»ی سلێمانی ڕووخاو کەوتە دەست میللەت.ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان ی یەکێتی نیشتمانی، هەر لە بەیانییەوە هەواڵەکانی ڕزگارکردنی سلێمانی بە گەڕەکەکان و دام و دەزگاکانی میریشەوە بڵاو دەکردەوە، بەم جۆرە: سەعات (٩ی شەو) ئەم شوێنانە ڕزگار

کرابوون و بەدەست هێزی پێشمەرگەوەبون (لە ڕانیەوە بۆ چوارقورنە، حاجیاوا، دوکان، سووسێ، سلێمانی، عەربەت، دەربەندیخان)..

ڕۆژی شەممە (٩-٣-١٩٩١)

بەیانی هەستاین ڕیشم تاشی، نمە نمە باران دەباری، کامەرانی سەید قادری دراوسێمان هات و وتی: ئەمنەکە هەر مقاوەمە دەکەن و دەرگاکان یان بۆمب یان تەقەمەنیی پێوەیە و بەکردنەوەیان دەتەقنەوە، پێشمەرگە چۆتە ناو ساحەکەیەوە، بەڵام ڕێگای چوونە ژوورەوە بۆ ژێرزەمینەکانی نادیارە.

دەبەیەک بەنزینم کردە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە، (پێش ئەم ڕۆژانە دوو دەبە بەنزینمان لەژێرخانی ماڵی باوکم دانابوو، چونکە سلێمانی زۆر کات تووشی قەیرانی بەنزین دەهات)، لەگەڵ خێزانم و منداڵەکان چووین بۆلای ماڵی گوڵزارخانی خوشکی خێزانم، کە ماڵەکەیان لە تەنیشت بینای ئەمنەکە بوو، لە کۆڵانەکەی نێوان ماڵی ئەحەی کەریمە گێلی ئابڵاخی و ژوری بازرگانی. «بەداوای لێبووردنەوە کە ئەو نازناوە بەکاردێنم تەنها بۆ ناسینەوەیە، ئەم پیاوە کەسێکی خۆشەویست و بەڕێزبووە، نەک تەنها لای من، بەڵکو لەلای هەموو ئەو کەسانەی کە ناسیویانە، کەریمی کوڕی یەکێک بوو لە هاوڕێ خۆشەویستەکانی سەردەمی منداڵیم».

لەو نزیکانە چەند تەرمێک کەوتبوون، کە گەیشتمە بەرامبەر ئەمنەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، ڕێگا نەبوو، ژن و پیاو، منداڵ و گەنج لەگەڵ پێشمەرگە تێکەڵاو بوبوون، لاشەیەک لەسەر ڕێگاکە کەوتبوو، جگە لەوە چەندین لاشە لەملاو ئەولادا فڕێ درابوون، ڕێگە نەبوو، ناچار بەلای ماڵی قادری حاجی سالحی زەریفیدا بەرامبەر مزگەوتی عەلی ناجی وێستم سەرکەوم، تووشی گوڵزار خانی ژنخوشکم و منداڵەکانی «ڤینۆس و زاگرۆس و ماردین» بووین، وتیان کە پێش ڕووداوەکان لەماڵ چونەتە دەرەوە، بە شێوە هاوارێکەوە وتیان:- تاڵان کراوین، هیچمان نەماوە، ماڵەکەمان پڕبووە لە لاشەی عەسکەرو ئەمنی کوژراو، نزیکەی پەنجا لاشەی تێدایەو لە ژوورەکان هەڵچنراون.

بەلای گەڕەکی ئاشتی دا چووین بۆ ماڵی باپیرم لەسەر شەقامی پیرەمێرد، بەردەم عیادە شەعبیەکە کە دەکەوتە سەرو ماڵی باپیرم، پێشمەرگەی لێبوو، وتیان یەکێک جلی پۆلیسی لەبەرکردووە و تەقە لەخەڵک دەکات و بەم کۆڵانەدا هەڵاتوە، ئێستا پێشمەرگە بەدوایدا دەگەڕێن و ئەم کۆڵانانەیان لێ گرتووە.

سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ بوو، هاتمەخوارەوە لەلای بەردەرکی سەرا لەبەردەم بانکەکە (بانکی ڕافدەین)، دوو ئۆتۆمبێل بەتەواوی سووتابوون،

پێشمەرگەی لێبوو، چەند ئۆتۆمبێلێکیش لەناو سەرادا سووتابوون، لەبەردەرکی سەرا لاندرۆفەرێک سووتابوو، خەڵکەکە کۆبوبونەوە، کە دابەزیم (٤) لاشە بە چواردەوری فولکەکەدا دانرابوون، یەکێکیان سەری بڕابوو، جلی کوردی لەبەردابوو وتیان ئەمە کەمال پشدەری یە، ئەوانی تر وتیان ملازم عەلی و ملازم عەلاء و مفەوەز شەماڵ-ن.

بەشەقامی کاوەدا بۆ سەرشەقام بەرەوخوار بوومەوە، دوکانەکان داخرابون و دنیا خامۆش.. تەنها لەکۆتایی بازاڕی نەورۆز نزیک شەقامەکە چەند میوەفرۆشێک کرابوونەوە، لەلای ماڵی کاک عەزیز سالح خوار حەسیب سالح وەستام، ڕەسمەکەی صەدام لەبەردەم محافظە هەرمابوو، خەڵکەکە کۆبوبوونەوە و دەیانویست دایگرن و بیسووتێنن.

بە شەقامی حەمدی دا هاتمەوە نادی معلمین (یانەی مامۆستایان) سووتابوو، لەلای فولکەی نادی معلمین ژنێک و دوو کوڕ دەستیان ڕاگرت لەگەڵم سەرکەوتن، وتیان لە نەخۆشخانەبووین، کوژراو و بریندار زۆرە، ئێمەش خوشکەکەمان پارچەی بەرکەوتووە و قاچی بڕدراوەتەوە، کە هاتینە ماڵەوە باران هەر دەباری، سەعات (٤)ی عەسر دەنگ بڵاو بووەوە کە دوو ئۆتۆمبێل (بەرازیلییەکی سپی و لاندکرۆزەرێک) تەقە لەخەڵک دەکەن.

ئێواره تەقە دەستی پێکرد، سەرەتا وام هەست کرد کە مقاوەمە (بەرگری)ی تر ماوە، بەڵام پاش کەمێک تەقەکان شێوەی تەقەی خۆشی وەرگرت، (تەقە لە دوای تەقە بە ماوەیەکی کەم)، سەعات (٦:٤٥)ی ئێواره ئازادی برام بە سێ هەواڵی نوێوە هات: ١- جەیمس بیکەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا وتویەتی کە ئێمە دژی بەکارهێنانی گازی کیمیایین بەرامبەر گەلی ڕاپەڕیوی عێراق، ٢- «حەمە ئەمین عەبو جێگری محافظ» کوژراوەو سەری پان کراوەتەوە، ٣- لەلای مزگەوتی عەلی کەمال دوو قوتابخانە کراون بە (مەحکەمە و فیرقەی ئیعدام) واتە (دادگا و دەستەی لەسێدارەدان) کە بەعسیەکان دادگایی دەکەن پاش ئەوەی کە حوکمی ئیعدامیان بۆ دەردەکەن، فیرقەی ئیعدام گوللەبارانیان دەکەن.

نەسرین خانی دراوسێشمان وتی: لە سلێمانی ژنێک «ئەمن»ێکی بە قەمە کوشتووە، چونکە (٣) برای بە گرت داوە.

سەعات (١١:١٠ خولەکی شەو) لە ڕادیۆی «مۆنتیکارلۆ»وە هەواڵی ڕزگارکردنی سلێمانی بڵاوکرایەوە.

ڕۆژی یەک شەممە (١٠-٣-١٩٩١)

بەیانی هەستام کزەبایەکی ساردی دەهات، زۆر ساردبوو، گەرچی ئاسمان ساماڵ بوو، ڕادیۆی

(دەنگی گەلی کوردستان - ئێزگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بڵاوکردەوە: کەلار، کفری، چەمچەماڵ لەگەڵ کۆیە، ڕزگارکراون، هەروەها بانگەوازێکی بۆ فەیلەقی پێنج لە هەولێر دەرکرد بۆ ئەوەی بەرگری لە ڕژێمی بەعس نەکەن.

عەسر لەگەڵ ماموستا فازڵ چووین بۆ لای (حەمەی مارف)، بۆ لای ئەمنەکە، لاشەکانی سەرشەقامەکەیان پاک کردبووەوە، کە چووینە بەر دەرگای کۆڵانەکە چەندین لاشە لەو ڕێگایە کەوتبوون وتیان ئەمە یەکێکیان مەسئولی دەزگای حزبی «حطین»ە، سەرو چاویان پان کرابووەوە، پاش ئەوە لەدەرگای سەرەکی ئەمنەکە کە دەرگایەکی گەورەبو چوینە ژوورەوە، چەند لاشەیەکی تر کەوتبوون، یەکێکیان حەمەئەمین عەبو جێگری پارێزگار «محافظ»بوو کە لەنزیک دەرگای سەرەکی کەوتبوو، هەروەها لاشەی «ئەسوەد» (بەرپرسێکی باڵای بەعس بوو لە سلێمانی) و کوڕەکەی و بەدەیان لاشەی تر کەوتبوون، جگە لەوە لەبەردەرگایەکی بچووکدا نزیکەی ٢٥ لاشە بەسەریەکدا کەوتبوون، کە زۆربەیان سوتابوون، لەهەموو لایەک ئۆتۆمبیلی سووتاو و کۆرۆلا و بەرازیلی و لاندکرۆز بڵاوبوونەوە، جگەلەوە پیکابێکی شۆفرلێتی دەبڵ کابینە کە دۆشکەی بەسەرەوەبوو سووتابوو، ویستم بچمە ژووری

بینا گەورەکەوە، لەوکاتەدا ژمارەیەک فایلی زۆریان دەرهێنا و خستیانە ناو تۆیۆتایەکی پیکابەوە.

گێڕانەوە و وەسفکردنی ئەو دیمەنانەی ناو ئەمنەکە ئەستەمە، هەستێکی سەیر خەیاڵی ئەو خەڵکەی داگیرکردبو، خەڵکەکە بە «ژن و پیاو و کوڕو کچی گەنجەوە» بەناو ئەو لاشانەدا دەگەڕان!، بەقێزەوە و بەچاوی تۆڵەوە سەیری ئەو لاشانەیان دەکردا.

سەرماکە تا دەهات زیاتر دەبوو، سەعات (٥:٣٠ خولەکی ئێوارە) دوو «حەفارە و شۆفڵێک» بۆ دۆزینەوەی ئەو ژێرزەمینە هێنران کە باسدەکرا، گوایە ژمارەیەک دیلی تێدایە و لەناو ئەمنەکەدایە و ڕێگای چوونەژورەوەی نادۆزرێتەوە، بەڵام دەوروبەری سەعات (٦)ی ئێوارە گەڕامەوە ماڵەوە، هیچ ئاشکرانەبوو.

کە هاتمە ماڵەوە، سەعات (٧ی ئێوارە)، ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بانگەوازی بۆ مەفرەزە خاصەکانی هەولێر بڵاوکردەوە کە دەست لە جەماوەری ڕاپەڕیو نەکەنەوە، بە پێچەوانەوە سزا دەدرێن و لێبوردن نایانگرێتەوە.

سەعات (١٠ی شەو) دەستڕێژێکی زۆر کرا، گوللە بەئاسماندا ڕیزی دەبەست، کە چوومە ئەودیو (ماڵی باوکم)، وتیان (٥٠ هەزار) سەرباز و چەکدار لە شەقڵاوە، ڕواندوز، خەلیفان، قەزای صدیق (سۆران) و حاجی ئۆمەران چوونەتە پاڵ شۆڕش.

هـەر ئـەو شـەوە، ڕادیـۆی مۆنتی کارلۆ باسی ڕزگـارکـردنـی کـوێـە و کـەلار و کـفری دووبـارە کـردەوە، هەروەها باسی ئەوەی کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لـە زاری (دان کۆیل، جێگری بۆشی باوک، سەرۆکی ئەمەریکا) عێراقی بەرپرسیارِکردووە ئەگەر گازی کیمیاوی بەرامبەر ڕاپەڕیوەکانی گەلی عێراق بەکاربهێنێت، لە ئەگەرێکی وەهادا ئەمەریکا بە هێزی ئاسمانی لە عێراق دەدات.

دووشەممە (١١-٣-١٩٩١)،

یادی بەیاننامەی ١١ی ئازار

ڕۆژی ١١ی ئـــازارە، بـــەڵام کـــەس یـادی بەیاننامەکەی ئـازاری ١٩٧٠ی لەبیر نیە، چونکە جگە لە مالّوێرانی هیچی بۆ کورد نەبوو، پێم خۆشە لەم ڕۆژەدا بگەڕێمەوە بۆ وەبیرهێنانەوە و هێنانە بەرباسی ڕۆژی (١١-٣-١٩٧٠) لەسلێمانی، کە چی ڕویدا و چیم بینی وەک خۆی بیگێڕمەوە:

لەو ڕۆژەدا و پاشنیوەڕۆکەی لەگەڵ (شێرکۆی عەبدوڵڵا دەرویش) چووین بۆ سینەمای سیروان، فیلمی (قاهر الاعداء) پەخشدەکرا، کە هاتینە دەرەوە سەعات (٦:٣٠ خولەک)ی ئێوارەبو زۆر سارد بوو، چووین لەلای دوکانی سامی کەسپەرەوە لەسەر شەقامی مەولەوی، بەرامبەر (قەسرەکەی تۆفیق قـەزاز) کە پیاوێکی مەسیحی بوو، نانێکی تجاریم

کڕی بە (١٥ فلس)، لەو کاتەدا دەستڕێژی گوللە دەستپێکرد، بەڵام تەقەیەکی ئێجگار زۆر، من و شێرکۆ سواری پاسێک بووین، تا دەهات تەقەکە زیاتر دەبوو، کە دابەزین سێ دەستڕێژی دورودرێژ کران، پاسەکە لەمزگەوتی گەورەوە بە کانێسکاندا دەهات تا فولکەی کانێسکان، دواتر دەهات بۆ فولکەی باخی گشتی و بەشەقامی سالم دا دەهاتە خوارەوە، ئەو ڕێگایەمان لێ نەدەبڕایەوە! کە گەیشتینە ماڵەوە هەر تەقەبوو، پاش ئەوە سەعات (٨ بۆ ٨:٣٠) تەقە وەستا.

لەو کاتەدا (ئەحمەد حەسەن بەکر) سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق بەیاننامەکەی (ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازار)ی خوێندەوە، دووبارە دەست کرایەوە بە تەقە، تاکاتی نووسینی ئەم یادگارە سەعات (١٠:٥٠)ـی شەو تەقەکردن هەر بەردەوام بوو، ئێمە لەبەرئەوەی هیچ کات دەمانچەو تفەنگ و ئەم شتانەمان نەبوو، من شەقم لەتەنەکەی تارمەکە دەدا وەکو تەقە دەنگی دەهات!.

کە بەیاننامەکەی خوێندەوە من هەرچەندە گەنج بوم بەڵام گاڵتەم پێی دەهات، چونکە بۆچونم وابو حکومەتی بەعس و چارەکردنی کێشەی کورد مەحاڵە، بزانین بۆ پاشەڕۆژ ئەم تڕەکەڵەکە سەردەگرێت!

بۆ سبەینێ ١٢-٣-١٩٧٠ لەبەردەم (ئۆتێل ئاشتی)ی ئێستا لە شەقامی سالم، بینیمان خەڵکێکی

زۆر کۆبوبونەوە، کە منداڵی زۆر تیابو و هوتافیان دەکێشا و دەیانوت: بژی کورد و کوردستان، مەلا مستەفای بارزان.

ئێمەش لەبەردەم باخی گشتیدا لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵ و گــەورەدا دەستمان کرد بە وتنەوەی دروشم و هاوارکردن، ئەوان ڕەسمێکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی مەلا مستەفایان پێ بوو، پاش ئەوە هاتینەوە بەردەرکی سەرا موکەبەرەیەکی بچووک بەسەر (ئۆتۆمبێلی) مسەلەحەیەکەوە بوو دەیوت سەعات (٢:٣٠)ـی پاشنیوەڕۆ لەبەردەم فولکەی خانەقا خۆپیشاندان هەیە و هەموتان لەوێ ئامادەبن، لەوکاتەدا (سەڵاح)ـی پــوورزام لە ستۆدیۆ ئەمەل (لەشەقامی بێکەس کە ئێستا شوێنەکەی بووە بە بازاڕی کاسۆ مۆڵ) وێنەیەکی مەلا مستەفای کڕی بە (٥٠ فلس).

دواتر لە بەردەرکی سەرا قەرەباڵغییەکی زۆر دروستبو، تەنانەت سەر بیناکەی «بازاڕی عەصری» و سەر بینای «متەصەرفیەت» پڕبوون لەخەڵک، لەسەر ئوتێلەکەی «نوری عەلی»یەوە «محافظ» وتارێکی پێشکەشکرد، پاش ئەوە هاتینەوە «بەر خانەقا» پێکابەکەی حیزب (باڵی مەکتەبی سیاسی، جەلالی) دەستی کرد بە تەقەکردن، پۆلیسەکانیش زۆر تەقەیان دەکرد، لەبەرخانەقا هەڵپەڕکێ گەرم بوو، دوو کوڕ بە نۆرە گۆرانییان دەوت.

بەشێک لە دروشم و هوتافەکان کە دەوترانەوە:

پارتین، پارتین، پارتی کوردستان... بۆ کورد بۆ کورد ئەبین بە قوربان

کەس نەڵێ کورد مردووە... مامۆستامان زیندووە

بـــژی پـــارتـــی دیـــمـــوکـــراتـــی کـــوردســـتـــان...

بەسەرۆکایەتی بارزانی... با بژی با بژی با بژی.

سەعات (٧:١٠ خولەک)ی ئێوارە چووین بۆ گەڕەکی شێخان، لەو دەوروبـەرە هەڵپەڕکێ گەرم بوو، ژن و پیاو ڕەشبەڵەکیان بەستبو، تاکو سەعات (١٠:٣٠ خولەک)ی شەو هەڵپەڕکێ بەردەوامبوو. (لێرەدا یادگاری ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کۆتایی دێت).

لە ١١ی ئازاری ١٩٩١، وەک هەموو ڕۆژانی تر، بەیانییەکەی هەستام ڕیشم تاشی و خۆم گۆڕی و چوومە دەرەوە، لەلای سەهۆڵەکە لە شەقامی سالم، کاک شیهاب ڕەمزی مەلا مارف و هاوڕێیەکیم بینی، بەرەو بازاڕ کەوتینەڕێ، بەردەم ئەمنەکەی بەرامبەر کارگەی جگەرەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، لەبەردەم بارەگای بەعس (لقی چـواری پارتی دیموکراتی ئێستا) ئەم لافیتەیە نووسرابوو:-

بەرەی نیشتمانی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان

لقی ٤

بەپاسەوانی بەردەرگاکەم وت: لەژێر چیمەنەکە، ژێرزەمینە، وتی ئەزانین و ئاگادارین هیچی لێ نیە، کە بەوێدا ڕۆیشتم ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە (٦-٣-١٩٩١)ـــم بیرکەوتەوە کە لەبازاڕ هاتمەوە چەکدارەکانی بەعس بەدەست ئیشارەتیان بۆ خەڵک دەکرد کە بەسەر شەقامەکەدا بڕۆن نەوەک بەسەر شۆستەکەدا.

چووینە بازاڕ، تاک تاکە دوکانی سەوزەو خورما فرۆشتنم دی کرابوونەوە، پاش ئەوە بە پاصەکە هاتمەوە کە گەیشتمە ماڵەوە وتیان هەولێر گیراوەو کەرکوک-یش بەری گەڕەکی شۆڕجە بەدەست پێشمەرگەوەیە.

نیوەڕۆ سەعات (١٢:٤٥ خولەک) ئۆتۆمبێلێکی «نەجدە» بەسەر شەقامی سەهۆڵەکەدا دەڕۆیشت و بە بڵندگۆ داوای لە خەڵکی سلێمانی دەکرد کە خوێن ببەخشن، یان لە نەخۆشخانە یان لە بنکەی سەربازی، منیش خێرا چووم خۆم گۆڕی و کەوتمەڕێ بۆ سەقافەی جەماهیری (هۆڵی ڕۆشنبیری)، لەوێ بنکەی سەربازی بوو، کە چوومە ژوورەوە چەند کەسێک بۆ خوێندان وەستابوون، ژنێک و کوڕێک و کچێک هاتبوون بۆ خوێن بەخشین، ژنەکە دەستی هەڵکرد ئاردو هەویری پێوەبوو، دیاربوو کە لەسەر نان کردن هاتبوو، زۆر زۆر بە وردە بەرزییەوە خوێنەکەی دەبەخشی، ئەم هەڵوێستە زۆر دڵخۆشی

کردم و سەردەمی بەعسی بیرخستمەوە کە داوای خوێنیان دەکردو خەڵک چەند بە نابەدڵی خوێنی دەدا، کە هاتینە دەرەوە بە پیکابێکی تۆیۆتا دوو عەرەبیان داگرت، دیاربوو کە ئەمن بوون، بردیانننە ژوورەوە.

ئێوارە سەعات (٤) لەگەڵ «نوری کاک ڕەحیم»ی دراوسێمان چوینە ئەمنە کۆنەکە کە دواتر کرا بە (شارەوانی)، ژێرزەمینێکی لێبوو کە بە (٢٥) پێپلیکانە دەچوویتە خوارەوە، زۆر تاریک بوو، لە ژێرەوە چەند ژوورێکی بچووک و ژوورێکی گەورەی تیابوو، هاتینە دەرەوە ژوورەکانی تر گەڕاین، بە هەزاران (فایلی ناونووسی) سالّی (١٩٨٧) بڵاوبوبونەوە، پاش ئەوە بە شەقامەکەی تەنیشتیدا سەرکەوتینە سەرەوە بۆ حانووتی عەسکەری (شوێنەکەی بووە بە بانکی هەرێم)، خەستەخانەی عەسکەری (شوێنەکەی کراوە بەشەقام و بەشێکی بە بالەخانە) تەنها دیوارەکانی مابوو، کە لە حانووتی عەسکەری بووین پیاوێک لای موەلیدەیەکی کارەباوە بوو دەیوت: کە ئەو خاوەنی مۆلیدەکەیە!.

لەوێوە هاتینەوە بۆ (ئەمنە سوورەکە)، دووبارە کەوتینەوە گەڕان، لە ژوورێکدا نزیکەی ١٣ لاشەی تیابوو کە سووتابوون، جگە لەمانە نزیکەی (١٥٠ بۆ ٢٠٠) لاشە لەناو ئەو بینایەدابوو، لەوێوە چووینە سەر گردەکەی مالّی «محافظ»، ئەوەی جێی سەرنج

بو ئەم جێگایانە (ئەمنەکۆنەکە، ئەمنە سورەکە، مالّی محافظ) بونەتە مۆزەخانە و ڕۆژانە بەهەزاران کەس بە ناویاندا دەگەڕێن.

شەو سەعات (١٠)، چەندین دەستڕێژی تەقە کرا کە لە تەقەی خۆشی دەچون، بەبۆچونی ئێمە کەرکوک ڕزگارکراوە، بەڵام خانەقین ڕزگارکرابوو.

ڕۆژی سێ شەممە (١٢-٣-١٩٩١)

بەیانی هەستام ڕیشم تاشی، لەگەڵ «بژێو»ی کوڕم، بەپێ بەرەو بازاڕ ڕۆیشتین، لە قوتابخانەی پیشەسازی «صناعەکە» دروشمێک هەڵواسرابوو کە نووسرابوو «بەرەی کوردستانی - کۆمیتەی هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی سلێمانی»، دواتریش بیستم کە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە (مدیر عامی تربیە) (حەکیم ئەنوەر مەولود) خۆی تەسلیم کردووە.

لەلای بینای «فرقە»وە بوین کە ئێستا بووە بە (تەلاری قەیوان)، نزیکەی (١١) ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا و لۆری کە پێشمەرگەی جامانە سووری بەسەرەوە بوو، دیار بوو سەر بە پارتی دیموکرات بوون، بەرەو کەرکوک دەکەوتنەڕێ، تا لای بینای حەسیب صالح (سلێمانی پالاس) ڕۆیشتین و بەپێ هاتینەوە.

لە ئەمنە کۆنەکە نوسرابو «چوونە ژوورەوە قەدەغەیە لەبەر ئەڵغام شخصی»، کرابوو بەبنکەی

حزبی سۆشیالیست، مجلس شعب که ئێستا بووه به (تەلاری قەیوان) کرابوو به بنکەی (پاسۆک)، به دیواری کارگەی جگەرەوە نوسراوێک هەڵواسرابوو داوای لە کرێکاری کارگەی جگەرە دەکرد بە ژن و پیاوەوە کە ڕۆژی (١٢-٣-١٩٩١) سەعات (٢:٣٠) ی پاشنیوەڕۆ لە (خانووی مەعمەل) ئامادەبن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی شوورا.

دەمەوئێوارە وتیان کە قەرەهەنجیرو ئاڵتون کۆپری ڕزگار کراون، بەڵام حکومەت «پێنج هەزار» کەسی گرتووە و ڕایگەیاندووە ئەگەر لەلایەن پێشمەرگەوە هێرش بکرێتەسەر کەرکوک، ئەو خەڵکە لەناودەبات!

هەر لای ئێوارە، لەبەردەرگا بووم «مامۆستا کەریم عەبدول» کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو، هات وتی: ئێستا لە مزگەوتی گەورە ئیسلامییەکان عەرەبێکیان دەستگیرکردووە جلوبەرگی کوردی لەبەردا بووە و ئیعترافی کردووە کە دوانی تری لەگەڵدایە، ئەوانیش یەکێکیان لای جمعیەی تعاونی (کۆمەڵەی هەرەوەزی) گیراوەو ئەوی تریشیان لە ئۆتێل ڕەنگین کە هەردووکیان نزیک بەریدەکەن.

بۆ شەوەکەی، لە هەواڵەکاندا ئەم دوو بابەتە زۆر باسدەکران:-

١- کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە بەیروت .

٢- گرتنی (٦٠٪)ی کوردستانی عێراق لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە و بەدیل گرتنی (پێنج هەزار) کورد لەکەرکوک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

ڕۆژی چوار شەممە(١٣-٣-١٩٩١)

بەیانی ڕێشەم تاشی و سەعات (١٠) بەپێ بەرەو بازار ڕۆیشتم، کارەبای (دوکانەکانی مستەفا کونجرینی - سەهۆڵەکە) هەبوو، دوکانەکان وردە وردە دەکرانەوە، بارودۆخ بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچوو، وێنەی چەند شەهیدێک و وێنەی مستەفا بارزانی هەڵواسرابوون، لە بازاڕ چووم بۆلای عومەر عەبدول، دوکانی قوماش فرۆشتنی هەبوو و مامۆستای فیزیا بوو لە ئامادەیی ئەزمەڕ، وتی کە برایەکی (مامۆستا جەمال محەمەد ئەمین) کە ئەویش مامۆستای فیزیابوو لە ئامادەیی ئەزمەڕ)، ڕۆژی پێنج شەممە (٧-٣-١٩٩١) لە بەردەرکی سەرا شەهید کراوە.

پێشنیوەڕۆ لەبەردەم مزگەوتی گەورە بووم، کەسێکی عەرەبیان خستبووە ناو تەکسیەکەوە، بەرەوخوار بردیان خەڵک وتیان «ئەمن»ە، بیرم لەم ڕوداوانە دەکردەوە و زۆر باوەڕم بە خۆم نەدەکرد، سەیرە! تاکو هەفتەیەک لەمەوبەر ئەمن تەنگی بە خەڵکی ئەم شارە هەڵچنیبو، خەڵکی دەگرت، ڕەشبگیری دەکرد، ئەمڕۆش جەماوەر

ئەمن دەگریت!، نزیک نیوەڕۆ بیستم کە (دارەمان لە نێوان کەرکوک و هەولێر) ڕزگار کراوە و سێ لای شاری کەرکوک گەمارۆ دراوە و حکومەتی بەعس پردەکانی کەرکوکی تەقاندۆتەوە، بەڵام پێشمەرگە بەری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکی ڕزگار کردووە.

نرخی کەلوپەل وردە وردە بەرەو هەرزانی دەڕوات، دوێنێ (١١-٣-١٩٩١) نرخی کیلۆیەک پەتاتە بە (سێ) دینار بوو، ئەمڕۆ بە (دوو) دینارو (٧٥٠) فلسە، هەروەها نرخی کیلۆیەک ئارد لە (سێ) دینارەوە بوبوو بە (دوو) دینارو (٥٠٠) فلس.

پاشنیوەڕۆ هەورێکی ڕەش ئاسمانی گرت و دنیا تاریک بوو، باران بارین دەستیپێکرد، سەعات (٣:١٠) کارەبا بۆ ماوەیەکی کەم کوژایەوە، منیش چووم بۆ ماڵی «مەلا حەمەئەمینی چایچی» باوکی «مامۆستا جەمال»، ماڵیان لەگەڕەکی برایم پاشا لە کۆڵانەکانی بەرامبەر مزگەوتی سەلاحەدین بوو، کە گەیشتمە ئەوێ زانیم براکەی ناوی «وریا»بو ڕۆژی (٧-٣) لەبەردەرکی سەرا شەهید بووە، بۆ ئێوارەش بیستم کە «عومەر فەتاح» بۆ «بەکر فەتاح» کراوە بە لێپرسراوی سلێمانی، من بەکر فەتاح-م ساڵی (١٩٨٣) لەکاتی مفاوەزات لە چوارتا بینیبوو.

سەعات (٨)ی شەو رادیۆی مۆنتی کارلۆ بڵاویکردەوە کە بەرپرسێکی ئەمەریکی وتوویەتی: مەبەستی لە «ئۆپۆزسیۆن» سەرکەوتن بەدەست

ناهێنێ، بەم هەواڵە دڵتەنگ بوم، بەڵام زیاتر گوێم بۆ هەواڵەکان گرت و بۆم دەرکەوت کە ئەو قسەیە بێ بناغەیە و هیچ نی یە، دوێنێ و ئەمڕۆ دەنگوباسی ئەوە هەبو کە (پێنج هەزار) هاوواڵاتی «کوێت»ی لە «ماوەت» بەندکراون و (١٥٠٠) کوردیش لەژێرزەمێنێک بەندکراون کە زۆربەیان ڕووت بوون.

زۆر گوێم لەهەواڵەکانی ڕادیۆ دەگرت چونکە لەو کاتەدا تاکە سەرچاوەی ڕەسمی بو بۆ بیستنی دەنگوباسی دنیا، سەعات (١٠:١٥ خولەکی شەو) لە «ڕادیۆی دیمەشق» ئەم هەواڵانە بڵاودەکرانەوە:

-ڕزگارکردنی ئاکرێ و دینارتەو بەردەڕەش لە موسڵ.

-ڕزگارکردنی دارەمان، پەیوەندیکردنی چەند ئەفسەرێکی بەعس بە شۆڕشەوە، لە ئاکرێ عەقید و موقەدەمێک چوونە پاڵ شۆڕش.

- لە جەلەولا (٤) هەلیکۆپتەر خراونەتە خوارەوە.

- لە کەلار (١) هەلیکۆپتەر خراوەتە خوارەوە، تیمەکەی کوژراون.

- ڕژێم هێرشی بردۆتە سەر خانەقین، بەڵام شکاوە.

- لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی شیعەوە، حیللە و مەحمودیە و یوسفیە و چەند شوێنێکی تر ڕزگارکراون.

-محافظی دیوانیه تەسلیم بووە.

-لەناوچەی (الثورە)، ئەم ناوە لەسەردەمی عبدالکریم قاسم ناونرا، بەڵام لەسەردەمی صدام حسێن بوو بە (صدام) و لە دوای ٢٠٠٣شەوە بوو بە (مدینە الصدر) لە بەغداد، شەڕ بووەو کوژراو هەیە.

لەبەردەم کارگەی جگەرە چەند لافیتەیەک نووسرابوون یەکێک لە دروشمەکان نوسرابوو:

«چیتان ئەوێ کرێکار، هەفتەی (٣٥) سەعات کار».

جگە لەوە چەند دروشمێکی تر دەربارەی حوکمی شوراو دیموکراتی و ئازادی و هتد.. نوسرابون.

ڕۆژی پێنج شەممە (١٤-٣-١٩٩١)

بەیانی هەستام ڕیشم تاشی، چووم بۆ بازاڕ زۆر قەرەباڵغ بوو، لەبەر دوکانەکان وێنەی شەهیدەکان هەڵواسرابوون، هەروەها لە بەردەرکی سەرا وێنەی ئەو (٦) کەسە هەڵواسرابون کە لەبەردەم سجنەکە گوللە باران کران، بەتەواوی بەناو بازاڕدا گەڕام، بینای محافظە بەرامبەر حەسیب صالح کە دواتر کرا بەسەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، کرابوو بە بنکەی ئیسلامییەکان، بۆ ئێوارەکەی سەعات (٥) تەقە دەستی پێکرد، وتیان شاری «دهۆک» ڕزگار کراوە.

لە سەعات (٤:٣٠ خولەک)ی عەسر کارەبا هاتەوە، پاش (٤٣) رۆژ، واتە لە (٣٠-١ تا ١٤-٣) کارەبا نەبوو، ئەو کات نە موەلیدەی ئەهلیی گەڕەک هەبو، نە مالآنیش موەلیدەیان هەبوو.

رۆژی هەینی (١٥-٣-١٩٩١)

بەیانی لەگەڵ «مامۆستا قادر»ی هاوڕێم و «بژێو» چووین بۆ بازاڕ، زۆر قەرەباڵغ بوو، بازاڕ و دوکان کرابوونەوە، بەڵام سەوزە نەبوو، ئارد و شیر هەرزان بوبوون، ماسیەکم کڕی بە «دوانزە دینار» کیلۆی بە «هەشت دینار»، پاش ئەوە بەپێ هاتینەوە، کتێبخانەی گشتی بوبوو بە (کۆمیتەی ئاسایش و پۆلیسی سلێمانی)، سەعات (٦ی ئێوارە) ئۆتۆمبێلێک بە بڵندگۆ ئەم ئاگادارییانەی بڵاوکردەوە:-

- گێڕانەوەی کەلوپەلی دزراوی فەرمانگەکان.
- ئەو چەکدارانەی خۆیان تەسلیم نەکردووە، خۆیان تەسلیم بکەن.
- هەرکەسێک هەواڵی کەلوپەلی دزراو بزانێت تاوانبارە ئەگەر هەواڵ نەدات بە مەڵبەندەکانی بەرەی کوردستانی.
- دایک وباوکان نابێت فیشەک بدەنە دەست منااڵەکانیان، چونکە مەترسی زۆرە.
- تەقەکردن لەکاتی خۆشیدا قەدەغەکراوە.

بابەتی سەرەکی هەواڵەکانی شەو بریتبوون لە: کشانەوەی سوپای ئەمەریکا بۆ جێگاکانی خۆیان (٣٠ میل) بەرەوژورتر بۆ ناو عێراق، ڕزگارکردنی خاپوور لەسەر سنووری عێراق تورکیا، جۆرج بۆشی باوک دووپاتی دەکاتەوە ئەگەر عێراق فڕۆکە بەکاربهێنێت ئەوا هێزە ئاسمانیەکانی ئەمریکا هێرش دەکەن و فڕۆکەکانی دەخەنە خوارەوە، هەروەها داوا لە هێزەکانی پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی دەکرا بۆ ئەوەی دەوام بکەن.

ڕۆژی شەممە (١٦-٣-١٩٩١)
یادی کارەساتی هەڵەبجە

بەیانی سەعات (١١) هەندێ خۆپیشاندان لە شەقامی بەر ماڵی خۆماندا (سەهۆڵەکە) دەستی پێکرد، خۆپیشاندەران لافیتەیان بەرزکردبوەوە و هوتافیان دەکێشا، گەرچی ژمارەیان کەم بو و لە (٢٠٠) کەسێک تێپەڕیان نەدەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی کە بەدڵ و گیان هاتبوونە ناو مەسیرەکەوە دەنگیان بەرزبوو، پاش (دە خولەکێک) دوو سێ کۆمەڵی تر لەخۆپیشاندەران لەوێوە تێپەڕین.

شەوی ڕابردوو ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان تا بەیانی هەبو و باسی لە هێرشەکەی سەر کەرکوک دەکرد کە دەستی پێکردووە و بەردەوامە..

سەعات (٤ی عەسر) چووم بۆ بازاڕ، هەر قەرەباڵغ بوو، لای بەنزینخانەکەی عەقاری کە دواتر بو بە بازاڕی (سیتی ستار)، مامۆستا مەحمود فەتحوڵڵا (بەڕێوەبەری ئامادەیی سلێمانی ئێوارانی کوڕان) م بینی وتی: بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە (حەکیم ئەنوەر مەولود) کە لە مااڵی «عەتای شەهادات» بو، دواتر هاتە مااڵی ئێمە، «منیش تەسلیمم کرد» و ئێستا خەریکم ئازادی دەکەم، خدر شەوکەتی بەڕێوەبەری پێشووی پەروەردەش دوو ڕۆژە دەستگیرکراوە و سوکایەتی پێکراوە، بەاڵم «دەرۆیش ئاغا» بووە بە کەفیلی و ئازادکراوە.

لە بەردەرکی سەرا کۆبوونەوەیەک هەبوو کە شیعر و وتاریان دەخوێندەوە، خەڵکی ئێجگار زۆر لێبو، چووم بۆ لای «دڵشاد عوسمان» پەڕاوگەی هەبوو لە شەقامی پیرەمێرد، چەند هەواڵێک دەربارەی کەرکوک باسکران، بەاڵم هیچیان بەڵگەدار نەبون و تەنها وتی وتی بو، چەندەها پۆستەرو الفیتەو وێنە بە بۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە هەڵواسرابون و بااڵوکرابونەوە، لەناویاندا دروشمێک سەرنجی ڕاکێشام کە نووسرابوو (هـەڵـەب..... شیما) واتە نـاوی هەڵەبجە و هێرۆشیما و کارەساتەکانیان لێکدرابو،

شەوەکەی «صدام حسێن» لە ڕاگەیاندنەکانەوە وتـی: بزووتنەوەی ئاژاوەگێڕی خـواروی عێراق

لەناوبراوە و باسی ئەوەی کرد کە هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی نوێی دیموکراتی دەدات بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بەڵام خێرا (جۆرج بوشی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا) بەرپەرچی دایەوە کە صدام حسێن جێی بڕوا نیە، چەندەها جار بەڵێنی داوە و نەیبردۆتە سەر، حکومەتی ئەمەریکا پەیوەندی لەگەڵ حکومەتێکی عێراقی ناکات کە صدام حسێن سەرۆکی بێت، هەروەها (نۆرمان شواسکۆف) فەرماندەی سوپای هاوپەیمانی لە عێراق دووبارەی کردۆتەوە کە هەر فڕۆکەیەکی عێراقی هەڵبفڕێت دەخرێتە خوارەوە.

سەعات (١١ی شەو) ڕادیۆی مۆنتیکارلۆ بڵاویکردەوە: ئۆپۆزسیۆنی عێراق ڕێگای بەصرە - بەغدادیان لەلای شاری کوت گرتووە، بڕیاریان داوە کە بە بەڵگە بیسەلمێنن بزوتنەوەی خواروی عێراق ماوە و نەفەوتاوە وەک صدام دەڵێت.

ڕۆژی یەکشەممە (١٧-٣-١٩٩١)

یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بوو، نیوەڕۆ ئازادی برام هات وتی: بە بڵندگۆ لە (قوتابخانەی سۆلاف)ـەوە داوای دانیشتوانی گەڕەکی شێخ محێدین دەکەن، کە چووین لە ڕاڕەوەکەدا کورسی قوتابخانە دانرابوو لەگەڵ ئەمپلیفایەر و چەند بڵندگۆیەک، هەندێ کەس شیعریان خوێندەوە و

باسی دامەزراندن و هەڵبژاردنی ئەنجومەن کرا کە هەموو گەڕەکێک پێویستی بە ئەنجومەن هەیە بۆ کاروباری بەڕێوەبردن.

لە ڕاستیدا لە لایەکەوە هەستمان بە سەربەرزی و سەرفرازی دەکرد، لەلایەکی ترەوە لە دوو ئەنجامی نەخوازراو دەترسایین:-

یەکەم:- بوونی ئەو هەموو حزب و دەستەو کۆمەڵانە «یەکێتی و پارتی و پاسۆک و سۆسیالیست و ئالای شۆڕش و شیوعی و بزوتنەوەی ئیسلامی و هتد.. تەنها لە کوردستاندا» مەترسی ناکۆکی و شەڕی براکوژی لێدەکرێت.

دووهەم:- گۆڕانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێز، لە ئەنجامدا شکانەوەی بەشێوەیەکی مەترسیدار بەسەر گەلی کورد دا و گەڕانەوەی دەسەڵاتی عێراق بۆسەر ناوچەکەمان.

ئێوارە چوومەوە بۆ بازاڕ، دوو کارمەندی پۆلیسی هاتوچۆم بینی لەبەردەم ترافیک لایتەکانی بەنزینخانەکە و حەسیب صاڵح-دا وەستابوون، هەستم بە شپرزەیی ئەوان و بارودۆخەکەش دەکرد.

هەواڵی کەرکوک: شەوی (١٧/١٦-٣-١٩٩١) سەعات (١١) لەلای خەتی سلێمانیەوە هێرشکراوە، بەڵام خەتی دوز و هەولێر بەشداربیان نەکردووە، لەبەرئەوە مام ڕۆستەم داوای کشانەوەی کردووە، گەرچی تاکو لای سەرقەبرانەکەی «ئیمام قاسم»

چوون، شەو ماوەیەکی کەم ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لەسەر شەپۆلی مامناوەندی (٧٥) هەبو و بڵاویکردەوە کە سبەینێ ئێزگەکە لەسەعات (١ی نیوەڕۆ) دەکرێتەوە.

ڕۆژی دووشەممە (١٨-٣-١٩٩١)

بەیانی ڕیشم تاشی و بەرەو بازاڕ بە پێ ڕۆیشتم، مامۆستاو نوسەر «ئەحمەدی سەید عەلی»م بینی، کەمێک بەیەکەوە گەڕاین، لەسەر فولکە بچوکەکەی سەرا سێ کەس شیعریان دەخوێندەوە، وتیان یەکێکیان مامۆستایەو ناوی «جەلال»ـە لە ناوەندی کاوەی کوڕان مامۆستای ئینگلیزییە.

سەعات (٤:٣٠)ـی عەسر، ئۆتۆمبێلێکی (نەجدە) فریاکەوتن، لەگەڵ چەند ئۆتۆمبێلێکی چەکدار بەناوشاردا دەگەڕان، داوای لە هاووڵاتیان دەکرد بۆ یەکێتی و وەستان دژی خراپەکاران، لە کارگەی جگەرەکەش کرێکاران لەگردبونەوەیەکدا داوای لابردنی «عەزیز خۆشناو»ی بەڕێوەبەری کارگەکەیان دەکرد، دەوترا کە ئافرەتێک خۆی تەقاندۆتەوەو (چوار) پێشمەرگەی شەهید کردووە، دەشێت ئافرەتەکە عەرەب بووبێت.

شەو ئێزگەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوای لە دانیشتوانی سلێمانی دەکرد «تەقەکردنی خۆشی» ڕابگرن، لەسەعات (٨:٤٥ خولەک) هەندێ

ڕیز تەقەی خۆشی کرا کە هۆکارەکەی زۆر ڕون نەبو، دەشێت بەهۆی گەمارۆدانی کەرکوکەوە بێت، ئەمڕۆش هێرشی سوپای عێراق بۆسەر دوز کە لە پێنج قۆڵەوە کرابوو، پاش (٨ سەعات) بەرگری شکا.

وردەکاری هێرشەکە:

قۆڵی یەکەم: تکریت بۆ دوز

قۆڵی دووهەم: کەرکوک بۆ دوز

قۆڵی سێیەم: کەلی هەنجیرە بۆ دوز

قۆڵی چوارەم: بەیانان بۆ دوز

قۆڵی پێنجەم: سلێمان بەگ بۆ دوز

باس لە زیانەکانی سوپای عێراق دەکرا لەو هێرشانەدا کە لاشەی (٥) کوژراو بەجێ ماون، لەناویاندا دوو ئەفسەر بە پلەی (نەقیب) و (مولازمی یەک)یان تیابووە، هەروەها باسی شکاندنی هێرشی سەر جەلەولا کرا لەگەڵ کوژرانی (١٤) ئەفسەری تر، بەپلەکانی عەقید و مولازمی دو.

شەو ئێزگە هەندێ ئاگاداری بڵاوکردەوە بۆ فەرمانبەرانی «پەروەردەی سلێمانی و نەقابەی مامۆستایان و هەموو فەرمانگەکانی سلێمانی و یەکێتی نوسەرانی کوردستان» تاوەکو پەیوەندی بکەن بەشوێنی کارەکانیانەوە.

سەعات (١٠:٢٠ خولەک) بانگەوازێکی تری بڵاوکردەوە بۆ خاچی سووری نێودەوڵەتی بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی لە شێوەی خۆراک و

داوودەرمان بۆ گەلی ڕاپەڕیوی باشوری کوردستان و ئەو سەربازانەی کە بەدیل گیراون، داوایان لێ کردن کە نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان.

لە سەعات (١٠:٢٦)ی شەو، بانگەوازێک بۆ فەوجە چەکدارەکانی ناوشاری کەرکوک بڵاوکرایەوە و داوای لێکردن کە بچنە پاڵ جەماوەر بۆ ڕاماڵین و لەناوبردنی دوژمنی هاوبەشی هەموو لایەک «ڕژێمی بەعس».

سەعات (١٠:٤٥)یش بانگەوازێکی تری بڵاوکردەوە بۆ خاوەن لۆرییەکان لە سلێمانی کە ئامادەبن لەبەردەم بارەگای بەرەی کوردستانی بۆ کاروباری گرنگ.

سەعات (١١)ی شەویش بانگەوازێکی بەزمانی عەرەبی دەرکرد بۆ (هێزی پۆلیس) بە گشتی و بۆ ناوشاری کەرکوک بە تایبەتی بۆ ئەوەی کە ئەرکی نیشتمانی خۆیان جێبەجێ بکەن بۆ پارێزگاریکردن لەعێراق و نیشتمان، نەک لە دکتاتۆری و فاشییەت، ئەو دکتاتۆرەی کە لە ماوەی حوکمی دا دووجار عێراقی تووشی جەنگی وێرانکاریی کردووە.

سەعات (١١:٠٧) دووبارەیکردەوە کە بەرنامەکانی ئێزگە تا بەیانی بەردەوامە بۆ گەیاندنی هەواڵی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک و هێزی چەکدار لە کەرکوک، دوای ئەوە گۆرانی «ئەگەرێینەوە»ی مەزهەری خالقی لێدا.

ڕۆژی سێ شەممە (١٩-٣-١٩٩١)

بەیانی سەعات (٨:٥٧) ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵاویکردەوە کە هەواڵێکی گرنگ لەناو شاری کەرکوکەوە ڕادەگەیەنن، هەواڵەکانی ئەو بەیانیە زیاتر خۆی لە شەڕەکانی دەوروبەری کەرکوکدا دەبینییەوە، بەشداری جەماوەری کەرکوک لەشەڕی ڕزگاری شارەکە و شەڕ لە چواردەوری شار نەماوە و هێزی پێشمەرگە بەرەو ناوجەرگەی شار دەڕوات، بەواتایەکی تر گەڕەکانی چواردەوری شار ڕزگار کراون، سەعات (٩:٤٠ خولەک) هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە شەوی ڕابردوو هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان گرتووە بەسەر زنجیرە بەرزاییەکانی «دوومەڵان» کە بەسەر گەڕەکی «ڕەحیماوا» دەڕوانێت و پێنج ئەفسەر بە پلەی جیاواز بەدیل گیراون..

سەعات (٩:٤٧) بڵاویکردەوە کە فەوجێک سەرباز بە فەرماندەو ئەفسەرەکانیانەوە تەسلیمی شۆڕش بوون، ئەم فەوجە پاسەوانی کێڵگەی نەوت بوون لە ناوچەی (کەیوان)، نیوەڕۆ سەعات (١:٣٠ خولەک) هەمان ئێزگە بڵاویکردەوە کە شارۆچکەی «دبس» ڕزگارکراوە، ئێوارە سەعات (٨:٣٠ خولەک) بڵاویکردەوە کە پێشمەرگە دەستی گرتووە بەسەر فڕۆکەخانەی «تسعین» کە پێی دەوترێت (قاعدە الحریە الجویە)، پاش پێنج خولەکی تر ئاگاداریی

و پەیامێکی ڕاگەیاند: «پێویستە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئازادکردنی کەرکوک تەقەی خۆشی نەکرێت، لەبەر سەلامەتی هەمووان، و تا خۆشی نەبێت بە ژان، هەروەها ئەو تەقەمەنییەی لەو کاتەدا بەکاردێن بۆ بەرگری کردن لە مافی کورد هەڵبگیرێت».

سەعات (٨:٣٧) بە زمانی عەرەبی هەواڵی ڕزگارکردنی فڕۆکەخانەی «تسعین»ی بڵاوکردەوە.

سەعات (٨:٤٥) بڵاویکردەوە کە ئەمڕۆ «دەستەی نووسەرانی کوردستان/ لقی سلێمانی» کۆبۆتەوە و دەستەی کارگێڕی خۆی هەڵبژاردووە تا کاتی کۆنگرەی گشتی، ژمارەی بەشداربووان (١٤٥) کەس بوون..سەعات (٨:٤٧ خولەک) بڵاویکردەوە کە ئەمڕۆ سەعات (٨)ی بەیانی دوژمن «ڕژێمی بەعس» لەناو شاری کەرکوک بە هەلیکۆپتەر بۆردومانی هێزی پێشمەرگەی کردووە، پێشمەرگەش بە چەکە دژە ئاسمانییەکان بەرپەرچیان داوەتەوە و ناچاریان کردوون کە کوێرانە بۆمبارانەکە بکەن.

سەعات (١٠:٤٨ خولەک) بڵاویکردەوە کە پاش ماوەیەکی کەم هەواڵێکی گرنگ بڵاودەکەینەوە و بەرنامەکانی ئێزگە ئەمشەو تابەیانی بەردەوام دەبێت، سەعات (١١ی شەویش) ئەوەی سەرەوەی بە زمانی عەرەبی بڵاکردەوە.

سەعات (١١:٠٥ خولەک) ئێزگەکە هەواڵەکەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: جەماوەری ڕاپەڕیو و

هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەستهێناوە کە بریتیە لە ئازادکردنی سەربازگەکانی (سلێمانی – کەرکوک) بەری ئەمبەر، تائێستاش لەهەندێ شوێن دوژمن بەرگرییەکی «زەلیلانە» دەکات.

سەعات (١١:٠٧ خولەک) دەستکرا بە تەقەکردن، پاش کەمێک ئێزگە داوای لە دانیشتوانی سلێمانی کرد تەقەی بێسوود ڕاگرن، چەندجارێک ئەمەی دووبارەکردەوە، هەروەها داوای لە هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگە کرد لەناو شاری کەرکوک کە تەقەی خۆشی نەکەن، تەنها تەقە لەو شوێنانە بکرێت کە مقاومەی تێدایە، ئاگاداری کەلوپەلی فەرمانگەکان بن و بپارێزرێن، سەعات (١١:١٨ خولەکیش) بڵاویکردەوە کە تا سەعات (١٢ی نیوەشەو) پەخشی ئێزگەکە دەوەستێت، بەڵام تەقەکردن بە ئاسماندا هەر بەردەوامە!..

سەعات (١٢) کە ئێزگە کرایەوە، داوای لەگشت پزیشکەکانی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کرد لەنەخۆشخانە ئامادەبن بەبێ دواکەوتن، (٤) جار دووبارەی کردەوە، ئەم ئاگادارییەش ئەوە دەگەیەنێت کە بریندارێ زۆر هەیە، هەروەها داوای لە دانیشتوانی هەولێر کرد بۆ ئەوەی بەیانی بچن بۆ نەخۆشخانەی «جمهوری» بۆ خوێن بەخشین، سەعات (١٢:٣٠ خولەکی بەرەبەیان) بڵاوی کردەوە:

لەپاش ماوەیەکی تر هەواڵێکی نوێ ڕادەگەیەنێت، کە هەواڵەکە بڵاوکرایەوە بریتیبو لە ڕزگارکردنی: قۆڵی هەولێر تا ڕەحیماوا، تەپەی مەلا عەبدوڵڵا، ئەڵماس، شاطرلو، سوق مرکزی، بەگلەر، پردی یەکەم، قۆریە، ئەحمەدئاغای کۆن و نوێ، پردی دووەم، شارع جمهوری، انظباطخانە، لەگەڵ زۆربەی زۆری شەریکەکانی نەوت، هەردوو میحوەری هەولێر - کەرکوک و سلێمانی-کەرکوک، لەناو شاری کەرکوکدا یەکیان گرتووە.

سەعات (١٢:٤٨ خولەک) لە محوەری هەولێرەوە سوپاسنامە نێردرا بۆ جەماوەری بەشەرەفی هەولێر، بۆ ئەو یارمەتی و کۆمەکەی بۆ بەرەی شەڕی ئازادی لە کەرکوک ناردوویانە، داوا لەو کەسانەش کرا کە شارەزای (تۆپی ٥٧ ملم و مقاومەی فڕۆکە و تانک و تۆپی دورهاوێژ)ن پەیوەندی بکەن بە «مام ڕۆستەم»ەوە لە کەرکوک.

سەعات (١:١٥ خولەکی بەرەبەیان) بڵاویکردەوە کە هێزی پێشمەرگە لە میحوەری هەولێر، بەندیخانەی کەرکوکی شکاندووە و بەندییەکانی ئازادکردووە کە ژمارەیان (٤٠٠) کەسە، سەعات (١:٣٠ خولەکیش) بێژەرەکە ڕایگەیاند: گوێگرانی بەڕێز گوێ ڕابگرن:-

میحوەری سلێمانی - کەرکوک ڕۆژی (١٩-٣-١٩٩١) سەعات (٦ ی ئێوارە) هێرشیان کردە سەر ڕەبایەکانی بازگەی کەرکوک-سلێمانی، لە ماوەی سەعاتێکدا ڕایانماڵین، ئەم دەسکەوتانە هەیە:-

- سێ تانک.

-دوو تۆپهاوێژ و دژه فڕۆکه.

سه‌عات (۱:۵۰)ی به‌ره‌به‌یانیش، بانگه‌وازێکی بۆ جه‌ماوه‌ری شاری که‌رکوک ڕاگه‌یاند که له دوای ئازادکردن ڕێگه نه‌دەن به‌هیچ که‌سێک ده‌ست بده‌نه که‌لوپه‌لی فه‌رمانگه‌کان و پارێزگاریان بکه‌ن، چونکه ئه‌وانه مولکی خۆتانن، هه‌روه‌ها خۆتان له ته‌قه‌کردنی خۆشی بپارێزن، ئه‌مشه‌و هه‌موو هه‌واڵێکی به‌ره‌ی که‌رکوک به سۆرانی و بادینانی و عه‌ره‌بی و تورکمانی بڵاوده‌کرانه‌وه.

ده‌وروبه‌ری سه‌عات (۲:۱۵ خوله‌کی به‌ره‌به‌یان) ئاگاداری ده‌ره‌وه بوم، ئۆتۆمبێلێکی زۆر به‌ره‌و که‌رکوک ده‌ڕۆن و له که‌رکوکه‌وه دێنه‌وه، ده‌شێت بریندار زۆر بێت.

ڕۆژی چوارشه‌مه (۲۰-۳-۱۹۹۱)

«جه‌ژنه جه‌ژنی کوردستانه جه‌ژنی نه‌وڕۆزه، به‌تیشکی ئاگر ده‌نووسم جه‌ژنه‌پیرۆزه»

به‌یانی به‌ره‌و بازاڕ و له‌وێوه به‌ره‌و شه‌قامی پیره‌مێر که‌وتمه‌ڕێ، دواتر به‌ره‌و شه‌قامی کاوه هاتمه‌وه خواره‌وه، ناوبازاڕ که‌شێکی ئاسایی و قه‌ره‌باڵغی هه‌بوو، ئێزگه باسی هێرشی فڕۆکه‌ی دوژمنی ده‌کرد بۆ سه‌ر جه‌ماوه‌ری ڕاپه‌ڕیوی که‌رکوک، بڵاویکرده‌وه که چه‌ندین که‌س به بۆمبی

فۆسفۆڕی و ناپاڵم شەهید و بریندارببوون، لە شەقامی کاوە لەبەرامبەر سینەمای دڵشاد بووم، ئۆتۆمبێلێکی «تۆیۆتای قەمەرە تاکسی» چەند کەسێکی تیابو و چەند جانتایەکیشی بەسەرەوە بوو، وتیان لە کەرکوکەوە هاتووین و کەرکوک ڕزگار کراوە، تەنها مەقەڕی فەیلەق ماوە.

ئێوارە ڕۆژی ئاگری نەورۆز بوو، هەواڵی ڕزگارکردنی شاری کەرکوک بڵاوبوەوە، شەقامی (سەهۆڵەکە) زۆر قەرەباڵغ بوو، منداڵ، گەورە، پیاو، ژن، کوڕ و کچ تێکەڵاو بوبوون، بەڕاستی جەژنە جەژنی نەورۆزە، جەژنی ڕۆژی نوێ یە.

ئێوارە دەنگی گەلی کوردستان بەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکمانی هەواڵی جەژنی سەرکەوتن و ئازادکردنی شاری کەرکوکی بڵاوکردەوە، منیش بڵندگۆکانی تەسجیلەکەم لەسەر دیواری ماڵەوە داناو ڕووم کردە شەقامەکە و گۆرانییەکانی ئێزگەم بڵاودەکردەوە.

سەعات (٨ی شەو) هەمان ئێزگە بڵاویکردەوە کە هەموو شوێنەکانی شاری «کەرکوک و بای حەسەن و دبس» ڕزگار کراون، سەعات(٨:٤٠ خولەکیش) بۆ جاری دووەم ئافرەتێک بە زمانی ئینگلیزی ئەو هەواڵەی پێشووی بڵاوکردەوە.

بروسکەی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان «نەوشیروان مستەفا»

بەبۆنەی ڕزگارکردنی شاری کەرکوکەوە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە، ناوەڕۆکەکەی بریتیبوو لەوەی کە پاش (٧٠ ساڵ) ژێردەستەیی، ئەمڕۆ شاری کەرکوک، بابەگوڕگوڕی شاری شەهیدان ڕزگار کرا، (٢٥ ملیۆن) سەری نەوازشت بۆ شەهیدان و کەرکوک دادەنەوێنین. «ژمارەکە مەبەست ژمارەی گەلی کوردە، بەپێی زانیارییەکانی ئەو سەردەمە».

ئاگادارییەک لە میحوەری هەولێرەوە بۆگشت فەرماندەکان و مستشارەکان بڵاوکرایەوە کە داوای دەکرد هێزەکانیان کۆبکەنەوەو بگەنە لای فەرماندە «حەسەن کوێستانی».

سەعات (٩) بەزمانی عەرەبی سەرکەوتنەکانی ناو کەرکوکی بڵاوکردەوە:- ڕزگارکردنی بیرە نەوتەکان، القاعدة الحرية الجوية، ناوەندی پارێزگا، مەقەر فەیلەقی یەک، مەقەر فەیلەقی دوو، موخابەرات (هەوالگری)، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، ئەمن و ئیستیخباراتی پالاوگە، المنظومة الشمالية، ڕادیۆو تەلەفزیۆن، قاعده الصواريخ، قاعده السمتيات، الهيئه الخاصه فی کرکوک.

سەعات (١١)ـی شەوی دووشەممە لەسەر سێ شەممە (١٨ لەسەر ١٩-٣-١٩٩١) هێرش دەستی پێکرد، ئێوارەی چوارشەممە (٢٠-٣-١٩٩١) بەتەواوی ڕزگار کرا.

ڕۆژی پێنج شەممە (٢١-٣-١٩٩١) نەورۆز

شەو سەعات (١٠:٠٣) هەواڵێکی گرنگ بڵاوکرایەوە کە بەم شێوەیە دەستپێکرد:

«قەد مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەیارەی هەیە.. ئێتفاقتان گەر هەبێ زەحمەتە ئەو خۆی ڕاگرێ»

سەعات (٦)ـی ئێوارە، شێرەکۆرانی دەشتی (هەولێر-مەخمور) هێرشیان کردە سەر مەقەڕ فەوجی (شارەلو) و بنکەی بەتالیۆنی شارەلو کە تیایدا (٦) هێلیکۆپتەر دەست شۆڕش کەوتوون، چەند کۆپتەرێکیش سووتاون، (٥) بارەگا دەستیان بەسەردا گیراوە، لەگەڵ مەقەڕی سریە و بیرە نەوتێک کە لە ئەنجامی بۆمبابارانی دوژمن سووتاوە.

سەعات (١٠:٢٠ خولەکی شەو) لەڕێگای ئێزگەکە یەکێتیی نیشتمانییەوە «کۆسرەت ڕەسول» داوای لە هێزە چەکدارەکانی سنووری هەولێر کرد بگەنە محوەری «دبس».

ڕۆژی هەینی (٢٢-٣-١٩٩١)

هەر لەماڵەوە بووم هەواڵی سەرکەوتنەکانی کەرکوک هەبوو.

ڕۆژی شەممە (٢٣-٣-١٩٩١)

باران دەباری، لەبەرئەوە نەچوومە دەرەوە و هەر لەماڵەوە بووم، نیوەڕۆ ئێزگە داوای کۆکردنەوەی

یارمەتی بۆ (١٠٠ هەزار) ئاوارەی شاری خورماتو کرد، تائێوارە باران بارین بەردەوام بوو، بەمەش بەهاری ساڵی (١٩٧٤)ـم هاتەوە یاد کە بەهاری ئەو ساڵەش بەردەوام باران دەباری، ئەوکاتەی کە سەرەتای دەست پێکردنەوەی شەڕبو لەنێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی بەغداد، سەیرە! هەر کە کورد ئاوارە دەبێت باران و ڕەهێڵە دەستپێدەکات.

شەو هەواڵەکان بریتیبون لەوەی کە پێویستە مامۆستایانی قوتابخانەکان ڕۆژانی یەکشەممە و چوارشەممە لە قوتابخانەکانیان دەوام بکەن، هەروەها ئێزگە لەبڵاونامەیەکی حەوت خاڵیدا ڕایگەیاند:

- بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە گەورانە بەهۆی یەکێتی ڕیزەکانی گەل بوو، بۆ پاراستنی ئەو سەرکەوتنانەش پێویستمان بە یەکێتیی هەیە.

- خۆبەستنەوە و پەیڕەوکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە ئێزگەوە دەردەچن.

- دامەزراندنی ڕێکخراوی پیشەیی بۆ مامۆستایان، هونەرمەندان، نووسەران .....هتد.

- گەڕاندنەوەی کەلوپەلی فەرمانگەکان.

- قەدەغەکردنی تەقەکردن لەکاتی خۆشی دا، چونکە زیانی گیانی و ماددی هەیە.

- ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی وێران بوو، پێویستی بە کاری زیاترو خۆماندووکردن

هەیە، (ئەمەش دیارە بۆ ئەوە بوو بەرپەرچی قسەی (شوراکان) بداتەوە کە داوای (٣٥ سەعات) کارکردنیان دەکرد بۆ هەفتەیەکی کرێکاران.

ڕۆژی یەک شەممە (٢٤-٣-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆ قوتابخانە (ئامادەیی ئەزمەڕ)، مامۆستایان لەوێ بوون، لەوێوە چووین بۆ قوتابخانەی پیرەمەگرون لە (فولکەی سجن)، چونکە کرابوو بە بنکەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، هەندێ قسەو باس لەبارەی کارەکانی داهاتوی یەکێتییەکە و زۆر شتی تر کرا.

نیوەڕۆ ڕادیۆ باسی ڕزگارکردنی کەیوانی کرد، پاشئەوەی ڕۆژی (٢٣-٣-١٩٩١) لەلایەن دوژمنەوە گیراوەتەوە، هەروەها لە پاش هێرشێکی یەک سەعات و نیوی هێزی پێشمەرگە توانیویەتی «فڕۆکەخانەی سمتیات»ی کەیوان ڕزگار بکات، (٦) فڕۆکە دەستیان بەسەردا گیراوە جگە لەچەندەها دیل و کەلوپەل و چەک، لەگەڵ (١٢) بیانی کە بۆ جێگایەکی ئارام گوێزراونەتەوە.

ڕۆژی دووشەممە (٢٥-٣-١٩٩١)

ئێوارەهەواڵی بۆمبارانی دهۆک وخستنەخوارەوەی هێلیکۆپتەرێکی بەعس بڵاوکرایەوە، ئەو فڕۆکانەی کە بەشداری بۆمبارانەکەیان کردووە (٤) فڕۆکە

بـوون، هـەروەهـا بۆمـبارانی کـەرکـوک لـەلایـەن دوژمنەوە بە فڕۆکەی «میراج» و (٥) هێلیکۆپتەر و لەئەنجامیشدا زیانێکی زۆر لە دانیشتوانی شاری کەرکوک کەوتووە.

بیرکردنەوەکانم تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزییان پێوە دیاربوو، چونکە:- لام ئاشکرابو کە ئەم هێرشانەی هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ئەو بیست ڕۆژەدا و بەدەستهێنانی ئـەو دەسکـەوتـانـە پێویستیان بە پاراستن هەیە، پاراستنی ئەم دەسکەوتانە بە نەمانی ڕژێمی بەعس بـەدەسـت دێـت، بـەڵام ئایا صـدام حسێن لەناو دەبرێت؟ ئەمەریکا بڕیاری ئەوەی داوە کە صدام حسێن نەمێنێت! بەڵام ئەگەری ئەوە نیە (صدام) بگۆڕێت و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا خۆی بگونجێنێت؟! ئەمەریکا نایەوێت حکومەتێکی شیعە لە عێراقدا دروستبێت لەبەر ئێران و سووریا، لەهەمان کاتدا نابێت حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ پەیدا بێت لەبەر سووریا و ئێران و تورکیا.

کەشوهەواش سارد‌ە، لەهەمان کاتدا ڕەشەبایەکی بەهێزیش هەڵیکرد، شـەو سـەعـات (١١) دەنگی فڕۆکە دەهـات کە وادیـارە فڕۆکەی ئەمەریکاییە. «ئەو کات پێمان وابوو کە تەنها فڕۆکەی ئەمەریکی بەشداری لە هێرشەکاندا دەکات، ئەگینا نە بە دەنگ، نە بە بینین ئێمەوماناں جۆری فڕۆکەمان بۆ جیا نەدەکرایەوە».

ڕۆژی سێ شەممە (٢٦-٣-١٩٩١)

«ئەمنە سوورەکەی سلێمانی» وەک مۆزەخانە کرابووەوە و دانیشتوانی شارەکە ڕوویان تێدەکرد بۆ تەماشاکردنی جێگاکانی ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان و جێگای تاوانەکانی ڕژێمی بەعس.

چووم بۆ بازاڕ، بیستم ئەو دوو فڕۆکەیەی کە دوێنێ بۆردومانی کەرکوکیان کردووە لەجۆری «میراج» بوون، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە وایانزانیوە فڕۆکەی ئەمەریکین بۆیە تەقەیان لێ نەکردوون، (٥) کەسی شەهیدو بریندارکردووە، هەروەها دەوترا کە پێشمەرگە دووبارە خانەقین و خورماتووی ڕزگارکردۆتەوە، چونکە سوپای عێراق بەهاوکاری چەکدارەکانی «مجاهدینی خلق» هێرشیان کردبوو و ئەو شوێنانەیان داگیرکردبووەوە، ئەم کارەش بووبووە هۆی ئاوارەبوونی (١٠٠ هەزار) کوردی بێ دەرەتان، هەروەها بیستم کە مەلەف و زانیارییەکانی ئەمن کەوتونەتە دەست پێشمەرگە.

سەعات (٢:٢٣ خولەک)ی پاشنیوەڕۆ ئێزگە ڕایگەیاند کە هەواڵێکی گرنگی سەرکەوتنەکان بڵاودەکاتەوە و ڕایگەیاند: دوێنێ (٢٥-٣-١٩٩١) پێشمەرگە قارەمانەکان لە میحوەری (٣)ی باجوان هەڵمەتیان کردە سەر بنکەی سەربازگەی «باجوان»، لە ماوەی (٤) سەعاتدا کارگەی غاز و

کارگەی کبریتی باجوان ئازادکران و (٥ زرێپۆش) یش دەستیان بەسەرداگیرا، بە هاوکاری دانیشتوانی عەرەبنشینی ناوچەکە.

هەروەها ڕایگەیاند کە ئەمڕۆ سوپای عێراق پەلاماری کارگەی کبریتیان دایەوە بەڵام هێرشەکەیان شکێنرا، (باجوان دەکەوێتە نێوان دبس و کەیوان).

ئێوارە سەعات (٧) ئێزگەکانی ڕادیۆی (بی بی سی) و لەندەن و سەعات (٨) مۆنتی کارلۆ و سەعات (٩) دەنگی ئەمریکا، باسی گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی (مام جەلال)یان کرد بۆ زاخۆ، و پێشوازیکردنی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی گەرم، ئەوەشیان ڕاگەیاند کە مام جەلال داوای «دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی عێراقی کردووە لە کوردستاندا»، ئەمشەو هەموو ئێزگەکان ئەم هەواڵەیان دووبارە دەکردەوە، هەروەها باس لەوەش دەکرا کە وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگرە لە فڕینی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراق بەسەر ناوچە کوردنشین و شیعە نشینەکاندا.

باس لە خەرجیەکانی جەنگیش دەکرا، کە خەرجی (هێرشەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر عێراق) لە سەرەتاوە تائێستا بە (٥٤ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) دەخەمڵێنرێت.

ڕۆژی چوارشەممە (٢٧-٣-١٩٩١)

بەیانی بەپێ چووم بۆ قوتابخانەی ئەزمەڕ، لەوێوە چووین بۆ مالّی «مامۆستا جەمال حەمەئەمین» چونکە برایەکی شەهیدکرابوو، ئێوارە سەعات (٧:٤٠) ئێزگە ڕایگەیاند: هێزی پێشمەرگە لە (مەعەسکەر خالد)یان داوەو (٣) فڕۆکەی (سۆخۆی) یەکێکیان بە ژمارە (٢٠٢٦٤)، «تەنها ئەم ژمارەیەم بۆ تۆمارکراوە»، سووتاون، لەگەڵ سووتانی (٤) هەلیکۆپتەر و چەند دەزگایەکی گرنگ، چەند ئەفسەرێک بە پلەی مولازمی یەک و دوو و هەروەها دوو سەربازیش بە دیلیی کەوتونەتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، بانگەوازێکی بە زمانی عەرەبیش بڵاوکردەوە بۆ ڕێکخراوە جیهانییەکان، بۆ وەستاندنی خوێنڕێژی دەسەڵاتی بەغدا، لەئەنجامی ئەو هێرشانەی کە دەیکاتە سەر شارە ڕزگارکراوەکان بەتایبەتی شاری کەرکوک.

شەو ڕادیۆی (لەندەن) وتی کە «جەلال تالّەبانی» داوای لە ئەمەریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی کردووە کە ڕێگە بدەن بە هێزی پێشمەرگە بۆ بەکارهێنانی فڕۆکە، چونکە دوو فڕۆکەی سۆخۆی ڕووسی کەوتۆتە دەست هێزی پێشمەرگە، هەروەها داوای یارمەتی کرد بۆ کوردستان.

سەعات (١)ی دوای نیوەشەو لە جەرەس درا، باوکم بوو، وتی «صباح» هاتۆتەوە، کە چوومە دەرەوە لەسەر سوچی کۆڵانەکە سێ چەکدار لەتەنیشت ئۆتۆمبێلێک وەستابوون، یەکێکیان ئەو بوو، ئەو دوو کەسەی تر کە پێشمەرگە بوون و لەبەرئەوەی لە مێژبوو نەهاتبوونەوە بۆ سلێمانی هیچیان ماڵی کەسوکاریان بە تەواوی پێنەدەزانی، دوو پێشمەرگەکەی تر ئەو شەوە لەماڵی باوکم مانەوە، بۆ بەیانی بەدوای دۆزینەوەی کەسوکاریاندا چوون، من و صباحیش هاتینەوە ماڵی خۆمان تاسەعات (٥)ی بەیانی دانیشتین، باس و خواسی بەسەرهات و گەڕانەوەی خۆیانی دەکرد: وتی کە لەگەڵ «مام جەلال» بووە و لە دیمەشقەوە هاتوونەتە قامشلۆ، لەوێوە بەرەو زاخۆ، کە هاتوون نزیکەی هەشت ئۆتۆمبێل بوون و نزیکەی (٦٠) رۆژنامەنوس و پەیامنێری ناوخۆ و بیانی یاوەرییان کردون، کە هاتوونەتە زاخۆ هەزاران کەس بەرەوپیری مام جەلال هاتوون، لەوێوە شێرکۆ جیابۆتەوە و هاتۆتە دهۆک، لەوێوە بەرەو شێخان و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی. «صباح شێخ ڕەئوف، کە ژنبرام بو، نازناوی (شێرکۆ)ی هەبوو، بەرلەوەی بچێتە دەرەوە بۆ شاخ ببێت بە پێشمەرگە، مامۆستابو، ساڵی ٢٠١٠ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد».

ڕۆژی پێنج شەممە (٢٨-٣-١٩٩١)

بەیانی سەعات (٩)، لەگەڵ صباح یان «شێرکۆ» چووین بۆ سەرقەبرانی شێخ محێدین بۆ سەر گۆڕی «صلاح»ـی برای کە (ئەندازیاری دروستکردنی پردی چواررێیانی سەرچنار بوو)، لەکاتێکدا صباح لە دەرەوەبو صلاح بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

ئێوارە ئێزگە داوای خواردن و بەتانی کرد بۆ نەخۆشخانە، بەتانیەکم دا بە ئازادی برام و ئەویش برنج و شلەی تاسکەبابی بۆ بردن و سەعات (٧ی ئێوارە) هاتەوە، بێتاقەتیی تەواو بە دەموچاویەوە دیاربوو، باش نەبوو، وتی: پێشمەرگەکان وتوویانە کە کەرکوک لەلایەن حکومەتی بەعسەوە داگیرکراوەتەوە، هەواڵێکی ناخۆش بوو، بەتایبەتی کاتێک وتی لە نەخۆشخانەکەی کەرکوک (٢٠٠) پێشمەرگە بە بریندارى کەوتونەتە دەست سوپای عێراق.

شەو سەعات (١١) ئێزگەی مۆنتی کارلۆ بڵاویکردەوە کە عێراق هەواڵی داگیرکردنی «کەرکوک و چەمچەماڵ و ئاڵتون کۆپری (پردێ)»ی بڵاوکردۆتەوە، سەعات ١٢ ی شەو ئێزگەی ئیسرائیل-یش هەمان هەواڵی بڵاوکردەوە، لەمێژە خەڵکی سلێمانی بڕوای تەواوی بە هەواڵەکانی ئەم ئێزگانە هەیە، بۆیە دڵنیابوینەوە لە ڕاستی هەواڵەکە.

ڕۆژی هەینی (٢٩-٣-١٩٩١)

بەیانی هەستام، خەوی ئەمشەوم باش نەبوو، چونکە ئەو هەواڵانە تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێی کردبووین، ئازادی برام هات وتی ئەچم بۆ ڕانیە بۆ دابین کردنی جێگایەک، منیش پێم وت جارێ پەلە مەکە، لەو کاتەدا «کاک سەعیدی سەید قادر» لە ڕانیەوە هاتەوە و پێی ڕاگەیاندین کە ئەوان جێگایان هەیە ئەگەر بەرەو ڕانیە هەڵاتین.

نزیکەی سەعات (١٠:٢٥ خولەکی بەیانی) ئۆتۆمبێل بەدوای یەکدا بە شەقامی سالم دا دەهاتن و دەستیان دەردەهێناو هۆرنییان لێ دەدا، پاش ماوەیەک دەنگ بڵاوبووەوە کە «عیزەت دوری» جێگری صەدام حسێن دەستگیرکراوە، «کامەرانی مەلا بەکر» وتی: لیوا ڕوکنێکم دیوە لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا بەرەو سەرەوە براوە، دەنگێکی تر هەبو کە دەیانوت لە مزگەوتی «عەلی کەمال»ـە، سەیرە! جەماوەرێکی عاطفی وەک جۆگە چۆن دەڕژێتە سەر ڕووبار، لە هەموو لایەکەوە کوڕ و کچ و ژن و پیاو بە جلی کوردی و سوور و والاوە ڕژانە سەر شەقامەکان، شار خرۆشا، ئەو جەماوەرەی کە چەند ساتێک لەمەوبەر وردی بەردابوو کەوتەوە جموجۆڵ، هەواڵەکان جۆراوجۆرن، ئێستا هیچ هەواڵێکی یەکلاکەرەوە و چەسپاو بەدەستەوە نیە.

هەرکەسێک دەهات هەواڵی دەستگیرکردنی ئەو سەرکردەیەی بەعسی دووبارە دەکردەوە، من دوو دڵ بووم لە باوەڕ کردن، بەڵام دەمگوت تۆ بڵێی ئەم هەموو خەڵکە بەبێ هۆ وا کەوتبنە جۆش و خرۆش! لەبیرم چووبووەوە کە کاریگەریی پڕوپاگەندە لەسەر ڕای گشتی چەند زۆرە.

ئێوارە چووم بۆ بازاڕ، باسی هاتنی «موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی» دەکرا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرەی کوردستانی دا، واتە بۆ «نێوانگیریی لەنێوان کورد و ڕژێمی بەعس دا»، لەهەمان کاتدا باس لە سەرکەوتنی پێشمەرگە و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە قەزای «شێخان» دەکرا.

ئێوارە سەعات (٨) ڕادیۆی مۆنتی کارلۆ بڵاویکردەوە: نوێنەرێکی بەرەی کوردستانی لە پاریس وتوویەتی کە هێزەکانمان لە کەرکوک کشاونەتەوە و سەعات (٦ی بەیانی) هێرشی بۆ دەکەینەوە، سەعات (٨:٣٠) ئێزگەکەی یەکێتیی نیشتمانیی هەواڵی ڕزگارکردنەوەی قەرەهەنجیر و گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی بۆ بازگەی سلێمانی- کەرکوک بڵاوکردەوە.

ڕۆژی شەممە (٣٠-٣-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆماڵی شێرکۆ، لەوێوە چووین بۆ «بنکە»ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (لەبینای

جەمعییە) کە ئەوکات بەرامبەر «سجن» بوو و ئیستا بووە بە «عیادەی میللی» بەرامبەر پارکی دایک، وەرەقەیەکی بەنزینیان دامێ (زیرۆی عەبە ڕێوی) لێ بوو، چووم لە بەنزینخانەی خوارەوە (چاڵەکە)، (٣٠) لیترم بە تەنها (چوار) دینار وەرگرت، شەو سەعات (١٠) بەرەو ماڵەوە دەگەڕامەوە، لە ڕێگا چەند مەفرەزەیەک لەسەر شەقامەکان هەبوون و سەیری ناو ئۆتۆمبێلەکانیان دەکرد.

هەواڵەکانی ئەو شەوە بریتیبوون لە:

- کوژرانی پاسەوانی عیزەت دوری کە ڕۆژنامەی عێراق و چەند ئێزگەیەک بڵاویان کردبووەوە.

- ڕزگارکردنەوەی بەشێک لە کەرکوک (تەنها بە قسە و دەماودەم).

- هێرش بۆ سەر ڕێگای کەرکوک - بەغداد، بەدەستهێنانی چەند پارچەیەکی زۆر چەک و دیل کردنی (٨٠) سەرباز، دەستگرتن بەسەر تانکێک و سووتاندنی چەندینی تر، هەروەها پەیامێری ڕۆژنامەیەک ئەمەی بەچاوی خۆی دیبوو کە چۆن سەربازی دوژمن شکاوە.

لەماڵی باوکم گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە گەرم بو، بارودۆخ شڵەژاوییەکی پێوە دیاربوو، ئازادی برام کە کوڕە گەورەی ماڵ بو، سوورە لەسەرئەوەی پێویستە بڕۆین و سلێمانی بەجێ بهێڵین، گەرچی من لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نیم بۆ چۆڵکردنی سلێمانی.

ڕۆژی یەک شەممە (٣١-٣-١٩٩١)

بەیانی هەستام ڕیشم تاشی و بەرەو قوتابخانە ڕۆیشتم، بڕیارمدا تا بتوانم سلێمانی بەجێ نەهێڵم، چونکە:- لە ئەگەری چۆڵکردنی ماڵەکەماندا نابێت خۆمان بەخاوەنی هیچ شتێک بزانین، لەبەرئەوەی دڵنیابوم شڕە خۆرەکان سلێمانی تاڵان دەکەن، هەروەها گوزەران لە دەرەوەی شارو بە ئاوارەیی بۆ خاوەن خێزان زۆر زەحمەتە، بەتایبەتی ئەگەر پارەیەکی ئەوتۆشت پێ نەبێت، هەرچۆنێک بێت ئەگەر بمێنینەوە ئەوا هەر خۆمان دەڕۆین و هیچ نەبێت ماڵ و مووڵک دەمێنێتەوە بۆ ژن و منداڵەکان، ئەگەر مان، لەبەرئەوە مرۆڤ هەر لە سلێمانی بێت باشترە.

سەعات (٩) چووم بۆ قوتابخانە، ژمارەیەکی زۆر خێزانی ئاوارەی لێبوو، هەموو مامۆستاکان هاتبوونەوە، «ڕەئوف جەلال حەمەعەلی قەرەداغی» مامۆستای زیندەوەرزانی بەهاوکاری مامۆستاکانی تر، هەموو پێداویستییەکانی تاقیگەکانی «کیمیا و فیزیاو زیندەوەرزانی» خستە ژوورێکی بچووک لە پشت تاقیگەکە و تەختەڕەشێکی پێوە داکوتی.

پاشنیوەڕۆ چووین بۆ پرسەیەک لە مزگەوتی «حاجی فەرەجی سووسێ»، پرسەی پێشمەرگەیەک بو بەناوی «مەلا خالد» کە لە شەڕەکاندا شەهید بوبوو، لەوکاتەدا کەسێک بەجلوبەرگی سوپای عێراقییەوە هاتە ژوورەوە، دەنگە دەنگ پەیدابوو،

وادیاربو لێیان دابێت، کە هاتینەوە ماڵەوە دەستمان کرد بە خۆئامادەکردن بۆ هەر ڕوداوێکی نەخوازراو، بەتایبەت هێرشی سوپای عێراق بۆ سلێمانی و داگیرکردنەوەی، ماڵی ئێمە و ئازادی برام و ماڵی باوکم هەرچی «تەلەفزیۆن و سەلاجە و موجەمیدە و ئامێری تری کارەبایی و شتی تاڕادەیەک بەنرخ»مان هەبو خستمانە ژوورێکی بچوک لە ژێرخانەکەداو بە خشت و گەچ دەرگاکەمان گرت.

هەواڵی شەو تێکەڵاوە، لەلایەکەوە عێراق دەڵێت کەرکوک و هەولێر و دهۆک گیراوەتەوە، لەلایەکی تـرەوە شـۆڕش دەڵـێت کـە بـەشێکی کـەرکـوک ڕزگارکراوەو هەولێرو دهۆک بۆردومانی لەسەرە، مرۆڤ سەری لە هەواڵی ئێزگەکانیش دەرناچێت، بـەڵام وا دەردەکـەوێـت کـە کـوردیـان «بـە شوو دابێت»!.

ژمارەیەکی زۆر لە تورکمان و کەمتر لە عەرەب لە کـەرکوکـەوە هـەڵهاتوون و هاتوونەتە شاری سلێمانی یەوە.

ڕۆژی دووشەممە (١-٤-١٩٩١)

بەیانی چـووم بۆ بـازاڕ، شێرکۆ (٤٠٠ دۆلاری ئەمریکی) پێدابوم تاکو بۆی بگۆڕمەوە بە دینار، بەڵام نەمتوانی، چونکە کەسێک یان دوکانێکم بەدی نەکرد تاکو بیگۆڕمەوە، عەسر هەر کۆمەڵە خەڵک

بوو بەرەو شار دەهاتن، خەڵکی باینجان و تەکیە و شوێنەکانی تری سەر ڕێگای کەرکوک بوون، چووم بۆ بازاڕ لەڕێگا تووشی «محێدین بارام و ئەحمەدی سەید عەلی و ئەحمەد سەلام» بووم، وتیان سوپای عێراق (بازگەی کەرکوک-سلێمانی) گرتووە و بەرەو قەرەهەنجیر هاتووە، لێشاوی خەڵکەکەش کە بەرەو سلێمانی دەهاتن زۆرتر دەبوو، تەنانەت بەپێ بە تراکتۆر بە گوێ درێژ دەهاتن.

ئێوارە لە دەرگا درا، ژنێک و کوڕێک و کێژۆڵەیەک و منداڵێک بون، وتیان: داماندەکەن (جێگامان دەکەنەوە)؟ وتم: بەسەرچاو، نانیان خوارد و چەند سەعاتێک لەماڵی ئێمە مانەوە و بەرلەوەی بڕۆن داوای چا و شەکریان کرد، منیش بەشی چەند ڕۆژێکم پێدان، ژنەکە براژنی کوڕەکە و کێژۆڵەکە بوو، مێردەکەی لێ ون بوبوو.

شەو سەعات (١٠) چووم بۆ ماڵی دڵخۆشی خوشکم، هەندێ کەلوپەلمان هێنا، لەڕێگا چەندین بازگە و مەفرەزەی کۆنترۆڵ هەبون، تا ڕادەیەک ڕێگایان نەدەدا کەس لەشار بچێتە دەرەوە.

ڕۆژی سێ شەممە (٢-٤-١٩٩١)

سەعات (١:٤٥ خولەک)ی بەرەبەیان بو، لە دەرگا درا، ئازاد و ئارامی برام بون، وتیان سوپا هاتۆتە بازیان، با خۆمان دەرباز بکەین، منیش خێرا (٧)

بەتانی و شەکر و چا و برنج و ڕۆن و جلوبەرگی منالەکانم خستە ئۆتۆمبێلەکە و سەعات (٢:٤٥ خولەک) واتە پاش سەعاتێک دەرچووم بەرەو مالّی صەباح (شێرکۆ)، کەسی لێنەبوو، مامۆستا محەمەد کە دراوسێیان بو وتی مامۆستا شێرکۆ ئۆتۆمبێلی بۆ هێناون و هەموویانی لەگەڵ خۆی بردووە، چوومە «بنکە» (بەرامبەر پارکی دایکی ئەمڕۆ) کەسی لێ نەبوو، بەڵام کارەبا و گڵۆپەکان هەر داگیرسابوون.

لەسلێمانی دەرچووین تا بەیانی سەعات (٧) نەگەیشتبووینە بازگەکەی سلێمانی - عەربەت، سەعات (٤)ـی عەسر گەیشتینە عەربەت، ئەو ماوەیەمان بە (٩) سەعات بڕی.

لەڕێگا لەلای قڕگە وتیان هێلیکۆپتەر بۆردومان دەکات، خەڵکەکە زۆر ترسان، چونکە ئەگەر بەڕاستی لەو خەڵکەی بدایە بەهەزاران کەسی دەکوشت، بە درێژایی ڕێگای (سلێمانی-عەربەت) بەشێکی زۆر لە خەڵک بە پێ، منداڵ کۆڵ لەکۆڵ، بەجلی شەوەوە، بە نەعلی ناوماڵەوە، بەعەرەبانە، دەڕۆیشتن، زۆر بریندار هەبون لەسەر کورسی خەستەخانە پاڵیان پێوە دەنان، زۆر کەس منداڵەکانی وەک شووتی لەسەر عەرەبانە پاڵ خستبوو پاڵی پێوەدەنان، پیرو پەککەوتە ملیان دابووە ئەو ڕێگایە، عەرەبانەیەکی (٣) تایە پیاوێکی پیری لەسەر پاڵ کەوتبوو، کوڕێکی گەنج و پیرەژنێک کە دیاربوو دایکی بو، هەردووکیان

پاڵیان به عەرەبانەکەوە دەنا، پاسێکی (١٨) نەفەری «مارسیدس»ی ڕەنگ شین لە پشتەوە هۆڕنی بۆ عەرەبانەکە لێ دەدا، بارانیش وەک کوندەی سەر بەرەو ژێر دەباری، گەنجەکە ئاوڕی لێ دایەوە وتی: کاکە سەبرکە منیش دەمەوێ بڕۆم، بەڵام شۆفێری پاسەکە چەند جارێک هۆڕنی لێدایەوە کە نیشانەی تورەبوون بوو، گەنجەکە خوێنی جوڵا، دڵی وەک قەڵایەکی سەخت بوو، باری دەرونی هیلاکە، خەڵکێکی زۆر بە ئۆتۆمبێل بەلایدا تێدەپەڕن و ئەمیش عەرەبانەیەکی سێ تایەی داوەتە پێش خۆی و باوکی لەبەر بارانەکە وەک سیپاڵێک لەسەر داناوە، کەسانێکیش هەراسانی دەکەن، مێشکی هەژا و دنیا لەبەرچاوی هێندەی تر تاریک بوو، هەموو سەرچاوەی ئازارو ئەشکەنجەی خۆی و دایکی و باوکی لە سیمای شۆفێرەکەدا بینیەوە، دەستی برد بۆ ژێر قاچی باوکی چەکێکی کڵاشینکۆفی دەرهێناو بەرەوڕووی شۆفێرەکە ڕۆیشت میلی چەکەکەی هێنایەوە و ویستی هەرچی گوللەی پێیە لە چاوی شۆفێرەکەدا خاڵی بکاتەوە، کە ئازاری باوکەکەی نابینێ، بەم ڕەفتارەی سیمای شۆفێرەکە بوو بە کەسێکی تر، بەکەسێک کە هاوئازاریەتی، کە ئەویش لەبەر دەرکردنی منداڵ و کەسوکارەکەی ئاوا ئاگری گرتووە، هێڵی ئازاریان یەکی گرت و سەرچاوەی هەردوو ئازارەکە دیکتاتۆرێکی ئێسک قورس بوو

که وێنەی ئەو تاوانبارەی هاتە بەرچاو وردە وردە سارد بووەوە، لەگەڵیدا دەستی بەرزی بە چەکەکەوە هێنایە خوارەوە.

ڕۆژی چوارشەممە (٣-٤-١٩٩١)

زوو لە عەربەت دەرچووین، بەڵام لەولای عەربەتەوە، لەو جێگایەی کە ڕێگاکەی بێستانسووری دێتەسەر جوڵەی ئۆتۆمبێل خاوبووەوە و ڕۆیشتن نەما، ئۆتۆمبێلەکان چوار چوار و هەندێ جار پێنج پێنج ڕیزیان بەستبوو، گیرو گرفت بوو، جوڵە ئەستەم بو، لەو کاتەدا ئەوەم هاتەوە یاد «فیلمێکی هۆلیودم بینی بوو کە بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە ڕێگاکە دەگیرێت و میری هەوڵدەدات بۆ کردنەوەی ڕێگاکە، بەڵام لێرە خەڵکەکە لە ترسی خودی میری هەڵدێن!».

سەعات (٢)ـی بەرەبەیانی ٤ی مانگ بوو کە هەر منداڵ بوو باوکی یان دایکی بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشا، چەندەها کەس هاواری ئەوەیان دەکرد کە منداڵەکەیان یان کچەکەیان یان کوڕەکەیان ون بوون، ئەو خەڵکە ئەوەی لە ئۆتۆمبێلدا بوو باش بوو، بەڵام زۆربەی زۆری بە پێ بەناو ئەو قوڕو چڵپاوەدا و لەژێر شەستەی باراندا بە برسێتی لەشی خۆی کێش دەکرد بەرەو ڕۆژهەڵات، لەم کاتەدا چەند کەسێک هاتن وتیان سووپا گەیشتۆتە عەربەت، جموجۆڵ کەوتە خەڵکەکە بۆ خێرا ڕۆیشتن، بەردەوام هانی خەڵکمان دەدا تاوەکو دەربچین.

پێنج شەممە (٤-٤ ١٩٩١)

بەیانی زۆژ زۆناک بووەوە و کاروانەکەمان گەیشتبووە دەوروبەری گرێزە و کانی پانکە، ئەو زۆژە زۆیشتین، بەڵام زۆربەی بەپاڵ، چونکە یەکەم زۆیشتن خاو بوو، دووەم لەبەر کەمی یا نەبوونی بەنزین.

نیوەزۆ لە کانی پانکە نانمان خوارد (ئەو شوێنەی کە لەکاتی شەڕی ئێران عێراق بووبووە بازاڕی قاچاغی کەل و پەل و قوماش و سەماوەرو قاپی پلاستیکی مەلا مین)، عەسر جوڵاین و بەردەوام بوین لە زۆیشتن.

زۆژی هەینی (٥-٤-١٩٩١)

سەعات (٢)ـی بەرەبەیانی هەینی گەیشتینە (سەراوی سوبحانئاغا)، شەو لەوێ نوستین، نانی بەیانیمان هەر لەوێ خوارد و نیوەزۆ لای دارەکانی سەراو نانی نیوەزۆمان خوارد، کاک «فوئاد»ی پورزامم بینی وتی: ئەمشەو حەوت منداڵ لای ئێمە مردوون، عەسر جوڵاین و بەرەو سەیدصادق زۆیشتین، دوو برپارمان لەبەردەمدابوو یان بەرەو هەڵەبجە یان بەرەو پێنجوین، من پێنجوینم پێ باشتربوو، ئەوجا نازانم هۆیەکەی ئەوەبوو کەساڵی (١٩٧٤ و ١٩٧٥) تا پێش ئاشبەتاڵەکە لەوێ بووم یان هۆیەکی تر بوو، ئیتر زێگاکە چۆڵ بوو

بەڵام ڕێبوارى پیادەى پێوەبوو، بەرەو پێنجوین ڕۆیشتین، نیوەڕۆ لە جێگایەک نانمان خوارد کە پێش «نالپارێز» بوو، مالێک کە ژمارەیان زۆر بوو، دیاربوو «ئامر فەوجی خەفیفە» بوو ناوساجی-یان دروست دەکرد و زۆریان بەخشیەوە، شەو گەیشتینە کانی سپیکە، لەوێ چوینە بەرزاییەک بۆ ئەوەى لە سەر ڕێگاکە دووربین، لەوێ لامان داو برنجمان لێنا، ئەو کەسانەى بەلاماندا دەڕۆیشتن لەبەر خۆیانەوە بۆڵەیان دەکرد و جنێویان دەدا بە هەموو شتێک، تەنانەت بە خۆیشیان، بەرامبەر بەوەى کە بە پێ دەڕۆن و کەسانى تر بە ئۆتۆمبێل، منداڵێک دایکى ڕایدەکێشا بەدواى خۆیدا و بەدەم گریانەوە هاوارى دەکرد: «ناتوانم.. ناتوانم بڕۆم»، بەڕاستى دڵم ژانى دەکرد، چەندەها جار فرمێسک بەرى چاوى دادەگرتم، پیاوێکى پیرم بینى خۆى دابوو بەسەر گۆچانەکەیدا، لێم پرسى: خاڵە تۆ بۆ هاتوویتە دەرەوە؟ خۆ تۆ هیچ شتێک ناتگرێتەوە!؟ وتى: کاکى خۆم، زوڵمم زۆر لێیان دیوە، بیر لە پیرو گەنج ناکەنەوە.

هیچ کامێرایەک، هیچ وێنەکێشێک، هیچ نووسەرێک، هیچ وەسفێک ناتوانێت ئازارو ئەشکەنجەى ئەم کۆڕەوە گەورەیە بگەیەنێ و دەربببڕێ، بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەگەر گەورەترین پاڵپێوەنەر نەبێت بۆ ڕزگار بوون لە مەرگ و دەستدرێژى ڕژێمێک کە

میژوویەکی لەگەڵ تاوان و درندەییدا هەبوو، دایک جگەری خۆی بە باوەشەوە و منداڵەکەی تری بەدەستی بەدوای خۆیدا بەبرسێتی و شەکەتی ڕاناکێشێ، وێنەکان هێندە تاڵ و بەئازارن کە جگە لە بێکەسیی گەلی کورد هیچ شتێکی تری بە بیرمدا نەدەهێنا.

مانگی (٤) نیسان و سەرماوسۆڵەیەکی بەو شێوەیە ئەبێ چیمان پێ بڵێ! لەو کەشەدا چەندین خێزان لەسەر تەنەکە نانیان دەبرژاند، لەبەر باران و سەرماو سۆڵە دانیشتون و پشوو دەدەن، دوو خێزان وردە وردە نزیک بونەوە لێمان و هاتن وتیان: تەنها یەک بەتانیمان پێیە، ئەو پیرەمێردە زۆری سەرمایە، منیش بەتانیەکی سەوزم دا پێیان، بەتەمای بەتانیەکە نەبووم، بەڵام بەیانی زوو هێنایانەوە، ئەو کات مرۆڤی کورد هەم مرۆڤ بوو هەم بەوەفا بوو، شەوەکەش زۆر ساردبوو، بەیانی کە هەستام سەر گەڵا و گیاکە زوقمی کردبوو..

ڕۆژی شەممە (٦-٤-١٩٩١)

بەیانی زوو هەستاین و بەرەو پێنجوین ڕۆیشتین، لە هەورازەکەی «ملەکەوە» ئۆتۆمبێل بە ئاستەم سەردەکەوت، کە گەیشتینە پێنجوین بە دەشتاییەکی خوار پێنجوینەوە بەرەو «گەرمک» لامان داو برنجمان لێنا، یەک دوو جار هەلیکۆپتەری ئێرانی

بەسەر ئاوارەکاندا سووڕایەوە، وتیان مام جەلال دەچێت بۆ ئێران، لەو ناوچانە خەڵکەکە تاڕادەیەک هێمنتر بوون چونکە مەترسییەکان کەم بوبوونەوە، گەرچی مەترسی هەر هەبوو..

ڕۆژی یەک شەممە (٧-٤-١٩٩١)

بەرەو «گەرمک» دەڕۆیشتین، لە «لغاوگیرە» سەرکەوتین بەدیوی «هەنگەژاڵە»دا (من ئەم ناوچەیە لەبەر ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٤) وەک مامۆستا لە گوندی هەنگەژاڵە لەگەڵ فەرهادی حاجی محەمەدی حەملان مامۆستا بووین، کەمێک شارەزای ناوەکان بووم)، تایەیەکی ئۆتۆمبێلەکەم هەوای کەم بوو، کە وەستام داوام لە تراکتۆرێک کرد هەوا بکاتە تایەکەوە، کاتێکم زانی گەنجێک بەرەوڕووم هات و وتی بەسەرچاو مامۆستا، «ئەو گەنجە خوێندکاری خۆم بو بو»، وتم کامەیە هەنگەژاڵە وتی ئەوەی سەرەوەیە، ئێمە خەڵکی ئێرەین، لە خوار گەرمکەوە کەسێکم بینی کە پشتی لەمن بوو بە لارە لار دەڕۆیشت، ها ئێستا یان ساتێکی تر دەکەوێت، بیرم بۆ ئەوە چو سەرخۆش بێت! چونکە بە ئارەزوو مرۆڤ وا ناکات! کەواتە لە برسانا خەریکە دەمرێت!.

کە گەیشتمە سەری، خێرا دابەزیم و لە پشتەوە گرتم تا نەکەوێت، پێم وت برسیتە وا وات لێ هاتووە؟ نەیتوانی وەڵام بداتەوە، بەڵام فرمێسک

لەچاوەکانیەوە هاتە خـوارەوە، کوڕێکی گەنج بو سەرو ڕیشی نەختێک هاتبوو، قەمسەڵەیەکی ڕەشی لەبەردابوو لەگەڵ شەروالێکی مەیلەو ڕەصاصی.

خێرا داوام لە «دڵسـۆز»ـی خوشکم کـرد کە ئـاوی بـۆ بهێنێ، بـەسـەری تـەرمـۆزەکـە ئـاوەکـەم دایە و دوو نانمان پێ بوو نانێکم خستە گیرفانی و خێرا «ڕزگار»ی خێزانم شیرێکی بۆ ئامادەکرد، چونکە بەهۆی دوو منااڵەکەمەوە قوتویەک شیری نیدۆی گەورەمان پێ بوو، خواردیەوە، لەو کاتەدا سێ کەسی تر هاتن یەکێکیان جلوبەرگی (دیل) یان زیندانیی لەبەردابوو، وتی: لە کوێت بە دیل گیرام، خەڵکی کەرکوکم هاتوومەتە ماڵەوە سەیردەکەم ژن و چوار منااڵ و خوشکەکەم دیار نەماون، وا ئێستا هاتووم بە دوایاندا بگەڕێم، گەنجەکەی تر نوقڵی مینۆی پێ بوو یەک دوو دەنکی دایە لەگەڵ بسکیت، «برسیەکە» خـواردی و وردە وردە گەشایەوە، بەاڵم گریان بەری قورگی گرتبوو، نازانم گریانی خۆشی بوو کە لەمردن ڕزگـاری بوو یان گریان بو بۆ بەدبەختی خۆی، تراکتۆرێک لەو کاتەدا هات دەستمان لێ ڕاگـرت و لەگەڵ (٣) کەسەکەی تر سەرکەوتن و ڕۆیشتن.

سـەدەی بیستەم وا تـەواو دەبێت لە وڵاتـان لە خۆشی و بەختیاری دا دەژین، ئێمەش لە برسانا تەنانەت گەنجەکانمان لاردەبنـەوە نـەک منااڵ و

بەتەمەنەکانمان، ئەو ڕۆژە گەیشتینە «کانی هەرمێ»، شەو لەوێ ماینەوە، بەهادینی زاوامان و بورهان (برای نازە، خێزانی ئازادی برام) مریشکێکیان بینی پەلاماریان داو گرتیان، بورهان وتی ئەم مریشکە ئاوارەیەو بۆ ئێمە حەلاڵە، هەر ئەو شەوە سەربڕا و پاک کراو خرایە مەنجەڵ و ئاوەکەی نانی تێگوشرا و گۆشتەکەی خورا، کۆمەڵێک وەک دایکم و شەمسەخانی خەسووی ئازاد و باجی بەهێی خوشکی نازە نەیانخوارد وتیان حەرامە! بۆ بەیانییەکەی ماڵێک بەدوای مریشکێکی ونبوودا دەگەڕان!.

ڕۆژی دوو شەممە (٨-٤-١٩٩١)

بەیانیەکەی دەبەیەکی (٢٠) لیتری بەنزینی ئێرانیمان بە (١٤٠) دیناری عیراقی کڕی، خۆمان کۆکردەوەو بەرەو «نزارە» گەڕاینەوە، لەوێوە چووینە «مێشەڕۆ»، چادرەکەمان هەڵداو لەوێ ماینەوە.

ڕۆژانی سێ شەممە و چوار شەممە و پێنج شەممە و هەینی و شەممە (٩ بۆ ١٣-٤-١٩٩١)

هەر لە مێشەڕۆ مابووینەوە، چەمێکی لێبوو لەخوار ئەو شوێنەی کە خەڵکی لێ بوو، خۆمان لەوێ دەشت، ئافرەتیش دەهاتنە سەر چەمەکە و سەرو

قژیان به «ملا» دەشت، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبو لەو بارودۆخەدا ئافرەتێکی زۆر بە فڵچە و هەویری ددان ددانیان دەشت و پاکدەکردەوە، کەواتە تا مرۆڤ زیندووبێت مەرجە خزمەتی خۆی و پاک و خاوێنی خۆی بکات، لەو ناوە بەرازی لێبوو کە زۆر کەس ڕاوی دەکردن و گۆشتەکەیان دەخوارد، دەیانگوت لە برسێتیدا هەموو شت حەڵاڵە! بۆ داری سووتاندن بە کێوەکەدا هەڵدەگەڕاین گەرچی مەترسی «مین»یش هەبوو، بەڵام سەرماکەی لە مین و تەقینەوە مەترسیدارتربوو، جارجارە دەچووین بۆ کانی خان بۆ کڕینی بسکیت و سێو.

ڕۆژێک لۆرییەکمان بینی کە خەڵکەکە دەوریان دابوو، لەناو لۆرییەکەوە کە لەشاری «بانە»ی ئێرانەوە هاتبو نانیان هەڵدەدا، خەڵکەکە هەر هاواریان دەکرد و ئەوانیش زەرفە نانیان هەڵدەدایە خوارەوە، هەرچەندە من و ئازاد هەوڵمان دا کە زەرفێکمان دەست بکەوێت، بەڵام بە نائومێدی گەڕاینە دواوە، چونکە ئێمەمانان دەرەقەتی ئەو هەراو هۆریایە نەدەهاتین.

لەم ماوەیەدا کە لەوێ ماینەوە، ئەوەی کە زۆر بەلامەوە سەیر بوو، ژنێکی بە تەمەنمان لەگەڵدابو بەناوی «حەربیە»، ئامۆژنی نازەی ژنی ئازاد بوو، جار جارە دەچوو بۆ بانە و دەهاتەوە، کەم ئافرەتی وا بەجەرگ و لەش سوکم بینیوە، شەو و ڕۆژ و هەوراز و دەشتی لا وەک یەک بوو.

ڕۆژی یەک شەممە (١٤-٤-١٩٩١)

بەیانی دایکم «ئاسکۆڵ» و ئاکۆ و دڵسۆز بەرەو سلێمانی ڕۆیشتنەوە، پاش ئەوەی کە ناسیاوێکی ماڵی شەمسەخان بەناوی «کاک دارا» هەواڵی بۆ هێنایین کە بارودۆخ ئاساییە و خەڵک بەرەو سلێمانی دەگەڕێنەوە، بەهادین و دڵخۆشی خوشکم و منداڵەکانیان بەرەو بانە ڕۆیشتن، ئێمەش بەرەو «کانی خان» ڕۆیشتین، لەلای «کەرەگەل» کە دێ کۆنێکە، لاماندا، بەڵام چادرمان هەڵنەدا، هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکانمان دەنووستین، من و منداڵەکانمان لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆمان و ئازادی برام و منداڵەکانیشی لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیان، هەر لەوێ «سلف»ی ئۆتۆمبێلەکەم تێکچوو، ئەم ماوەیە کە لە کانی خان بووین هەموو ئێزگەکانی بی بی سی، دەنگی ئەمەریکا، مۆنتی کارلۆ، ئیسرائیل، بەردەوام لە هەواڵەکانیاندا هەواڵی کۆچی (دواتر ناونرا کۆڕەو)ی ملیۆنیی «گەلی کورد»یان بڵاودەکردەوە، بەڕادەیەک باس دەکرا کە زۆر جار لە گوێگرتنی بێزار دەبووین.

ئەوە باران وشریخەی هەورە بروسکە لەولاوە بوەستێ، ئەو چەند ڕۆژە بەتایبەتی شەوان گوێبیستی گرمە و زرمەی تۆپ دەبووین، کە دیاربو لەنزیک چوارتاوە بوو، منداڵەکان لەرزو تایان لێ دەهات و سکیان دەچوو، شەوەکەی بڕیارماندا کە بەیانی زوو بچین بۆ سەر مەرز بۆ وەرگرتنی دەرمان.

ڕۆژی دووشەممە (١٥-٤-١٩٩١)

بە پێ بەرەو مەرزەکە ڕۆیشتین، لەوێوە بە تراکتۆر سەرکەوتین بۆ سەر سنوور، هەورازێکی زۆر ناخۆش بوو، لەوێ نەخۆشخانەیەکی ئێرانی لێ بوو، هەندێ دەرمانمان وەرگرت و هاتینەوە خوارەوە.

ڕۆژی سێ شەممە (١٦-٤-١٩٩١)

سلفەکەمان کردەوە بەڵام بۆمان چاک نەکرا، هەروا بەستمانەوە، لەدوای نیوەڕۆوە باران وەک کوندەی سەربەرەوژێر دەباری، ئەو شەوە باران بەردەوامبو و خۆشی نەکردەوە..

ڕۆژی چوارشەممە (١٧-٤-١٩٩١)

باران هەر دەبارێ، تەنانەت هەر لەئۆتۆمبێلەکەدابووین نەمانتوانی دابەزین ئاگر بکەینەوەو چایەک لێ بنێین، چامان نەخواردەوە، بیرمان لەوە دەکردەوە کە بەرەو سلێمانی بگەڕێینەوە، یان بەرەو ئێران بڕۆین کە هەردوکیان بەرەو قەدەرێکی نادیارە، بژاردەی سێیەمیشمان ئەوەبو لەشوێنی خۆمان بمێنینەوە، زۆرترین جار بڕیاری ئەوەمان دا کە بچینە خاکی ئێران، بەڵام لەبەرئەوەی ڕێگە نەدەدرا ئۆتۆمبێل بەرینە خاکی ئێرانەوە پەشیمان دەبوینەوە، بەرەو سلێمانی

بڕیارەدرا و ترسمان لە ڕژێمی بەعس هەستێکی خراپی لا دروستەکردین، مانەوەش لە کانی خان بژاردەیەکی باش نەبو چونکە منالّەکان هەمویان نەخۆش بون و لەوە زیاتر بەرگەیان نەدەگرت.

ڕۆژی پێنج شەممە (١٨-٤-١٩٩١)

بەناچاری بڕیاری ئەوەمان دا کە بەرەو سلێمانی بگەڕێینەوە، هەتاوێکی خۆش بوو، بەرەو پێنجوین ڕۆیشتین، لەلای فولکەی خوارەوە لامان دا، لە بینایەکی ڕووخاودا مالّی کاک فەرەج، هاوسەری نەزیرەی پوورزام و منالّەکانی و ئامانج و ڕزگار»مان بینی، هەر لەو کاتەدا شێرکۆ-شمان بینی، ئەو شەوە لەوێ بوین، «شێخ حسێنە سوورە» کە دواتر لە خەلیفان لە شەڕی ناوخۆدا شەهید کرا، «ناوساجی» بۆ کردین، یادی بەخێر، ئەو شوێنە خانوویەکی کۆنکرێت بوو، لەکاتی ڕاگواستنەکەدا لەلایەن سوپای عێراقەوە وەک هەموو خانو و بینایەکانی ناو پێنجوین تەقێنرابووەوە، لەبەر ئەوە زۆر بەئاگاییەوە دەگەڕاین، چونکە ئەگەری مین زۆر بوو.

هەینی (١٩-٤-١٩٩١)

بەیانی سەعات (١٠) لە پێنجوین دەرچووین بەرەو سلێمانی، تاوەکو سەراوی سوبحانئاغا بازگەی پێشمەرگەبو بۆ چەک دەگەڕان، چەکدار

تا کانی پانکه هەبوو، له پێش عەربەت بازگەی حکومەتی عێراقی لێبوو، دەیانپشکنین، تاوەکو ناو شار (٥) جار ئەمە ڕوویدا، سەعات (٢) گەیشتینەوە سلێمانی، که چووینه ماڵەوه ماڵەکەمان تاڵان کرابوو چونکه سەر شەقامی سالم بوو، دیاربوو سەرباز (عەسکەر)ی تیابووه، چونکه پاشماوەی ئەو هێلکەو خواردنانەی که خورابوون لەناو ماڵەکەدا بوو، لەکۆڵانی ئێمه تەنها باوکم و نەنکم و کاک ڕەحیم و کاک حەمه شریفی ئابڵاخی مابوونەوه.

ڕۆژی شەممه (٢٠-٤-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆ قوتابخانه، پاصی (مەسڵەحه) بوبوو به (٢٥٠ فلس) ئەهلی بوبوو به (٥٠٠ فلس)، که گەیشتمه قوتابخانه تەنها مامۆستا «ئیبراهیم موحسین»ی لێبوو، (مامۆستای وەرزش بوو خەڵکی خانەقین بوو)، قوتابخانەکەیان تاڵان کردبوو، هەموو تاقیگەکانی کیمیا و فیزیا و زیندەوەرزانی و ژوری وەرزشیان تاڵان کردبو، که زیاتر گومان له دانیشتوانی گەڕەکەکه دەکرا، له هەمووی ناخۆشتر تاڵانکردنی کتێبخانەکه بوو، که مامۆستا شەهابی ڕەمزی مەلا مارف مامۆستای کوردی سەرپەرشتی دەکرد.

پاش کەمێک ئەحمەد قەرەداغی (مامه ئەحه) و خوالێخۆشبوو ڕەئوف جەلال و عومەر عەبدول،

(ئێستا خەریکی بازرگانی قوماشە) و، بەکر عوسمان مامۆستای ئینگلیزی، و ماجد (مامۆستای کوردی) هاتن .

ڕۆژی یەک شەممە (٢١-٤-١٩٩١)

دووبارە چوومەوە بۆ قوتابخانە، هەر هەمان کۆمەڵ هاتبوون، ئێوارە بورهانی برای براژنم، لەگەڵ کچێکی پورزای کە دایک و باوکی بە کیمیایی لە هەڵەبجە شەهیدبوبوون، هات بۆ ماڵمان، کچەکەی لە «بانە» دۆزیبوەوە، ئەو کچە بەپێ لەسلێمانییەوە بەرەو چوارتا و چۆمان و بانە چوبوو، لەماوەی (١٠) ڕۆژدا تەنها نانە ڕەقەی خواردبوو.

ڕۆژی دووشەممە (٢٢-٤-١٩٩١)

چووین بۆ قوتابخانە، هەواڵی گفتوگۆ و دانیشتن لە نێوان بەرە و میری دا هەر هەیە، ئەمڕۆش (مووچە) هەر نەبوو...

ڕۆژی سێ شەممە (٢٣-٤-١٩٩١)

کەمێک قەرەباڵغی کەوتۆتە ناو شار، بڕیاربوو ئەمڕۆ بەنزین بدەن بەڵام هەر قسەبوو.

ڕۆژی چوارشەممە (٢٤-٤-١٩٩١)

ئەمڕۆ حەڤدە ساڵ بەسەر کارەساتی قەڵادزێدا تێپەڕی، بەیانیەکەی چووین بۆ قوتابخانە، موچە

هەر نەبوو، کە هاتینەوە ناو بازاڕ تەنها سەوزە هەبوو، خەیار کیلۆی بە (٣) دینار بو، دەوترا بەعس ماوەی (٧٢) سەعاتی داوە بە کوردەکانی کەرکوک تا چۆڵی بکەن، هەروەها باس لە تەقاندنەوەی هەندێ خانووی گەڕەکی شۆریجەی کەرکوک دەکرا، شەوەکەی «قارەمانی برایمی حەمە خورشە» وتی کە ئێزگەکانی عێراق باسی کۆبوونەوەکەی صدام و مام جەلالی کردووە لەگەڵ (سامی عەبدولڕەحمان و رەسوڵ مامەند و نێچیرەڤان ئیدریس بارزانی)، ڕادیۆی مۆنتی کارلۆش ئەوەی دووبارە کردۆتەوە.

ئەمڕۆ ڕۆژنامەی عێراق وێنەی صەدام و مام جەلال و رەسوڵ مامەند و سامی عەبدولڕەحمانی بڵاوکردەوە.

ڕۆژی هەینی (٢٦-٤-١٩٩١)

هەر لەماڵەوە بووم، نەنکم حاجی حەلاوە کە پێمان دەوت «دادان»، باری تەندروستی زۆر خراپبوو، ئەمڕۆ نانمان نەبوو، دەنگوباسەکان لەبارەی وتەیەکی (خافێز دی کوییار) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بون کە دەڵێت: ئێمە (ئەنجومەنی ئاسایش)، لیژنە دەنێرین بۆ کوردستانی عێراق ئەگەر کوردەکان لەحکومەتی عێراق ڕازی بن ئەوا لەوانەیە گەمارۆی ئابوری لەسەر خۆراک و دەرمان لابەرین.

ڕۆژی شەممە (٢٧-٤-١٩٩١)

بەیانی ویستم بچم بۆ قوتابخانە، بەڵام لەلای (دوانـاوەنـدی سلێمانی کـچـان) مامۆستا نەجات عوسمان ڕەشید و ڕەئـوف جـەلال حەمەعەلی-م بینی، وتیان دەبێت بچین بۆ (ئامادەیی سلێمانی کوڕان)، کۆبونەوەیە بەمەبەستی (دەستپێکردنەوەی خوێندن)، تا سەعات (١) لەوێ بووین و هاتینەوە.

عەسر چووم بۆ بـازاڕ بلووریم کڕی بۆ کفنی دادان، (١٢) مەتر بە (٤٨) دینار، هەواڵی گواستنەوەی (١٠٠٠) کورد بۆ ئۆردوگای زاخۆ بۆ کارکردن باس کـرا، هـەروەهـا هـەواڵی هـەڵوەشـانـەوەی «جەیش شەعبی» چەکدارانی سەر بە حزبی بەعس هەبوو، هەروەها باس لە کردنەوەی گەشت بۆ دەرەوەی وڵات دەکرا لە (١٥-٥)ـوە.

هـەروەهـا هـەواڵـی داواکـردنـی فـەرەنسـا بۆ کۆبـونـەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و، باسکردنی گیرگرفتی کـورد لەسەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی صـدام لەگەڵ سەرکردەکانی کورد یەکێکی تربون لە باسوخواسەکان.

ئەمڕۆ فڕۆکەیەکی ئەمەریکی بۆ یەکەم جار لەسالی (١٩٧٩) وە گەیشتە فڕۆکەخانەی تـاران و (٣١ هـەزار) بەتانی ڕەنـگـاو ڕەنگی تیابوو بۆ ئاوارەکانی کورد و عێراقی.

ڕۆژی یەکشەممە (٢٨-٤-١٩٩١)

بەیانی سەعات (٦) چووم بۆ بەنزینخانەی عەقاری بۆ بەنزین وەرگرتن وام زانی چۆڵە، بەڵام سەرەی ئۆتۆمبێل بۆ کۆڵانەکانی گەڕەکی شۆڕش درێژبووبووەوە، سەعات (١٢ی نیوەڕۆ) بەنزینم بەرکەوت.

ڕۆژی دووشەممە (٢٩-٤-١٩٩١)

چووم بۆ قوتابخانە، موچە دەنگی هەر نەبو، ئەمڕۆ داداں بەتەواوی بێتاقەت بوو، لەقاچ جوڵان کەوت، داوای پرتەقاڵ و سێوی کرد، تەنها سێو پەیدا کرا.

ڕۆژی سێ شەممە (٣٠-٤-١٩٩١)

چووم بۆ قوتابخانە، سەعات (١) موچەی دوو مانگ بە یەکەوە دابەشکرا، (٣٦٩ دینار)م وەرگرت کە موچەی مانگەکانی (٣ و ٤-١٩٩١) بو، هەمووی پەنجا دیناری بوو کە «ئەو ساڵە عێراق دوو جۆر دراوی نوێی دەرکردبو، (پەنجا دیناری و ١٠٠ دیناری) بون، لەبەرئەوەی بەئاسانی تەزویردەکرا پاش چەند مانگێک بەکارهێنانی وەستێنرا»، کە هاتمەوە بژیو ون بوبوو، چوبوو بۆ ماڵی نەسرین خانی دراوسێمان، عەسر داداں تەواو بێ تاقەت بوو، دەنگی دەر نەدەهات و دەستی بەرز دەکردەوە

و دای دەنایەوە، ژیان سەیرە! شتێکی ئاساییە مرۆڤ لە مردن دەترسێ، ئایا چاوەکانی کە جارجار دەیکردەوە چی دەهاتە پێشچاو!؟ ژیانی ڕابردووی یاخود مردن! چەند ڕۆژە هیچی نەخواردووە، دادانم خۆش دەوێ پێم ناخۆشە بەجێمان دێڵێ، بەڵام ئەم جۆرە مانەش ناخۆشە، چونکە جەستە و دەروونی ناسکی هەمیشە لەئازاردایە، لەو بێ حاڵیەی خۆشیدا خەمی ئێمەو منداڵەکانی ئێمەیەتی، دڵسۆزە تا بڵێیت دڵسۆزە (ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ٢٤ ساڵ بەسەر کۆچی دا کە ئەم نووسینانە تایپ دەکەم فرمێسک بەری چاومی گرتووە)، شەو تا سەعات (٩) لای بووم، پاش ئەوە هاتمەوە ماڵەوە، ئەمشەو هەواڵی گواستنەوەی پەناهەندەکان هەیە بۆ ئۆردوگای زاخۆ، شەو پەیامنێرێک لە بەغداوە وتی کە نرخی کەلوپەل بەتایبەتی خۆراک لە (١٠٠٪ بۆ ٦٠٠٪) زیادیکردووە.

لەناو شاری سلێمانی پشتی دەبۆکە (ئێستا بووە بە بازاڕی کاسۆ مۆڵ) و نێوان سینەمای سیروان و سینەمای ڕەشید، هەروەها مەزادخانەکەی خوارەوە بووە بە جێگای لگاو (جۆرێکە لە قومار کە پارچە قوماشێک دەکرێت بە شەش بەشەوە، هەر بەشەی هێمایەکی لەسەر دروست دەکرێت (١- دینار ٢- تاج ٣- کۆپ (شێوەی دڵ) ئەم سێ هێمایە لەسێ خانەی سەرەوەن و ڕەنگیان سوورە ٤- سینەک ڕەشە ٥- قەرە ڕەشە ئەم دوانە وەک هێمای کاغەزی

یاری کۆتشینەن ٦- لەنگەر ڕەشە وەک هێمای لەنگەری کەشتی)، سێ مۆر (زار) کە ئەم شەش هێمایەی لەسەرە دەخرێتە ناو قوتوویەکەوە، ئەوەی یاری دەکات پارەکەی لەسەر یەکێک لەم هێمایانە دادەنێت، کە زارەکە هەڵدرا ئەوهێمایەی ڕووەو سەرەوە دەبێت، یەک بەرامبەر یا دوو بەرامبەر یا سێ بەرامبەر ئەو پارەیەی کە داینناوە وەردەگرێت، ئەم لگاوەش پارەکەی زۆرە و زۆرجار دەگاتە پەنجا دینار، هەندێ جار زیاتریش. ئەمشەو کارەبا نەکوژایەوەو تا بەیانی بەردەوام هەبوو!.

ڕۆژی چوارشەممە (١-٥-١٩٩١)

سەعات(١٢ی نیوەڕۆ)دوو فڕۆکەی هاوپەیمانەکان بەسەر ئاسمانی سلێمانی دا دەسوڕانەوە، پێنج لۆری گەورە دەرمان لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتبون، لۆریەکان هێمای (UN)یان پێوەبو، هەواڵەکانی شەویش بریتیبون لە بەردەوامیی گێڕانەوەی پەناهەندەکان بۆ ئۆردوگاکانی یوئێن، کە لەنزیک زاخۆ دروستیکردبووون.

لەو ڕۆژەدا نرخی هەندێک خواردنم پرسی بۆ ئەوەی تۆماریان بکەم، بەم شێوەیەبو:

- یەک کیلۆ گۆشتی مەڕ بە (١٥) دینار.
- یەک کیلۆ گۆشتی گا بە (١٢) دینار.
- یەک کیلۆ پاقلە بە (یەک دینارو پێنج سەد فلس).

- یەک کیلۆ خەیار بە (سێ دینارو دووسەدو پەنجا فلس).
- دەستەیەک پیاڵە (١٢) دانە بە (٢٠) دینار.
- یەک کیلۆ سێوی ئێرانی بە (٤) دینار.
- یەک کیلۆ شەکر بە (٤) دینار.
- یەک کیلۆ برنج بە (پێنج دینارو پێنج سەد فلس).
- یەک تەبەق هێلکە بە (١٣) دینار.

ڕۆژی پێنج شەممە (٢-٥-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆ لای «د.شازاد شێخ عەلی» بۆ ئەوەی کە هەندێک دەرمانم بۆ بنووسێت بۆ چارەسەرکردنی «دادان»، پاشان چووم بۆ قوتابخانە، هەندێک قوتابی پۆلی شەشەمی ئەدەبی هاتبوونەوە، پرسیارم لێ کردن کە چ کەسێک کارەساتی ناخۆشی دیوە بۆم بگێڕێتەوە.

قوتابییەک چیرۆکێکی گێڕایەوە کە بەچاوی خۆی بینیویەتی: دوو ڕۆژ پاش ڕەوەکە لەلای ناحیەی «خورمال»ەوە ژنێک «ژان» گرتی، بردیانە ناو دەغڵودانەوە بۆ ئەوەی منداڵەکەی ببێت، کوڕێکی بوو، خستیانە ناو مەلۆتکەیەکەوە و بەجێ یان هێشت، ئەو خێزانە (٤) کوڕو (٣) کچیان هەبوو، لەو کاتەدا پیاوێکی ناسراوی قوتابیەکە منداڵەکەی هەڵگرتۆتەوە و لای خۆی داینناوە، وتی سەیرمان

کرد ئۆتۆمبێلێکی جۆری «تۆیۆتا سوپەر سالۆن» کە زیاتر دەوڵەمەندەکان هەیانبوو، ژن و پیاوێکی تێدایە، ژنەکە شیر ئەداتە منداڵەکەی، پاش ماوەیەکی کەم ژن و پیاوەکە دابەزین لەناو صندوقی ئۆتۆمبێلەکە خۆراک دەربهێنن، لەو کاتەدا ئەو پیاوەی ناسراوی من دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و منداڵەکەی لای منداڵەکەی ئەوانەوە دانا، کە ژنەکە گەڕایەوە هاواری کرد:- ئەیەڕۆ منداڵەکەمان بووە بە دووان، مێردەکەی وای زانی ژنەکەی لەئەنجامی ئەو هەموو نەهامەتییەی بەسەر خەڵکدا هاتوە عەقڵی لەدەست داوە، هاتە لایەوە وتی:- چــی!!؟ کە ئەویش سەیری کرد منداڵێکی دیکەی لێیە وتی دیارە ساوایە، تازە لەدایکبووە، وتی ئەو شەوە ژنەکە بەچاوی دایک تەماشای ئەو منداڵەی دەکرد و گومانی لێبو کە وتی «چەند جوانە، کوڕیشە».

مێردەکەی وتی:- شیری بدەرێ

وەڵامــی دایــەوە:- نەک شیری ئەدەمێ، بەڵکو دەیکەین بەکوڕی خۆمان و دەیبەینەوە بۆ سلێمانی، وا کوڕێک و کچێکمان هەیە..

دوای نیوەڕۆ لەناو بازاڕ و شەقامەکانی «گۆران و مەولەوی و پیرەمێرد» کە تەنها ئەو سێ شەقامە دەرمانخانەی لێ بوو، گەڕام بەڵام دەرمانخانە نەبوو و دەرمانەکانم دەست نەکەوت.

ڕۆژی هەینی (٣-٥-١٩٩١)

هەواڵەکانی ڕادیۆ لە سەعات (٩)ی شەودا:

- هێزەکانی هاوپەیمانەکان سنووری دەسەلاتی خۆیان لە کوردستانی عێراق فراوانکردووە، لە زاخۆوە تا سەرسەنگ و ناوچەکانی دەوروپشتی سەرسەنگ، سوپای عێراق وێستبووی کۆشکەکانی صەدام حسێن لە «سەری گارە و ئەنشکی» بڕووخێنن، بەڵام سوپای هاوپەیمانەکان گەمارۆی ئەو هێزەیان دا کە گاردی کۆماری بوون و نەیانهێشت ئەو کارە بکەن.

- هەفتەی داهاتوو، گفتوگۆ لە نێوان کورد و حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی مەسعودبارزانی دەست پێ دەکات.

- «دان کۆیل» جێگری سەرۆکی وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، داوای کردووە سەدام حسێن لە عێراقدا نەمێنێت و جێگەکەی بۆ دەسەلاتێکی دیموکراتی بەجێ بهێڵێت.

ڕۆژی دووشەممە (٦-٥-١٩٩١)

شەو هەواڵەکان بریتی بوون لە گەیشتنی «مەسعود بارزانی» بۆ بەغدا، ئەم دوو ڕۆژە چەند سەربازێک و ئەفسەرێک کوژراون، لەوانەیە کاری بزوتنەوەی ئیسلامی یان شیوعییەکان بێت، بەو پێیەی یەکێتیی و پارتی لەگەڵ ڕژێم لە گفتوگۆدابوون.

ڕۆژی چوارشەممە (٨-٥-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆ قوتابخانە، سەر ڕێگاوبانەکان بە سەرباز گیرابوون، چوارڕێیانی بەردەم بینای حەسیب سالّح و باخی گشتی بەرەو هەر چوارلا دۆشکە و هاوەن دانرابوون، باسی ئەوە کرا کە قوتابیەک بەناوی (جەمال سەعید سالّح) تەقەمەنی بە دەستیا تەقیوەتەوە و (٤) پەنجەی پەڕیوە.

ئەمشەو مسعود بارزانی وەک نوێنەری بەرەی کوردستانی و سەدام حسێن کۆبوونەوە.

ڕۆژی پێنج شەممە (٩-٥-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆ قوتابخانەی ئەزمەڕ، لە پۆلی پێنجەمی وێژەیی چەند ڕووداوێکیان گێڕایەوە، لەوانە: (سورکێو)ی بۆ سۆران «ئەم سۆرانە ئالای شۆڕش بوو، هاتەوە سلێمانی و لە ناو شاردا لەپێش ڕاپەڕین کوژرا، بەهۆی شێرکۆوە ناسیم، سورکێو لە ئەزمەڕ و خوشکێکی لە بنار وانەم پێ وتوون»، وتی: لەکۆڕەوەکەدا لەلای پردەکەی «کەناروێ» ژنێک کۆچی دوایی کرد، بەلّام تەنها بوو و کەسی لەگەلّدا نەبو، (٣ هەزار دینار)ی عیراقی پێ بوو، خەلّکەکە دوو دلّ بوون لە ناشتنی، بەلّام دوایی ناشتیان و چەند کەسێک ناونیشانی خۆیان دا و وتیان ئەم پارەیە لای ئێمەیە، هەرکاتێک کەسێکی ئەم ژنە پەیدابوو ئێمە پارەکەی دەدەینەوە، دواتر

چەند کەسێکی تر لە بانە پیاوێک و (٣) منالّ دەبینن بەدوای دایکیاندا دەگەڕێن، دەردەکەوێت کە ئەو ژنە دایکیانە و لە یەکتر ون بوبوون.

ڕۆژی هەینی (١٠-٥-١٩٩١)

هیەواڵی ئەمڕۆ بریتی بوو لە زۆر بوونی خواردەمەنی لە پێنجوین، چونکە خاچی سوری نێودەوڵەتی پەنیر و ئارد و ڕۆن و چا و هتد.. دابەش دەکات.

ڕۆژی شەممە (١١-٥-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆ قوتابخانەی ئەزمەڕ، پاش ئەوە نیوەڕۆ بۆ قوتابخانەی بنار، لە قوتابخانە قوتابیەکی پۆلی چوارەم گێڕایەوە: «لەلای پردەکەی قەڵاچوالان ئۆتۆمبێلەکەمان شکابوو، ژنێک منداڵێکی ساوای لە باوەشدابوو و بەلای ئێمەدا تێپەڕی، بەڵام نەمانزانی کە منداڵەکەی مردووە، پاش ماوەیەک ئۆتۆمبێلەکەمان چاککردەوە و دووبارە لای سوورە قەڵات تووشی بووین، چەند ژنێک لەپشتی ئەو ژنەوەبوون، پێیان دەوت بۆ ئەو منداڵە فڕێنادەی کە مردووە، باری خۆت سووک دەبێت! ئەو ژنە هەر ئاوڕی لێ نەدەدانەوە، ئەو کاتە زانیمان کە منداڵەکە مردووە، بۆ ڕۆژی دوایی لە سەروتر وتیان ژنێک و منداڵێک لە برسانا مردوون، کە نزیکبوونەوە سەیر

دەکەین هەمان ژنەکەیە و منداڵەکەی لە باوەشدایە، بەواتایەکی تر ئەو دایکە منداڵەکەی بە مردوویی فڕێ نەداوە کە دیارە لە برساندا مردووە، تاوەکو هەردووکیان بە برسێتی سەریان ناوەتەوە..»

(هەوراز)، کە تۆیژەری کۆمەڵایەتییە لە (ئامادەیی هەرێمی ئێواران)، بۆی گێڕامەوە، وتی: مامۆستا باوکم لە کۆڕەوەکە لەناوچەی شارباژێڕ بوون، باوکم چووە بۆ دار کۆکردنەوە، کە هاتۆتەوە زۆر بێتاقەت بووە، دایکم لێی پرسیوە بۆ وا بێ تاقەتی؟، وتویەتی: «ئێستا گوێم لێبو ژنێک داوای بەتانییەکی لە پیاوێک دەکرد بۆ منداڵەکەی کە خەریکە لە سەرمادا ڕەق دەبێتەوە، کابرا وتویەتی نایدەم، ژنەکە وتوویەتی چیم لێ ئەکەن بیکەن، بەس بەتانییەکم بدەرێ تا منداڵەکەم نەمرێت»، ئەمە ئاستی خۆشەویستی دایک بۆ منداڵی دەردەخات!..

قوتابیەکی تر گێڕایەوە: «ئامۆزایەکم بە ڤیدیۆ وێنەی ئەو ژن و منداڵەی گرتووە کە لەبرساندا مردون یان ڕەق بوونەتەوە، ڕووداوەکانی کۆڕەوەکەمان بە وێنە تۆمار کردووە، لەوکاتانەدا لەبەر زۆری باران بارین نایلۆنمان هەڵداوە بۆ ئەوەی بتوانین وێنەکان بگرین..

قوتابیەکی تر گێڕایەوە: «لە نزیک قەڵاچوالان مامێک نانیان دەکرد، ژنێک کە سێ منداڵی پێ بوو، لە تەمەنەکانی شیرەخۆرە و ساڵ و نیو و

شەش ساڵدا، داوای نانی لێکردن نەیاندایە، ژنەکەش لەبێدەسەڵاتی خۆیدا و بێ هیوابوونی لەژیان، منداڵە شیرەخۆرەکەی و ساڵ و نیوەکەی خستە ناو ئاوەکە و بەجێی هێشتن، ئەو ماڵەش کە نانەکەیان دەکرد، منداڵە شەش ساڵەکەیان گرتە خۆیان!».

ڕۆژی یەکشەممە (١٢-٥-١٩٩١)

چووم بۆ قوتابخانەی ئەزمەڕ، بڕیاربوو گۆشت بکڕم، چونکە بە ڕەسمی نرخەکەی کرابوو بە (١١ دینار)، بەڵام گۆشتفرۆشەکان (قەصابەکان) مانیان گرتبو و گۆشت نەبوو..

ڕۆژی دووشەممە (١٣-٥-١٩٩١)

ئەمڕۆش گۆشت هەر نەبوو، هەواڵەکان بریتی بوون لە بەردەوامیی گفتوگۆی نێوان مەسعود بارزانی و سەدام حسێن، لە بەریتانیا ئاهەنگێکی موزیک و گۆرانی سازکرابوو، بەهۆی مانگی دەستکردەوە بۆ (٣٠) وڵات پەخش کرابو، داهاتەکەی کە (١٠ ملیۆن جونەی ئیستەرلینی) بو، بۆ پەناهەندەکانی کورد تەرخانکرا.

ڕۆژی سێ شەممە (١٤-٥-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆ قوتابخانەی بنار، «گسکی لێ درابوو»، تەنانەت تەختەی دانیشتنی قوتابی، دەرگا،

گلۆپ و قاعیدەکەی، سویچ پلاکی کارەبا، تەنکی ئاو، تەنکی نەوت، ئەمپلیفایەری قوتابخانە، هەر هەموو شتێکیان بردبو، تەنها دیوارەکان مابونەوە، چەند قوتابیەک چەند ڕووداوێکیان گێڕایەوە:

«ناسک» قوتابیەکی پۆلی چوارەم بو، گێڕایەوە: لە ناوچەیەکی شارباژێر ئاگرمان کردبووەوە و خۆمان گەرم دەکردەوە، ژنێک کۆڵێکی بە پشتەوەبوو، وتی ئەتوانم خۆم گەرم بکەمەوە؟ وتمان فەرموو، داوای لێکردم کە کۆڵەکەی پشتی لێ بکەمەوە، لەو کاتەدا لەدەستم کەوتە خوارەوە، زۆر ترسام، هەموو گیانم دەلەرزی، سەیرمان کرد منداڵەکەی ڕەق بۆتەوە و مردووە.

هەر ئەو گێڕایەوە: لەپردەکەی چۆمان پیاوێک لەکاتی پەڕینەوەدا بەتانییەکی لێ کەوتە ناو ئاوەکە و ئاوی بەخۆڕ بردی، کە پەڕییەوە ئەمبەر، پیاوەکە دەستی کرد بەگریان، دڵنەواییمان دایەوە کە بەتانیەک گریانی ناوێت، گرنگ ئەوەیە خۆت ساغ و سەلامەتی، وتی بۆ ئەوەی ناو بەتانییەکە دەگریم، وا تێگەیشتین منداڵی تیابووە، وتی (٨٠ هەزار دیناری عیراقی) تیا بووە، بۆیە دەگریم!.

ڕۆژی چوارشەممە (١٥-٥-١٩٩١)

ئێوارە سکاڵانامەی «تعویض»ـەکەم بۆ هەموو ئەوشتانەی لە ڕۆژانی کۆڕەوەکە لەماڵەکەم

دزرابوو، دا بە «مفەوەز ئاسۆی حاجی ئیبراهیم» لەبنکەی پۆلیس، پێشتریش تۆمارم کردبوو، بەڵام هیچی لێ سەوز نەبوو.

ڕۆژی پێنج شەممە (١٦-٥-١٩٩١)

لە قوتابخانەی ئەزمەڕ باسی ئەوەیان کرد بڕایەکی مامۆستا «جەمال حەسەن فەرەج» بەڕێوەبەری ئەزمەڕ بەناوی «ئەحمەد» کە لە شەڕەکەی «چیمەن» لەکۆتایی مانگی ئازار شەهید بووە، ئەمڕۆ تەرمەکەیان هێناوەتەوە کە تەنها ئێسک و پڕوسکی مابو و سەری نەمابو، ڕۆیشتین بۆ گۆڕستان و بەشداری ناشتنەوەکەیمان کرد.

بەردەوام بەیانیان دەچووین بۆ قوتابخانە، وردە وردە قوتابیەکان دەهاتنەوە و هەوڵمان دەدا کە خوێندن ئاسایی بکەینەوە، پاش تەواوبوونی بابەتی خوێندن، وەک سروشتی خۆم پرسیارم لە قوتابیەکان دەکرد بۆئەوەی لە کاتی کۆڕەوەکەدا هەر ڕوداوێکی سەرنجڕاکێشیان بینیوە، بۆمان بگێڕنەوە، قوتابیەک باسی بۆردومانی ڕۆژی (٣-٤-١٩٩١)ی ناوچەی قڕگە)ی کرد: هەلیکۆپتەرەکە (ساروخێک) موشەکێکی گرتە خەڵکەکە کە (٩) کەس بوون، شەشیان لەوێدا شەهید بوون، سیانیان ڕزگاریان بوو، بەڵام لەو سیانە یەکێکیان کە تەمەنی (١٧ ساڵان)بو بریندار بو و بڕینەکەی تووشی نەزیف

بـو، دواتـر لـه عـەربـەت کۆچی دوایـی کـرد، وەک ئەو قوتابیە وتی ئەو ١٧ سالانە برای قوتابییەکی قوتابخانەی خۆمان بو لە پۆلی چـوارەم بەناوی (خۆشناو).

ڕۆژی شەممە (١٨-٥-١٩٩١)

لە قوتابخانەی بنار، خوێندکار «کـەژاڵ بایز» کە ئەمڕۆ هاتبووەوە گێڕایەوە: لەکۆڕەوەکە لەڕێگا پێڵاوەکەم لە پێ داکەنرا و ماوەی سێ سەعات بە پێخاوسی ڕۆیشتووم، بەناو ئەو قوڕو بەردە تیژانەدا بنی پێم هەمووی خوێن بوو، هەموو ئاواتێکم بریتی بـووە لـەوەی کە جووتێک پێڵاوم دەسـت بکەوێت و ئیرەیی (حـەسـوودی)ـم بـەو کەسانە دەبـرد کە پێڵاویان لە پێدابووە، لە دواییـدا پێشمەرگەیەک جووتە پێڵاوەکەی خۆی دامێ ئەگەرچی گەورەش بوو بە پێم، بـەڵام وەک گەورەترین یادگار هەڵم گرتووە و لەگەڵ خۆم هێناومەتەوە.

ڕۆژانی (٢٠ تـا ٢٩-٥-١٩٩١)

ڕووداوەکـان هـەروەک یـەک بـوون، گفتوگۆی نێوان بـەرەی کوردستانیی و میریی بـەردەوامـە، ناوبازاڕ قەرەباڵغ بۆتەوە، خواردەمەنی زیاتر بەرەو موسڵ و بـەغدا دەڕوات، هێزی هاوپەیمانەکان هاتوونەتە ناو دهۆکەوە.

ڕۆژی پێنج شەممە (٣٠-٥-١٩٩١)

بەیانی لەناو بازاڕ بووم، لەبەردەم بانکی (ڕەشید) بەرامبەر سەرای سلێمانی، (٢٠ تا ٣٠) فەردە ئاردی (UN) دانرابوو و بەسەر فەرمانبەرانی بانکدا دابەشدەکرا، بە زەرف و بە کێشان دابەشیان دەکرد، ئێوارە لە ماڵەوە بووم (ڕزگار حیکمەت ئەمین)ی مێردی پوورم (مەقبولە) هات، وتی: لە ناو بازاڕ قڵیشاوەتەوە، سەربازێک گوایە ئۆتۆمبێلەکەی بڕێکی تەقیوە لای مزگەوتی گەورە ژنێکی کردووە بە ژێرەوە، خەڵکەکەش سەربازەکەیان کوشتوە و قڵیشاوەتەوە.

شەوەکەی جار بەجار دەنگی تەقە دەبیسترا، سەعات (١٠:١٠ خولەک) چەندین زرێپۆش کە سەربازیان بەسەرەوە بوو بەرەو ناوشار کەوتنەڕێ، چەند جارێک دەنگی گوللە تۆپ بیسترا، کارەبا چەند جارێک هاتەوە و کوژایەوە، دواجار کوژایەوەو تاوەکو بەیانی کارەبا نەبوو، چەند مەفرەزە و (کۆنترۆڵ)ێک لەناو بازاڕ و بەدیاریکراوی لەسەر پردەکە (پردەکەی شەقامی مەولەوی)، لای سجنەکە (شوێنی پارکی دایکی ئێستا)، لای گەراجی مەصلەحە (تەنیشت مەڵبەند) دانرابوون، ئەم ماوەیە دەوامی قوتابخانەمان دەکرد و تاقیکردنەوەی سەری ساڵی (١٩٩٠ بۆ ١٩٩١) لە هەموو قوتابخانەکانی ناو شار ئەنجامدرا.

ڕۆژی شەممە (٢٩-٦-١٩٩١)

تاقیکردنەوەی بەکالۆریای شەشەکان دەستی پێکرد، لە قوتابخانەی (١٧ی تەموزی کچان) بووم لە تووی مەلیک، دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ دواناوەندی تـووی مەلیک، دوو سـەرباز و دوو پێشمەرگە پاسەوانی هۆڵی تاقیکردنەوە بوون.

ڕۆژی پێنج شەممە (٤-٧-١٩٩١)

بەیانی سەعات (٨) بەئۆتۆمبێلەکەی خۆم لەگەڵ منداڵەکانم، لەسلێمانی بەرەو پێنجوین دەرچووین، سـەعـات (١١) گەیشتینە ئـەوێ و چـووێـن بۆ «چواریاغ»، کە ماڵی شێرکۆ لەتەنیشت ماڵی بەکری حاجی سەفەر لە کەپرێک و چادرێکدا بوون، نیوەڕۆ لەوێ بووین زۆر فێنک بوو، شەوەکەشی هەر لەوێ لەناو چادرەکەدا ماینەوە، سارد بوو!.

ڕۆژی هەینی (٥-٧-١٩٩١)

بەیانی چوومەوە بازاڕ پاتریێەکم کڕی بە (١٣٠ دیـنـار)، نـیـوەڕۆ چەند بـرادەرێـکـی شێرکۆ هاتن گفتوگۆیان لە بارەی کاری سەرکردەکانی شۆڕش دەکرد، لە دزینی ئۆتۆمبێل و ئاودیوکردنی شۆفڵ و هتد.. ئێوارە سەعات (٥) دەرچووین و سەعات (٨:٣٠ خولەک) گەیشتینەوە سلێمانی.



ڕاپەڕینی دووەم

ڕۆژی پێنج شەممە (١٨-٧-١٩٩١)

لە ماوەی نێوان (١١-٧ تا ١٨-٧-١٩٩١) لەساردراو ئیشم دەکرد، (ئێستە بووە بەپردی کۆبانێ)، چونکە دەوامی قوتابخانە تەواو بوبوو، بەئۆتۆمبێلەکەم هەرچەندە تابیەت بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تر کاری تاکسیمان پێدەکرد و خەڵک و سەربازمان دەگواستەوە بۆ گەراج یان مەعەسکەر مرور، (ئەو سەربازانەی مۆڵەتیان وەردەگرت دەچوونە مەعەسکەر مرور لەلای گەڕەکی ڕاپەڕین، بە پاسی عەسکەری دەڕۆیشتنەوە بۆ بەغدا و شارەکانی تر)،

ئەو سەربازانەی کە سەرم دەخستن زۆر ناڕازی بوون لە میری و قسەکانیان بۆنی ئەوەی لێدەهات کە (١٠)ی موحەرەم لە (کەربەلا و نەجەف و بەسرە) دەقەومێت، ئەو ڕۆژە سەعات (١١:٣٠ خولەکی پێشنیوەڕۆ) دوو ئۆتۆمبێلی جۆری لاندکرۆز و لاندرۆڤەری عەسکەری کە سەربازیان تێدابوو بەرەو ناو ساردراو ڕۆیشتن، پاش ماوەیەک هاتنەوە، چەند قسەیەکیان لەگەڵ سەربازەکانی ناو بازگەکە کرد، ئەوانیش هاتن بە ئێمەیان وت کە کەمێک بچینە خوارتر بوەستین.

سەعات (١٢:١٠ خولەکی نیوەڕۆ) بوو لاندکرۆزێکی سپی کە پێشمەرگەی تێدابوو لەلای بازگەکە وەستا و پێشمەرگەکان دابەزین، ماوەی نزیکەی (٥ خولەکێک) مانەوە، لەو کاتەدا سێ سەرباز لەگەڵ منداڵ سەرکەوتبون کە بەرەو (مەعەسکەر مرور) بڕۆین، دەرچوین و گەیشتینە سەر قیرەکە و تەقە دەستی پێ کرد، لە ئاوێنەکەوە سەیرم کرد ڕاکردن پەیدابوو، منیش خێراترم کرد، سەربازەکانی ناو ڕەبایەی سەر گردەکەش چەند ڕیزێک تەقەیان کرد و ئێمە بەسەلامەتی دەرچوین، سەربازەکانم گەیاندە جێگای خۆیان و هاتمەوە ماڵەوە.

لە دووڕیانەکەی سەرچنار، (پردی دووەم نەکرابوو)، بارودۆخ ئاسایی بوو، بەڵام کە گەیشتمە بەر یانەی ئەندازیاران پێشمەرگە بەملاوئەولادا

بڵاوبوبوونەوە، سەعات (١٢:٣٥ خولەکی پاشنیوەڕۆ) بوو چەند دەستڕێژێک کرا، سەعات (١:٤٠ خولەک) سەربازەکانی سەر پردەکەی سەهۆڵەکە لەلایەن گەنجانی گەڕەکەوە، یەک لەوانە (نـەوزاد) بو، کە دواتـر بـۆو بە سـەرۆکی ئەنجومەنی سەهۆڵەکە، چەک کران و پێشمەرگە دەستی بەسـەر شـەقامەکەدا گـرت، (پـردی سـەهۆڵەکە لـەسـەر شـەقامی سالم پردێک بو بۆ پەڕینەوەی هاووڵاتییان دروستکرابو، دوای ڕاپەڕین ئەم پردانە تێک دران).

تەقە کردن هەر بـەردەوام بوو.. پاش ماوەیەک چەند چەکدارێک سێ پانتۆڵ و کراس لەبەریان پێش خۆیان دابـوو، بـەرەو کۆمیتە بردیانن، خەریکبوو لەلای کارگەی سەهۆڵەکە بیانکوژن، کوڕانی گەڕەک هاواریان لێکردن لێرە مەیانکوژن، سەعات (٤:٣٠) ی عەسر لە تارمەکەمان کە بەرامبەر شەقامی سـەهـۆڵـەکـە بـوو، مـن و بـاوکـم و ئـازادی بـرام دانیشتبووین، گرمەیەکی گەورە هات و تەپ و تۆز هەستا، گوللـە تۆپێکی تانک بـەر ژوورێکـی مالّی «ئەحمەد» کەوتبوو کە دراوسێمان بون و مالّیان بەرامبەر کارگەی سەهۆڵەکە بوو، تەقەکان زۆربەی لای کارگەی جگەرەکە و حەسیب صالحـەوە بوون، تەقە لە خوارەوەش هەبوو، گوللـە تۆپ و ئاڕ پی جی هەر زرمەیان دەهات.

سەعات (٦ی ئێوارە) بوو چەند پێشمەرگەیەک نزیکەی (٢٠) سەربازیان پێش خۆیان دابوو بەرەو کۆمیتە (مەبەست شوێنی مەڵبەندی ئێستایە)، سەعات (٦:٣٠) کۆمەڵێکی تر سەرباز لە تراکتۆرێکدابوون بەرەو هەمان جێگایان بردن.

پێش سەعات (٧) تەقە کەمبووەوە، وادیاربوو تەقە وەستابوو، تەلەفۆنم کرد بۆ مالّی «مەعصوم» خانی دایکی خێزانم، وتی کە «تەها»ی مێردی «گوڵنار»ی ژنخوشکم پارچەی هاوەنی بەرکەوتووە، ڕۆیشتم بۆ مالّی کاک تەها، لە ڕێگا چەند چەکدارێکی میری لە ئەمنەکە (چالاکی قوتابخانەکانی ئێستە) و منظمە (لقی چواری پ.د.ک لەئێستادا) هەبوون، مالّی کاک تەها (ئێستا شوێنەکەی بووە بەگەراج کە خوار حەسیب سالّح بو بە بەری بازاڕەوە)، دوو هاوەنی بەر کەوتبوو، یەکێک لەناو حەوشەکە و یەکێک لە بەر دەرگا، بەرامبەریان چەند کوڕاوێکی لێ بوو و خەڵکێکی زۆریش بریندار بوبون، دیاربو سەربازەکانی ناوەندی سیروان و حەسیب صالّح مقاوەمەیان کردبوو.

لەسەر یانەی فەرمانبەران (تەنیشت باخی گشتی) سەربازی لێ بوو بەچەکەوە، لای «فولکەی تۆپەکە» کە ئێستا نەماوە (٢٠) مەتر سەروو یانەی فەرمانبەران پێشمەرگەی لێبوو، بارودۆخێکی زۆر سەیر و نامۆیە!، کەس تێ ناگات، هەموو تاساون،

که ئێواره هاتمەوە لای سەراوە لاشەیەکی لێ بوو، هەروەها لای «مجمع دوائر» کەدواتر بوە زانکۆی سلێمانی و «منظمەی عثمان» دواتر بوو بە ئاسایش، و ئاوەکەی مەجید بەگ مەبەست ئەو شەمعەیە کە لەسەر شەقامی دانیال میترانە، تەنیشت زانکۆی سلێمانی، نزیکەی (٢٠) تەرمم بینی کەوتبون، بەرەو خوار بووینەوە لای یانەی ئەندازیاران زۆر قەرەباڵغ بوو، لەبەری کارەباکە (ئێستا کۆمپانیای زەریا دەیکاتە تاوەر) (٥) (تانک)ی لێبوو کە دووانیان سووتابوون، لەبەردەم مزگەوتی حاجی حەسەن (٣) تانکی تری لێ بوو کە کاریان پێ دەکرد، لە ژێر پردەکەی گەراجی مەصلەحە (ئەو پردە لەبەردەم مەڵبەندی ئێستا بوو)، دوو زرێپۆش یان تانک بوون سوتابوون، لە چوارڕێیانەکەی لای تراییە کۆنەکە دوو زرێپۆشی لێ بوو کە یەکێکیان کاری دەکرد، لە خوارتر خوار (ساحەی تراییەکە) چەند تانکێک دەسووتان، چەند زرێپۆشێک برابونە سەر گردەکەی ڕیعایە، ئەو گردەی دواتر بوو بە بارەگای (UN).

شەو کارەبا نەبوو، زۆر گەرم بوو، سەعات (١١:٤٠ خولەک) کۆمەڵێکی زۆر سەرباز بەنزیکەیی (٣٠٠) دەبون، بە دیلی بەرەو خوارەوەی شار بران، ئەم ڕووداوانەی ئەمڕۆ بە ڕاپەڕینی دووەم ناوزەدکرا.

ڕۆژی هەینی (١٩-٧-١٩٩١)

بەیانی چومە ناو بازاڕ، چۆڵ بوو، جار بە جارێک دەنگی تەقە دەبیسترا، نیوەڕۆ کارەبا هەر نەبوو، ئاو نەبوو، گەرماکە زۆری بۆ هێنابوین، عەسر چووم بۆ مزگەوتی صلاح الدین (٤) پرسەی لێبوو، یەکێکیان هی نەبەزی کوڕی عوسمانی خاڵی «نازە»ی براژنم بوو، کە هاتمەوە سەرا تاوەکو محافظە (شەقامی مەولەوی)، سەربازی لێ نەبوو، بەڵام سەر ئەمنەکە و منظمە چەند چەکدارێکی میری لێ بوو، کە گەیشتمە لای دەرگای کارگەی جگەرەکە، پێشمەرگە لەبەر ئەمنەکە بە پەلە بڵاوبوونەوە، واتێگەیشتم قڵیشانەوە بێت، بەڵام دوایی دەرکەوت کە (نێچیرڤان بارزانی) بووە و (١٤) ئۆتۆمبێلی چەکداری لەگەڵدا بوو.

ئێوارە «جەوهەر عەبدوڵڵا ئابڵاخی» کە مامۆستای ئامادەیی ئەزمەڕبوو هات وتی: (١٧) تانک سووتاون و سەربازەکان لە یانەی ئەندازیارانن، خەڵکی گەڕەک خواردنیان بۆ بردوون، هەروەها ڕەبایەیەکی نزیک ئەلبیسەکە (کارگەی جلوبەرگی ئامادە) مقاوەمەی کردووە و تەسلیم نەبووە، گەرچی (٣) تانکیان بردووە بۆ لێدانی، ئەوانیش چوونەتە ناو حەشارگەکان و تەسلیم نابن.

شەو سەعات (١٢) ئێزگەی مۆنتی کارلۆ بڵاویکردەوە: نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە سلێمانییەوە وتوویانە لە سلێمانی و هەولێر (٥٠٠) کوژراو هەن.

ڕۆژی شەممە (٢٠-٧-١٩٩١)

ئەو ڕۆژە، فەرمانبەرە ئافرەتەکانی فەرمانگەکان مۆڵەتدرابون و نێردرابونەوە ماڵەوە، سەعات (١١) لە ناو بازاڕبووم ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسی هاتوچۆ جۆری «سوپەر» بە بڵندگۆ داوای دەکرد کە فەرمانبەران و مووچەخۆرانی میری بچنەوە سەر کاروباری خۆیان و ڕێگەنەدرێت بە «گێرەشێوێنەکان»، کە ئاژاوە بخەنە ناوشارەوە، پاش ئەوان نزیکەی (١٣) پیکاب و لاندکرۆز و شۆفێرلێتی پیکاب و لۆری پێشمەرگەیان بەسەرەوە بوو و بەناو شاردا دەگەڕان، هەر هەمان کات لە لای بانکی عەقاری (پشت حەسیب سالح)، (٣) ئۆتۆمبێلی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) دەگەڕان.

ڕۆژی دووشەممە (٢٢-٧-١٩٩١)

سەعات (١٠)ی بەیانی چووم بۆ بازاڕ، لەوێ مامۆستا «تەیب»ـم بینی جێگری بەڕێوەبەری ناوەندی کاژاو، وتی نوسراوەکەتان هاتووە، ڕۆژی ٢٤ی ئەم مانگە بچن بۆ بەغداد «دیارییەکە» وەربگرن، بەڵام تەنها (٥) کەسن، لەگەڵ «فوئاد مەجید عەلی» چووم بۆ لای مامۆستا «حەمە جەلال» کە لە دواناوەندی کاژاو مامۆستابوو و لە بازاڕی خەفاف دوکانی هەبوو، نوسراوەکەم لێ وەرگرت و (کۆپی)ـم کرد، سەوزەم کڕی و هاتمەوە بۆ ماڵەوە.

ڕۆژی سێ شەممە (٢٣-٧-١٩٩١)

عەسر چووم بۆ بازاڕ، (٥٠ دینار)م لە (حەمەی حاجی مارف کونجرینی)، کە هەم دراوسێمان بوو و هەم هاوڕێم بوو، بۆ سەفەرەکەم وەرگرت.

ڕۆژی چوارشەممە (٢٤-٧-١٩٩١)

سەعات (٣)ی بەیانی، خۆم ئامادەکردو چوومە سەر جادەکە (شەقامی سالم - سەهۆڵەکە)، نیو سەعات وەستام ئۆتۆمبێل نەبوو، سەعات نزیکی (٤) ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆزەر هات و بەرەو گەراجی بەغدا سەرکەوتم لەگەڵیدا، بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (سوپەر)، کە کرێکەی (٢٠ دینار) بوو، بەرەو بەغدا بۆ وەرگرتنی دیارییەکەم کەوتمەڕێ، سەعات (٨:٤٥ خولەکی بەیانی) گەیشتینە بەغداد، خۆم گۆڕی و چووم بۆ (هۆڵی صدام)، وەزیر قسەی کرد، پاش ئەو ناو خوێندرایەوە و ناوی منیشیان خوێندەوە و (٥٠٠) دینار لەگەڵ بڕوانامەیەکی ڕێزلێنانمان وەرگرت، کە لەلایەن وەزیری پەروەردەی عێراقەوە ئیمزاکرابوو، سەعات (١٢ی نیوەڕۆ) هاتمە گەراج سواری پاصێک بووین و سەعات (١) بەرەو سلێمانی کەوتینەڕێ، سەعات (٧) گەیشتمەوە سلێمانی بە (٥٠٠) دیناری چاپی عێراقیەوە، بەڵام من بە هیوای وەرگرتنی «ئۆتۆمبێل» بەرەو بەغدا کەوتبومەڕێ! چونکە پێشتر دیاری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ

مامۆستا سەرکەوتوو و یەکەمەکان ئۆتۆمبێل بو، ئێمەش «دواناوەندی کاژاو» لەسەر ئاستی عێراق ساڵی (١٩٨٩ بۆ ١٩٩٠) پلەی دووەممان هێنابوو و من وانەی ئابووریم بە پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەوتەوە.

ڕۆژی پێنج شەممە (٥-٩-١٩٩١)

لە گەراجەکەی ماڵی باوکم کارم لە ئۆتۆمبێلەکەمدا دەکرد، (دڵسۆز)ی خوشکم هات وتی (ئاراس)ی برام هاتۆتەوە، بڕوام نەدەکرد، ئەوەی بە خەیاڵی کەسمانا نەهاتووە ئەوەیە کە ئاراس بێتەوە بۆ سلێمانی، ئەملاولام ماچ کرد، خۆم بۆ نەگیراو گریام، نازانم گریانی خۆشی بو یان هی ئەو نەهامەتییانەی بەسەرماندا هاتووە، یان ئەو ڕوداوە چاوەڕواننەکراوەبوو کە تاساندینی و برایەکم کە چەند ساڵە نەمدیوە ئێستا لەبەردەممدایە، چونکە ئەو سەردەمە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ئەوتۆ نەبو، کاتێک کەسێکی نزیکمان دادەبڕا و ڕێی دەکەوتە هەندەران ئیتر ئەستەم بو بتوانی نەک ببینیت بەڵکو گوێت لە دەنگیشی بێت یان هەواڵی بزانیت.

ئاراس کوڕێکی لەگەڵ بوو ناوی «دانا» بوو، ماڵی خۆیانی نەدۆزیبووەوە بۆیە هاتەوە ماڵی ئێمە، دوای نان خواردن لەباسی هاتنەوەیاندا وتیان کە لە (کۆپێنهاگن)ەوە بە فڕۆکە چونەتە دیاربەکر

(ئامەد) و لەوێوە بە ئۆتۆمبێل تاوەکو دهۆک هاتوون، لەوێشەوە بە ڕێگای ئامێدی دا هاتوونەتە دیانا (سۆران) و لەوێوە بۆ ڕانیە، لە ڕانیەشەوە بۆ سلێمانی.

ڕۆژانی (٥-٩ تا ٢١-٩-١٩٩١) چەند جارێک چووین بۆ سەرچنار، ڕۆژی هەینی (١٣-٩-١٩٩١) چووین بۆ سەیرانگای (ئەحمەد ئاوا)، کە زۆر لە خزمە نزیکەکانمان هاتن، کاتێک یەکەم ڕۆژی پەخشی «تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان» دەستپێکرد ئێمە لە سەرچنار بوین، ئەم پەخشە گرنگە مێژووییەمان بینی، کە هەستێکی زۆر قوڵم هەبو بەچاوی خۆم تەلەفزیۆنێکی کوردی ڕەسەنم بینی. «دروود بۆ هەموو ئەوانەی کە لەم کارەدا بەشدار بوون».

ڕۆژی شەممە (٢١-٩-١٩٩١)

ئاراس بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ دانیمارک، بڕیارماندا من و ئازاد و ئارام یاوەری بکەین، بەتانی و کۆڵ بۆکس و پشتی و نان و شفتە و ئاو و سەهۆڵ و بیرەمان خستە ئۆتۆمبێلەکەی ئارامی برامەوە لەجۆری (ڤۆلکسواگین - بەڕازیلی) بو، لە ماڵئاواییدا باوکم دەگریا، چیتر جارێکی تر کوڕەکەی نەبینییەوە، ڕەنگە هەستێکی وەهای بۆ دروستبووبێت، دایکم و خوشکەکانم هەمو دەگریان.. گەڕانەوەو دابڕانی کەسوکار لەو سەردەمەدا ئەستەمتر بو!

سەعات (٤)ی عەسر لە سلێمانی دەرچووین، لە ڕێگا تاوەکو تاسلّوجە سەربازی لێبوو، سەعات (٦ی ئێوارە) گەیشتینە (کانی ماران)، بڕیارماندا بەرەو (خەلیفان) بڕۆین، چوونمان بۆ ڕانیە بە ڕاست نەزانی چونکە دوا دەکەوتین، لە (سەروچاوە) ئاراس (فیلم) ێکی کامێرای کڕی بە (١٥ دینار)، بە دۆڵی بالیساندا ڕۆیشتین بەرەو خەلیفان، لەوێوە بەرەو (گەلی عەلی بەگ)، دنیا تاریک بوو بەڵام لە گەلی عەلی بەگ گازینۆکان ئاوەدان بوون، گلۆپەکان دەسووتان، هاتووچۆی بەردەوام هەبو، لەوێوە بەرەو دیانا ڕۆیشتین، لەسەر پردەکەی مێرگەسوور (لە کۆتایی گەلی عەلی بەگ بەلای دەستەچەپدا کە بەرەو مێرگەسوور دەچوو) بازگەی پێشمەرگەی لێبو، پرسیاریان کرد بۆ کوێ دەچن؟ وتمان بۆ دیانا، کە گەیشتینە دیانا (٨) نانمان کڕی بە (٢) دینار، لەگەڵ شووتی و هەنار، هاتینەوە بۆ گەلی عەلی بەگ، پرسیاری ڕێگەی دهۆکمان کرد وتیان ڕێگاکە ناخۆشە، تەنها لاندکرۆزەر دەتوانێت پێیدا بڕوات.

شەو لە گەلی عەلی بەگ بووین، نانمان خوارد و بەدەم قسەکردنەوە تا درەنگان دانیشتین، (٨) بیرەمان خواردەوە، شەو ئارام لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا نوست، ئێمەش لەسەر کورسی گازینۆکە نوستین، حسابی خواردن و خواردنەوەکەمان (٦٩ دینار) بوو.

ڕۆژی یەک شەممە (٢٢-٩-١٩٩١)

بەیانی سارد بوو، سەعات (٦) هەستاین هێشتا تاریک بوو، شتەکانمان خستە ئۆتۆمبێلەکەوە و چووینە گەلی (شوێنی تاقگەکە)، ئاراس چەند وێنەیەکی گرت، بەرەو دیانا ڕۆیشتین، لەوێ (٢٠) لیتر بەنزینمان کڕی بە (٨ دینار)، لەبارەی ڕێگای دهۆکەوە پرسیارمان کرد، وتیان لە پردەکەی مێرگەسور بپەڕنەوە، لە ڕێگا تابلۆیەکی زەرد نووسراوە (بارزان - دهۆک)، لەو ڕێگایەوە بڕۆن.

سەعات (٦:٤٥) بوو لە پردەکە پەڕینەوە، ڕێگاکە تا ڕادەیەک باش بوو، لە ڕێگا پێشمەرگەیەک سەرکەوت لەگەڵمان وتی (٧) سەعات ڕێیە تا دهۆک، چەند جێگایەکی کۆنە گوند و گوندی خاپورکراومان بینی کە دانیشتوانەکەیان گەڕابونەوە و لە چادردا دەژیان، چیاکە بەرز و سەخت بوو، لە یەکێک لە ناوچەکاندا چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک)ی لێبوو، چیایەکی بەرز بوو پێیدا سەرکەوتین، بەڵام زۆربەی دادەبەزین بەهۆی کووڕی و خراپی ڕێگاکەوە چەند زنجیرەیەکی ترمان بڕی، لە ڕێگەدابوین سەعات (٩:٣٠)ی بەیانی چاوپێکەوتنەکەی مام جەلال لە لەندەنەوە بڵاوکرایەوە، کە باسی ئەوەی دەکرد «دەچێت بۆ وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی

مەسەلەی کورد، تاکو لە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتییەوە بیگۆڕن بۆ مەسەلەیەکی ڕامیاریی، هەروەها باسی بەهێزیی بەرەی کوردستانیی دەکرد».

لە ڕێگا چەند ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەری پێشمەرگەمان بینی، ڕێگاکە زۆر خراپ بوو، ناچار ئێمە زۆزو دادەبەزین، سەعات (١٠) لەسەر ئاوێکی زۆر کەپرێکی لێ بوو، چامان لێنا و بەشفتەوە خواردمان، ڕێگاکە هەورازی کەم بوبوەوە، بەڵام هەر خراپ بوو، لە ڕێگا پیکابێکی ژمارە سلێمانی-مان تووش بوو کە ئاراس و ئارام دەیان ناسین، وتیان وێستومانە بەرەو دەرەوەی وڵات بڕۆین بەڵام ڕێگە نەبووە، وتمان چەندمان ماوە بۆ دهۆک وتیان نزیکەی (١٧٢ کیلۆمەتر) ماوە، و (٧٢) کیلۆمەتری چەورێژە، بەڵام شۆڤڵ و گرێدەری شۆڕش خەریکی چاککردنی ڕێگاکەن، ئەوان ڕۆیشتن و ئێمەش بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، لە ڕێگا شۆڤڵ و گرێدەر دانرابوون لێیان نووسرابوو:

دەزگەها نۆژەنکردنا کوردستان

منظمه اعمار کردستان

به ئینگلیزیش نوسرابوو.

لەبەرزاییەکەوە کەمپی دەزگاکەمان بینی، کە لە تەنیشت کانییەکی بچوکەوە بو، چوینە ئەوێ و پاش پشوویەکی کەم دەست و دەموچاومان شۆرد، نانیان

دەخـوارد، داوایـان لێکردین کە نان بخۆین، من و ئارام نانمان خوارد، برنج و باینجان و چاشمان کرد بەسەریدا، ئاراس دوو وێنەی گرت، لەو جێگایەوە ڕێگاکە پان بوو و چاککرابوو، ئەم ناوچەیە ڕێگای (باڵندە - بـارزان) بوو، چونکە تابلۆکە نوسرابوو دەزگای ئاوەدانکردنەوەی کوردستان هەڵدەستێت بە چاککردنی ڕێگای بارزان-باڵندە.

سەعات (٢:٣٠) گەیشتینە جادەی قیر، ڕێگاکە لە مێرگەسوورەوە تا شیلادزە (١٢٣ کیلۆمەتر) بوو، لە ڕێگا چەندەها چـادر هـەڵدرابـوون کە خێزانی ئاوارەیان تیادابوو، ئەو ناوچانە گۆیژ و قەزوانی زۆر بوو، ئاراس چەند وێنەیەکی ئاوارەکانی گرت.

لە دێرەلۆک (سێو و ترش و تەماتە و ترۆزی) مان کڕی، هاتینە ئامێدی مەنجەڵێک و قاپێکم کڕی بە (١٠ دینار)، گەیشتینە «سۆلاف» چەند وێنەیەکمان گرت، لە «ئەنشکی» سێ وێنەمان گرت و بەرەو دهۆک کەوتینەڕێ.

کاتێک گەیشتینە دهۆک هاوڕێیەکی میواندۆستی خۆممان دۆزییەوە کە ناوی (ڕێبەر ئیسماعیل عبان) بو، هاوڕێی زانکۆم بو، شەو میوانی ئەوبووین لە (یانەی مافپەروەران)، تا سەعات (١٢) بەقسەکردن و خـواردنـەوەوە بەسەرمان برد، شەوێکی خۆش بوو، شەو بۆ نوستن چووینەوە ماڵی ڕێبەر.

ڕۆژی دووشەممە (٢٣-٩-١٩٩١)

سەعات (٨ی بەیانی) هەستاین، ڕێبەر (ئەلبومێکی کیمیابارانی هەڵەبجەی پێدام کە لە ئیمارات دەرچوبوو، تائێستاش لەلام ماوە، لە دار الزهراء دەرچووە)، دواتر بەرەو زاخۆ کەوتینەڕێ، کە گەیشتینە زاخۆ ئاراس (١٨٤ دیناری عێراقی) بە (١٠٠٠ هەزار لیرەی تورکی) گۆڕیەوە، پاش ئەوە بەرەو ئیبراهیم خەلیل ڕۆیشتین، لە ڕێگا ئۆتۆمبێلی تورکی زۆر لێ بوو، لەسەر پردەکەی ئیبراهیم خەلیل مالّئاواییمان لە ئاراس کرد و ئارام بردییە ئەوبەری پردەکە، لەبەری کوردستانەوە دوو بۆ سێ پێشمەرگە و لەلای تورکیاوە دوو سەربازی تورک هەبوون، پاش ماوەیەک ئارام هاتەوە و سەعات بو بە (١٢)ی نیوەڕۆ.

لەوێوە هاتینەوە موسڵ و ئاسکی کەڵەک، گورچیلەمان برژاند و چامان خواردەوە و هاتینە هەولێر، بەڵام هەر بەشەقامی شەستی دا هاتینەوە سەر ڕێگای هەولێر-کەرکوک، سەعات (٧ی ئێوارە) گەیشتینەوە سلێمانی، لە ڕێگای کەرکوک-سلێمانی سوپای عێراقی لێ بوو، لەو ڕێگایەدا (١٢) لۆری تورکیمان بینی داریان پێ بوو لەگەڵ (٤) لۆری تر کە نایلۆن و چادر بون، ئوتومبیلێکی (UN)یش لە پشتیانەوە دەڕۆیشت.

ڕۆژی یەک شەممە (٦-١٠-١٩٩١)

سەعات (١٢ی نیوەشەو) هەندێک پێشمەرگە چوونە سەر ڕەبایەکانی پشتی ئابڵاخ و بە چەکی (ئاڕ پی جی) لێیان دا، وتیان لە تۆڵەی هێرشەکەی دوژمن بوە بۆ ناوچەی کفری و کەلار.



ڕاپەڕینی سێیەم

ڕۆژی دووشەممە (٧-١٠-١٩٩١)

سەرلەبەیانییەکەی خۆپیشاندانێک ڕێکخرا بەبۆنەی دەرهێنانی (٩) لاشەی شەهیدانی دەستی حزبی بەعس کە لە (١٧-١٠-١٩٨٥) دەستگیرکرابون و لە (١٨-١٠-١٩٨٥) واتە دوای تەنها یەک ڕۆژ لە فولکەی «نالی» گوللەباران کرابوون، لە «سارداو»ـەوە هێنرانەوە بەرەو ناوشار، لەکاتی تێپەڕبوونی ڕێپێوانە جەماوەرییەکە بە شەقامی ڕزگاریدا لە ڕەبایەی پشتی ئابڵاخ، بە هاوەن کەوتنە لێدانی جەماوەر و خانووبەرەی گەڕەکەکە، (نزیک

ساحەی ترابیەکە کۆنەکە، لەئەنجامدا نزیکەی (٧٨ هاوولاتی مەدەنی) شەهید و بریندار بوون، لە ناویاندا «عیزەت ئەحمەد کەریم» مامۆستاو هونەرمەند بوو، دەورەی دارالمعلمین سالّی (١٩٦٩-١٩٧٠) بوو، هەروەها مامۆستا «خاتووزین» مامۆستای (دواناوەندی سۆلاف) بو، لە دواییدا جەماوەر هێرشی بردەسەر ڕەبایەکە و چەند سەربازی تیابوو هەمویان کوژران، هەروەها لەو ڕەبایانەی کە لەسەر گردەکەی بەختیاری بوون هەمووی دەستیان بەسەردا گیراو سەربازەکانی بەدیل گیران، پاش ماوەیەک تەقە و ئالّۆزی وەستا بەپێی ڕێککەوتنێک لەنێوان لەشکری یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی میری، ئەمە بە ڕاپەرینی سێیەم ناوزەد کرا.

ڕۆژی پێنج شەممە (١٧-١٠-١٩٩١)

حامیەکەی سلێمانی کە جێگای تۆندوتیژی و درندەیی بوو، کرایە پارکێکی پر لەسەوزایی و ژیان.

حامیە، ئەو شوێنەی کە لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و ڕۆشنبیرو مامۆستاو کاسبکارو گەنجی سلێمانی تێدا بەند کران و دواتر (١٦٣) کەسیان شەهید کران، لە ١٧-١٠-١٩٩١ دا تێک درا، دواتر لەسالّی ٢٠٠٠ دا پارکی ئازادی لەشوێنیدا دروستکرا.

ڕۆژی یەکشەممە (٢٠-١٠-١٩٩١)

معصوم خان دایکی ڕزگاری خێزانم کۆچی دوایی کرد، ئەو ڕۆژە سەعات (٣:٣٠ خولەکی عەسر) لەگردی شێخ محی الدین نێژرا، لە مزگەوتی صلاح الدین بۆی دانیشتین..

ڕۆژی شەممە (٢٦-١٠-١٩٩١)

موچەمان وەرگرت، بەڵام دەنگی گواستنەوەی فەرمانگەکان هەیە.

ڕۆژی یەکشەممە (٢٧-١٠-١٩٩١)

لەمڕۆ بەدواوە ئاشکرا بوو کە میری داوای گواستنەوەی فەرمانگەکان دەکات، بەڵام هەموو شار بەڕپەرچی ئەو بڕیارەی دایەوە و هەموو کەسێک کاروباری ئاسایی خۆی لە فەرمانگەکاندا جێبەجێ دەکات.

ڕۆژی هەینی (١-١١-١٩٩١)

چەند ڕۆژە بەنزین و خۆراک و سووتەمەنی لە کەرکوکەوە نایەت، ڕێگای هاتوچۆ گیراوە، تەنها ڕێگا بەو ئۆتۆمبێلانە دەدەن هاتوچۆ بکەن کە ژمارەیان سلێمانیە.

ڕۆژی دووشەممە (٤-١١-١٩٩١)

قادری حاجی عەلی کە لێپرسراوی بەرەی کوردستانییە لە سلێمانی، لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانەوە قسەی کرد و باسی چەند خاڵێکی گرنگی کرد وەک: ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکە (سلێمانی)، ڕێگرتن لە فرۆشتنی چەک، چاککردنی باری هاتووچۆ، ڕێگرتن لە دزی و سزادانی تاوانبار، ئاساییکردنەوەی کاری فەرمانگەکان.

شەوی سێ شەممە (٥-١١-١٩٩١)

تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی (دیدار)ی پێشکەش کرد لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پۆلیسی هاتووچۆ و پۆلیسی کوردستان و مامۆستایاندا.

شەوی پێنج شەممە (٧-١١-١٩٩١)

بڕیاری دامەزراندنی (لیژنەی باڵای دارایی) درا و ئەرکەکانی خوێندرانەوە، و داوا لە هاوواڵاتیان کرا ئەو کەسەی پارەی تەلەفۆن و ئاو و کارەباو قیستی عەقار (خانووبەرە)ی لایە تەسلیمی بکات.

هەینی (٨-١١-١٩٩١)

سەعات (٦:٣٠ی ئێوارە) ئۆتۆمبێل گەڕا و بە بڵندگۆ بڵاویکردەوە: ئەمشەو مام جەلال لە تەلەفزیۆنەوە قسە دەکات، چەند ڕۆژە گەمارۆدان

لەسەر سلێمانی و شارەکانی تری کوردستان هەیە، ڕێگە نادەن بەنزین و خۆراک و کەلوپەل بێت.

ڕۆژی دووشەممە (٢-١٢-١٩٩١)

بەیانی چووم بۆ قوتابخانەی ئەزمەڕ، سەعات (٩) قوتابیەکان لەگەڵ مامۆستاکان بەرەو حەسیب سالّح ڕۆیشتن، منیش لەگەڵ مامۆستا (عەلی محەمەد شەریف، مامۆستای کیمیا) بە ئۆتۆمبێلەکەم تا بەردەم مالّی خۆمان هاتین و ئۆتۆمبێلەکەم داناو بەپێ بەرەو بەنزینخانەکەی عەقاری (بەرامبەر کتێبخانەی گشتی و شوێنی بازاڕی سیتی ستار) ڕۆیشتین، قەرەبالّغی تا دەهات زیاتر دەبوو، پێشمەرگە کە باجیان لەسەر سنگیان دانابو، پارچە مقەبایەک لێی نوسرابوو (ی.ن.ک لەشکری یەک)، هەندێ کەسیان دەپشکنی.

کە گەیشتینە لای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس (منظمەی جاران) قەرەبالّغییەکە زۆر زیاتربو، هەرچۆنێک بوو پەرینەوە لای قوتابیانی قوتابخانەی خۆمان، مەراسیمەکە سەعات (١١:٣٠ خولەکی پێشنیوەڕۆ) دەستی پێکرد و بێژەرەکە هاتنی «مام جەلال»ی ئاشکرا کرد و بوو بە چەپڵەڕێزانێکی زۆر، جەماوەر چووبوونە سەر دیوارەکان، سەر درەختەکان، هەندێکیان چووبوونە سەر بورجی بەریدەکە، جگە لەوەی لەملاو ئەولای حەسیب صالّح وەک هێشووە

تڕێ مرۆڤی پێوە گیرسابووەوە، درەختەکان بەم پایزە کە بەهاری نەتەوەی کوردە مرۆڤیان گرتبوو، قەرەباڵغیەکی بێشوماربوو.

پاش هاتنی مام جەلال، جەبار فرمان وتاری خوێندەوە، تێیدا باسی ئەوەی کرد ئەم ڕێڕەوە بەیادی شەهیدان (شیهاب و جەعفەر و ئەنوەر)ە، پاش تەواوبوونی وتارەکە نمایشەکە دەستی پێکرد:- لەشکری یەک، سەرەتا هێزی (١)ی خانەقین، هێزی (٢) ی قەرەداغ، هێزی (٣)ی هەڵەبجەی شەهید، هێزی (٤)ی پێنجوین، هێزی (٥)ی سلێمانی، هێزی (٦)ی کەرکوک، ئەم هێزانە بەشێوەیەکی سەربازی بە چەکەوە گوزەریان دەکرد، دیمەنێکی زۆر کاریگەر بوو، ئەو هەستەت لا دووپاتدەبووەوە کە کوردبون سەربەرزییە.

پاش ئەوە لەشکری دوو و لەشکری سێ، ئینجا بەشی تۆپخانە کە (٨) تۆپی قورس لەوانە نەمساوی تێدا بوو، کە بە ئۆتۆمبێلی سەربازی ڕادەکێشران، پاش ئەوە هێزی تانک شکێن، تۆپی (١٠٦ ملم) بەسەر جێبەوە، هەروەها هێزی دژە ئاسمانی، هێزی کۆماندۆ کە هەموو چەکی (ئار پی جی)یان پێ بوو، دوای ئەوان هێزی ژنانی کوردستان.

سەعات (١٢:٤٥ خولەک) مام جەلال دەستی بە وتارەکەی کرد و بابەتە هەستیارەکان و ڕوداوەکانی ئەو کاتی شرۆڤە دەکرد.

مانگرتن

ڕۆژی پێنج شەممە (٥-١٢-١٩٩١)

لە ئامادەیی سۆلاف بووم دوو گەنج هاتن نامەیەکیان هێنا کە تێیدا ڕوونکرابووەوە (٢٥) گەنج لە سەعات (١٢ی نیوەڕۆ)ی ئەمڕۆوە، لەبەردەم نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گەڕەکی (ڕزگاری)، مانیان گرتووە لە خواردن و خواردنەوە تاوەکو دی کویلار (سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان) وەڵامیان دەداتەوە، داواکانیان بریتیبوو لە:

- گواستنەوەی هێڵی پارێزگاری بۆ هێڵی پانی (٣٥).

- بەجێهێنانی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارە (٦٨٨ و ٧٠٦ و ٧١٢).

- دانانی وصایە لەسەر کوردستان، چونکە حکومەتی عێراق کوردستانی بە ئارەزووی خۆی بەجێ هێشتووە.

ئەو ڕۆژە خەڵک چوبوون بۆ لای مانگرتووەکان.

ڕۆژی هەینی (٦-١٢-١٩٩١)

سەرمابوو، بەیانی کە هەستام تەم ئاسمانی گرتبوو، چووم بۆ سەرقەبرانی (کاک ڕەحیم)ی دراوسێمان، بەهۆی باران و سەرماو زوقمی بەردەوامی شەوی ڕابردووەوە زۆربەی قەبرەکان ڕۆچووبوون، بیرم لەدۆخی ئەوانە کردەوە کە بێ

نەوا و بێ جێگان و لەژێر بەفر و باران و زوقمدا ژیان بەڕێ دەکەن، بەردەوام لەگەڵ زوقمەکەدا بارانیش دەباری، لە شەقامی سالمەوە و لە گشت لاوە خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو ئەو جێگایەی دواتر ناونرا (مانگرتووەکان)، دەڕۆیشتن بۆ پشتگیریی مانگرتووەکان.

ڕۆژی شەممە (٧-١٢-١٩٩١)

بەیانی چووین بۆ قوتابخانە، پاش خوێندنی یەک وانە ئێمەش وەکو قوتابخانەکانی ناو شاری سلێمانی قوتابیەکانمان بەرەو نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان برد، بۆ ئەو شوێنەی کە بەمانگرتووەکان ناوبانگی دەرکرد، لە ئامادەیی ئەزمەڕەوە بۆ سەرەتای شەقامی برایم پاشا، لەلای مزگەوتی سەلیم بەگەوە هاتینە خوارەوە بۆ شەقامی گۆران - بەردەرکی سەرا، دواتر شەقامی مەولەوی و پاشان شەقامی سالم، سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ گەیشتینە سەهۆڵەکە و دواتریش بەرەو لای مانگرەکان.

گەرچی باران و سەرماش بوو، بەردەوام تا دوای نیوەڕۆش کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە، قوتابی و مامۆستایانی قوتابخانەکان، فەرمانبەرانی فەرمانگەکان، هاووڵاتیانی کاسبکارو سەرجەم چین و تۆێژەکان، تەنانەت پۆلیسی ناوشارو پۆلیسی هاتووچۆش بەشداری ئەم پشتگیرییەیان

دەکرد، و بەوپەڕی وڕەبەرزییەوە، بەرەو شوێنی مانگرتووەکان دەچوون.

سەعات (٢ی پاشنیوەڕۆ) بەرەو بازاڕ ڕۆیشتم، هەستم کرد مانگرتنی سەرتاسەری هەیە چونکە دوکانەکان داخرابوون.

ڕۆژی یەک شەممە (٨-١٢-١٩٩١)

بەیانی بە (پاسی ئەهلی) چوم بۆ قوتابخانە، سەعات (١٠:٣٠ خولەک) قوتابیەکان و زۆربەی مامۆستاکان دووبارە چووینەوە بەرەو نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوێدا نزیکەی (٢٠) گەنج زیاتر کە تەنها شەڕوالّیان لەبەردابوو بەرەو پارێزگا دەچوون، یەکێک لە دروشمەکانی ڕێپێوانەکان بریتیبو لە: «پشتیوانی مانگرانین ئێمەش لەگەڵ ئەوانین»، جگە لە دەیان دروشمی تر، لەبەر قەرەبالّغی زۆر نەمانتوانی مانگرەکان ببینین، کە هاتینەوە بارانێکی باش لێی داین، لە ڕێگا ڕێپێوانی پۆلیسی کوردستان و پۆلیسی هاتوچۆمان بینی، لەگەڵ قوتابیانی چەندین قوتابخانەو جەماوەر بەرەو مانگرەکان دەچوون، ئەو چەند ڕۆژە بارانێکی ئێجگار بەخوڕ دەباری.

ئەم مانگرتنە تا ڕۆژی شەممە (١٤-١٢-١٩٩١) بەردەوام بوو، سەعات (١)ی نیوەڕۆ بە خۆپیشاندانێکی گەورەوە بەرەو خەستەخانەیان بردن، خۆپیشاندان لەماوەی ئەو (١٠ ڕۆژەدا) بەردەوام بوو، گەرچی بەردەوام باران دەباری.

نرخی پێداویستی و خواردەمەنی:

نرخی کاڵا و شتومەکی ڕۆژانە و پێداویستییەکان، بارودۆخ و گوزەرانی خەڵک دیاریدەکەن، بڕی موچە و داهاتی تاکەکەس لەم ماوەیەدا کە لە خوارەوە تۆمارکراوە تاڕادەیەک خراپ نیە، نرخەکان بۆسەردەمی بەرلە گرانییەکەی ساڵانی (نەوەدەکان) دەگەڕێنەوە، کە هێشتا نەهامەتیی تەواوی ئابوری باڵی بەسەر عێراقدا نەکێشابوو.

من وەک مامۆستایەک لەو سەردەمەدا و هاوکات لەگەڵ تۆمارکردنی یادەوەرییەکان، خەرجی ڕۆژانەی خۆم و خێزانەکەمانم تۆمارکردووە، تەنانەت لەگەڵ خەرجییەکەدا نرخی تاک بەتاکی بابەتەکانیش دیاری کراون کە لەو ڕۆژانەدا بە چەند بوون، نرخەکان تەنها شتومەک و خواردەمەنی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەندێک کرێی حەقدەست و نرخی هاتوچۆ و بڕی موچە و زۆر شتی تری تێدایە...

لەخوارەوە خشتەی خەرجییەکان بۆ ماوەی نزیکەی (هەشت مانگ) لە ١٥-٤-١٩٩١ تاکو کۆتایی ئەو ساڵە وەک خۆی بەبێ دەسکاری بڵاودەکەینەوە، هەندێک دووبارەبونەوەی تێدایە کە ئەوەش بەمەبەست دانراوەتەوە تاکو گۆڕانکاریی و بەرزبونەوەی نرخەکان لەو ماوەیەدا دیاری بکرێن.

نرخی هەندێ کاڵاو خۆراک و پێداویستی
لە ساڵی ١٩٩١ دا
خشتەکان:

دینار	جۆری کاڵا	بڕ	بەروار	تێبینی
٧٥	بەنزین	٢٠ لیتر	١٥-٤-١٩٩١	لە ناوچەی (کانی خان) لە پێنجوێن کریمان لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا
٩	هێلکە	١ تەپەق	١٥-٤-١٩٩١	کانی خان
٥	سێو	١.٥ کیلۆ	١٥-٤-١٩٩١	کانی خان
١٣	کرێی (نان کردن)	٤ هێلەک	٢٠-٤-١٩٩١	(هێلەک) پێوانە بو بۆکرێی نانی تێری
١	پاقلە	١ کیلۆ	٢٠-٤-١٩٩١	سلێمانی
٤	بەنزین	٣٠ لیتر	٢٨-٤-١٩٩١	سلێمانی
٤٨	قوماشی باووک	١٢مەتر	٢٨-٤-١٩٩١	کفن
٦	ماست	١ مە نجەڵ	٣٠-٤-١٩٩١	
٣٦٩	مووچە		موچەی مانگەکانی ئازار و نیسان ١٩٩١	ئەم مووچانە کە حکومەتی عێراق لە دوای کۆبوونەوەکەوە هاتەوە سلێمانی پاش گەڕانەوەمان وەرمان گرت
٢	بەنزین	٣٠ لیتر	٢-٥-١٩٩١	
١	سەوزە	٥ دەسک	٢-٥-١٩٩١	
٧	بائەی		٤-٥-١٩٩١	
٤	قەیسی	١ کیلۆ	٥-٥-١٩٩١	
٢	کشمیش	٢٥٠ غم	٥-٥-١٩٩١	
١١	هێلکە	١ تەپەق	٦-٥-١٩٩١	
١٠	ماست	١ مە نجەڵ	٦-٥-١٩٩١	
-	سەوزە	١ دەسک	٦-٥-١٩٩١	
٢	لەحیم	لەحیمی ئەگزاز	٦-٥-١٩٩١	
٢	سەرتاشین	-	٩-٥-١٩٩١	
١٠	ئجری کیکلز	١ ئوتو	١١-٥-١٩٩١	
٢	خەیار	١ کیلۆ	١١-٥-١٩٩١	

۷۵۰	۲	پەتاتە	۱.۵ کیلۆ	۱۹۹۱-۵-۱۱	
۰۰۰	۱	پاقلە	۱ کیلۆ	۱۹۹۱-۵-۱۳	
۵۰۰	۱	تەماتە	۵۰۰ غم	۱۹۹۱-۵-۱۳	
۳۰۰	-	سەوزە	۲ دەسک	۱۹۹۱-۵-۱۳	
۸۵۰	۱	مەکینەی نینۆک و لاستیکی بەندخوێن		۱۹۹۱-۵-۱۳	
۰۰۰	۲۷	گۆشتی سور	۲.۵ کیلۆگرام	۱۹۹۱-۵-۱۴	کیلۆی بە (۱۱) دینار بووە
۰۰۰	۹	هێلکە	۱ تەپەق	۱۹۹۱-۵-۱۴	
۰۰۰	۱	فستق	زەرفێکی بچووک	۱۹۹۱-۵-۱۴	
۵۰۰	-	بنیشت	۱ پاکەت	۱۹۹۱-۵-۱۴	
۰۰۰	۱	سەوزە	٤ دەسک	۱۹۹۱-۵-۱۴	
۷۰۰	۲	خەیار	۲ کیلۆ	۱۹۹۱-۵-۱۴	
٤۵۰	-	تەزوانی تەر	۵۰۰ گم	۱۹۹۱-۵-۱۴	
۰۰۰	۱	پاس	چوون و هاتنەوە	۱۹۹۱-۵-۱۴	کرێی پاس بە (۵۰۰) فلس بوو
۰۰۰	۱	ناردەهارین		۱۹۹۱-۵-۱۴	نەو ناردەی کە نە بانمی وەردەگیرا زیر بوو ناچار دەبرایەوە بۆ ناش بۆ هارینەوەی
۰۰۰	۱	تەماتە	۵۰۰ غم	۱۹۹۱-۵-۲۰	
۵۰۰	۱	پاقلە	۱.۵ کیلۆ	۱۹۹۱-۵-۲۰	
۲۵۰	۲	خەیار	۲ کیلۆ	۱۹۹۱-۵-۲۰	
۰۰۰	۳	گوێزەوی	۲ جووت	۱۹۹۱-۵-۲۰	
۰۰۰	۳٤	کۆیلی ئوتومبیل	۱ دانە	۱۹۹۱-۵-۲۰	پارچەی ئوتومبیل زۆر گران بوو
۷۰۰	۲	پەتاتە	۲ کیلۆ	۱۹۹۱-۵-۲۱	
۵۰۰	-	سەوزە	۲ دەسک	۱۹۹۱-۵-۲۱	
۰۰۰	۱	پاس	چوون وهاتنەوە	۱۹۹۱-۵-۲۱	
۰۰۰	۱۶۹	وەرگرتنی		۱۹۹۱-۵-۲۵	موچەی مانگی

			مووچە		مایسی ۱۹۹۱
۰۰۰	٤٨	رۆنی خواردن	۱ قوتو	۲۵-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۹	هێلکە	۱ تەبەق	۲۵-٥-۱۹۹۱	۳۰ هێلکە
۲٥۰	۲	خەیار	۲ کیلۆ	۲۵-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۱	فستق	زەرفێکی بچووک	۲۵-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۳	ماسی	۲ قوتو	۲۵-٥-۱۹۹۱	ماسی نیرانی بوو
۰۰۰	٤	شیری مندال	۱ قوتو	۲۵-٥-۱۹۹۱	شیری نیرانی
۰۰۰	۲	بەنزین	۳۰ لیتر	۲۵-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۱	زیرە	۲ کەوچکی چێشت	۲۵-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۱	چەپس	۱ دانە	۲۵-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۱	بۆ تەلەڤزنی قوتابخانە		۲۵-٥-۱۹۹۱	زۆر جار ئاو دەچووە کابینەی تەلەڤزنەکەوە مامۆستاکان پارەیان کۆدەکردەوە بۆ چاککردنی
۰۰۰	۱	خوێ	۱ کیسەی بچووک ۱ کیلۆ	۲٦-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۷٥	بێشکە بۆ بیزا (گچەکەم)	۱ دانە	۲٦-٥-۱۹۹۱	ئەم بێشکەیەم لە ئازادی بڕام کڕیبووە
۰۰۰	۱۰	کرێی نان کردن	٤ هێلمک	۲٦-٥-۱۹۹۱	
٥۰۰	۱	تەماتە	۱ کیلۆ	۲٦-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۱	چەپس		۲٦-٥-۱۹۹۱	
۰۰۰	۲	لەحیم		۲۸-٥-۱۹۹۱	
٥۰۰		سەوزە	۲ دەسک	۲۸-٥-۱۹۹۱	
۲۰۰	۱	فڵچەی دان شتن	۲ دانە	۲۸-٥-۱۹۹۱	
٥۰۰	-	سەموون	٤ دانە	۲۸-٥-۱۹۹۱	
٥۰۰	۱۳	پەنیری کوردی	۱.٥ کیلۆ	۳۰-٥-۱۹۹۱	کەواتە کیلۆی بە (۹) دینار بووە
٥۰۰	۲	ئاردی سفر	۱ کیلۆ	۳۰-٥-۱۹۹۱	

۷۵۰	۲	خەیار	۱.۵ کیلۆ	۱۹۹۱-۵-۳۰	
۲۵۰	-	کەوەر	۱ دەسک	۱۹۹۱-۵-۳۰	
۰۰۰	۲	نەعل	۱ جووت	۱۹۹۱-۵-۳۰	بۆ بژێو (منداڵە کوێرەکەم)
۷۵۰	۲	خەیار	۱.۵ کیلۆ	۱۹۹۱-۶-۱	
۰۰۰	٤	شیری مندالْ	۱ قوتو	۱۹۹۱-۶-۱	
۰۰۰	٤٥	چاککردنی نەگزۆزی نۆتۆمبیل	۱ نەگزۆز	۱۹۹۱-۶-۲	نۆتۆمبیلەکەی خۆم
۵۰۰	۲	بەنزین	۳۰ لیتر	۱۹۹۱-۶-۲	
۰۰۰	۲	بسکیت	۱ پاکەت	۱۹۹۱-۶-۲	
۷۵۰	۱	قەڵەم جاف	٤ دانە	۱۹۹۱-۶-٤	
۰۰۰	۱	چەپس	۲ دانە	۱۹۹۱-۶-٤	
۰۰۰	۵	پەتاتەو تەماتە	-	۱۹۹۱-۶-٤	
۰۰۰	٤	شیر	۱ قوتو	۱۹۹۱-۶-۶	
۰۰۰	۱۵۵	هەڵبەستنی گۆڕ		۱۹۹۱-۶-۶	
۰۰۰	۱	تەماتە	۱ کیلۆ	۱۹۹۱-۶-۶	
۰۰۰	۱	کولەکە	۵۰۰گم	۱۹۹۱-۶-۶	
۰۰۰	۱	پیاز	۵۰۰گم	۱۹۹۱-۶-۶	
۰۰۰	۱	خەرجی بژێو		۱۹۹۱-۶-۶	
۲۵۰	٤	شیر	۱ قوتو	۱۹۹۱-۶-۶	
۲۵۰	۱	پیلاوی منداڵان	۱ جووت	۱۹۹۱-۶-۶	
۰۰۰	۲	نولاق	۱ دانە	۱۹۹۱-۶-۶	
۰۰۰	۲	هێلمی پە نجەرە		۱۹۹۱-۶-۷	جاران هێلم بۆ ڕاگرتنی ئوشە و پە نجەرە بەکاردەکات
۰۰۰	۲	تروزی	۱ کیلۆگرام	۱۹۹۱-۶-۷	
۰۰۰	۱۲۵	پاتری ئیرانی	۱ دانە	۱۹۹۱-۶-۸	لە مەریەت گراوە
۰۰۰	۹	هێنکە	۱ تەبەق	۱۹۹۱-۶-۸	
۰۰۰	۲	بسکیت	۲ دانە	۱۹۹۱-۶-۸	
۰۰۰	۵	قەیسی	۱ کیلۆ	۱۹۹۱-۶-۸	
۰۰۰۰	۸	ماسی	۵ قوتو	۱۹۹۱-۶-۸	

٠٠٠	٣	غاز	١ بۆتل	١٠-٦-١٩٩١	
٢٥٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	١٠-٦-١٩٩١	
٠٠٠	١	سیومیل بۆ سەیارە	-	١٠-٦-١٩٩١	
٢٥٠	-	هەواکردنە تایەی سەیارە	چێکی ٤ تایە	١٠-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٣	ترۆزی	١.٥ کیلۆ	١٠-٦-١٩٩١	
٥٠٠	-	تۆتل بۆ منداڵ	-	١٠-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٣	پەتاتە	١.٥ کیلۆ	١١-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٣٠	پارەی وانەبێژی	بۆ ١ مانگ	١١-٦-١٩٩١	پارەی وانەبێژی دواناوەندی بنار تایبەت بە مانگی (١-١٩٩١) وەرگیرا
٠٠٠	١	کولەکە	٥٠٠ گم	١٢-٦-١٩٩١	
٠٠٠	١٢	پارەی وانەبێژی		١٢-٦-١٩٩١	پارەی وانەبێژی نامادەیی نەزمەر وەرگیرا
٠٠٠	٢	خەیار	١.٥ کیلۆ	١٢-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٦	کاژۆ	١ جووت	١٥-٦-١٩٩١	نەم جۆرە کاژۆە سەرمکەی دەزوو و ژێرمکەی بنی پیلاو بوو
٥٠٠	٣٢	گۆشت	٢.٥ کیلۆ	١٥-٦-١٩٩١	کیلۆی گۆشت بو بەنزیکەی (١٣) دینار
٠٠٠	٥	شیری منداڵ	١ قوتو	١٦-٦-١٩٩١	
٥٠٠	١	دەرمانی ددان	١ دانە	١٦-٦-١٩٩١	
٦٠٠	-	ڕەنگی شەربەت	١ کیسی بچوک	١٦-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٣	تۆتل	٠.٥ کیلۆگرام	١٦-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٩	شیری منداڵ	٢ قوتوو	١٦-٦-١٩٩١	
٥٠٠	٢	بامیا	٥٠٠ گم	١٦-٦-١٩٩١	
٥٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٦-٦-١٩٩١	
٥٠٠	-	پەڕپینە	٥٠٠ گم	١٦-٦-١٩٩١	

۰۰۰	۲	بەنزین	۳۰ لیتر	۱۹۹۱-٦-۱٦	
۵۰۰	۲	ترۆزی	۱ کیلۆ	۱۹۹۱-٦-۱۷	
۰۰۰	۵۲	پارەی وانەبێژی	بۆ ۱ مانگ	۱۹۹۱-٦-۱۷	پارەی وانەبێژی کاژاو ومرگیرا
۰۰۰	۵۷	پارەی وانەبێژی	بۆ ۱ مانگ	۱۹۹۱-٦-۱۷	پارەی وانەبێژی بنار ومرگیرا
۵۰۰	۱	تەماتە	۱ کیلۆ	۱۹۹۱-٦-۱۷	
۰۰۰	٤	نۆک	۱ کیلۆ	۱۹۹۱-٦-۱۷	
۰۰۰	۱۰	هێلکە	۱ تەبەق	۱۹۹۱-٦-۱۷	
۰۰۰	۱۰	تەپسی و کشمیش	۲ کیلۆگرام	۱۹۹۱-٦-۱۸	
۰۰۰	۱۰	قوماش بۆ بیزا	بەشی جلی منداڵ	۱۹۹۱-٦-۱۸	
۵۰۰	۲	کولەکە و باینجان	۲ کیلۆ	۱۹۹۱-٦-۱۸	
۵۰۰	۱	تری	۱ کیلۆ	۱۹۹۱-٦-۱۸	
۵۰۰	۱	پیاز	۱ کیلۆ	۱۹۹۱-٦-۱۸	
۰۰۰	۱٦	بلانس و میزانیەی نۆتۆمبیل	-	۱۹۹۱-٦-۱۸	
۷۵۰	۲	بەنزین	۳۰ لیتر	۱۹۹۱-٦-۱۸	
۰۰۰	۱۷۳	مووچە	۱ مانگ	۱۹۹۱-٦-۱۹	مووچەی مانگی حوزەیرانی ۱۹۹۱
۰۰۰	۱۸	پیلاو بۆ بژیو	۱ جووت	۱۹۹۱-٦-۱۹	
۰۰۰	۲	لولاق	۱ دانە	۱۹۹۱-٦-۱۹	
۰۰۰	۲	جەژنانە بۆ کۆدۆ (پرازام)	-	۱۹۹۱-٦-۲۳	جەژنی قوربان بوو
۰۰۰	۲	جەژنانە بۆ چواس و چەقین (خوشکەزام)	-	۱۹۹۱-٦-۲۳	
۰۰۰	۳	بەنزین	۲۰ لیتر لەگەڵ پارەی نزیکەی (۱۰) لیتر	۱۹۹۱-٦-۱۹	ئەمرۆ لە مشەومشی دا چوومە بەر پەمپی گاز، دواتر هاواریان

٥٠٠	١	بسکیت	١ دانه	١٩-٦-١٩٩١	
٢٥٠	-	شەربەت بۆ بژیو (کوپ)	١ دانه	١٩-٦-١٩٩١	
٠٠٠	١٣	کراس بۆ بژیو	١ دانه	١٩-٦-١٩٩١	
٥٠٠	٣	یاری دەمانچە بۆ بژیو	١ دانه	١٩-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٣	دۆندرمە	٢ دانه	١٩-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٤	گۆزەوی	٣ جووت	١٩-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٣	بلوز بۆ بیزا (کچ)	١ دانه	١٩-٦-١٩٩١	
٠٠٠	٥	بیجامە بۆ بیزا	١ سێت	١٩-٦-١٩٩١	
٠٠٠	١٨٠	فرۆشتنی لیرەی ئالتون	١ دانه	٢٠-٦-١٩٩١	لەکاتی ژمێنانی هەریەکە لە کوڕەکان (ئازاد، بەجەت، ئاراس، ئارام، ئاکۆ) شووکردنی دلخۆش، دایکم هەریەکەمان لیرەیەکی ڕەشادی ومک دیاری دا بە هاوسەرەکانمان، ئەمڕۆ من ئەو لیرەیەم فرۆشت.

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	٣	بەنزین	٣٠ لیتر	١٩٩١-٦-٢٨	
٠٠٠	٢	کولەکە	١ کیلۆ	١٩٩١-٦-٢٨	
٠٠٠	١	عەینەک بۆ بژیو	١ دانە	١٩٩١-٦-٢٨	
٥٠٠	-	دۆندرمە	١ بسکیت	١٩٩١-٦-٢٨	
٠٠٠	١٣	نارد	بانعی	١٩٩١-٦-٢٩	مالی خۆمان ٣ نەفەر
٩٠٠	١	برنج	بانعی	١٩٩١-٦-٢٩	مالی خۆمان ٣ نەفەر
١٠٠	٣	برنج	بانعی	١٩٩١-٦-٢٩	مالی نازادی برام ٥ نەفەر
٥٠٠	١	پەنچەری تایەی ئوتومبیل	٣ پەنچەری	١٩٩١-٦-٢٩	
٠٠٠	٢	خەیار	١ کیلۆ	١٩٩١-٦-٢٩	
٥٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٦-٢٩	
٢٥٠	١	تری	١ کیلۆ	١٩٩١-٦-٢٩	
٥٠٠	١	فاسۆلیای تەڕ	٥٠٠ گم	١٩٩١-٦-٢٩	
٥٠٠	١٠	فاسۆلیای وشک	٥ کیلۆ	١٩٩١-٦-٢٩	
٢٥٠	-	پسوولەی خەستەخانە	١ پسولە	١٩٩١-٦-٢٩	بەمەبەستی بینینی نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە
٦٠٠	٢	جگەرە	٢ پاکەت	١٩٩١-٦-٢٩	دیارە ئەم جگەرەیە بۆ جەژنی قوربان کڕدراوە، چونکە نەوکات من ١١ ساڵ بوو جگەرەم تەرک کردبوو

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٢٥٠	-	پسوڵەی خەستەخانە	١ پسوڵە	٢-٧-١٩٩١	
٠٠٠	١٥	عەینەك	١ دانە	٢-٧-١٩٩١	بۆ خۆم
٠٠٠	١٣	کرێی نان کردن	٥ هێلەك	٣-٧-١٩٩١	ئەو سەردەمە هەندێك لە ژنان بە پارە نانیان بۆ ماڵان دەکرد
٧٥٠	-	پەنچەری تایەی ئۆتۆمبیل	١ پەنچەری	٣-٧-١٩٩١	
٢٥٠	٢	بەنزین	٢٠ لیتر	٤-٧-١٩٩١	
٥٠٠	٥	شوتی	٥ کیلۆ	٤-٧-١٩٩١	١ کیلۆ بە ١ دینار و ١٠٠ فلس
٠٠٠	٤	تری	٢ کیلۆ	٤-٧-١٩٩١	
٥٠٠	٢	تەماتە	١ کیلۆ	٤-٧-١٩٩١	
٠٠٠	١	بەنزین	١٥ لیتر	٤-٧-١٩٩١	لە عەربەت کڕدرا
٠٠٠	١٣٠	پاتری ئێرانی	١ دانە	٤-٧-١٩٩١	لە پێنجوین کڕدرا
٠٠٠	٢١	هێلکە	١ تەبەق	٥-٧-١٩٩١	لە پێنجوین
٥٠٠	٣	پیاڵە	نیو دستە (٦) پیاڵە	٥-٧-١٩٩١	لە پێنجوین
٠٠٠	٢	ساردی و چەرمس	٢ ساردی و ١ پیاڵە چەرمس	٥-٧-١٩٩١	لەڕێگەی پێنجوێن
٧٥٠	١	خەیار	١ کیلۆ	٦-٧-١٩٩١	
٦٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	٦-٧-١٩٩١	

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
١٥٠	-	سەوزە	١ دەسك	١٩٩١-٧-٧	
٥٠٠	-	پاس	١ سەر	١٩٩١-٧-٧	
٥٠٠	٢	پرکردنەوەی غاز	١ بوتڵ	١٩٩١-٧-٨	
٥٠٠	٢	درووني جلی منداڵ (بیزا)	١ دەست جل	١٩٩١-٧-٨	ئەو سەردەمە جل زیاتر دەدورا تاکو بەناماديي بکرێدرێت
٥٠٠	٥	شیری منداڵ	١ قوتو	١٩٩١-٧-٨	
٩٧٥	٩	بائعی	٣ نەفەر	١٩٩١-٧-٨	مالی خۆمان
٣٥٠	١٣	بائعی	٥ نەفەر	١٩٩١-٧-٨	مالی نازادی برام
٥٠٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	١٩٩١-٧-٨	
٠٠٠	١	شیری بچوك	١ قوتو	١٩٩١-٧-٩	
٧٠٠	٢	پیاز	٢ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٠	
٤٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٠	
٦٠٠	١	بامیێ	٥٠٠غم	١٩٩١-٧-١٠	
٠٠٠	٢	خەیار	١.٥ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٠	
٠٠٠	١	لولاق	١ دانە	١٩٩١-٧-١٠	
٥٠٠	-	پاس	١ سەر	١٩٩١-٧-١٠	

فلس	دینار	جۆر	بر	بەروار	تێبینی
٠٠٠	١٥	قۆزی (چادان)	١ دانە	١٩٩١-٧-١٢	
٠٠٠	١	بەنزین	١٢ لیتر	١٩٩١-٧-١٢	
٠٠٠	٣٦	مە نجەڵ	٢ دانە	١٩٩١-٧-١٢	
٠٠٠	١	تە پڵەك	١ دانە	١٩٩١-٧-١٢	
٠٠٠	١	کەوگیر	١ دانە	١٩٩١-٧-١٢	
٠٠٠	٢٥	تیزاب بۆ پاتری سەیارە -	بەشی ١ پاتری	١٩٩١-٧-١٣	هەندێك جار لەبەر گرانی فرخی پاتری، تەنها تیزابەکەی ئاویمان دەگۆڕی
٠٠٠	٢	گۆشتی قوتو	٢ دانە	١٩٩١-٧-١٣	
٥٠٠	-	دەرمانی مێش	١ دانە	١٩٩١-٧-١٣	
٢٠٠	٢	خەیار	٢ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٣	
٣٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٣	
٢٠٠	-	سەوزە	١ دەستە	١٩٩١-٧-١٣	
٥٠٠	-	چیپس	٢ دانە	١٩٩١-٧-١٤	
٠٠٠	٤٢	گۆشت	٣ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٤	کیلۆی بو بە (١٤) دینار
٠٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٤	
٥٠٠	١	تری	١ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٤	
٠٠٠	٢	بەنزین	٢٠ لیتر	١٩٩١-٧-١٤	
٥٠٠	٥	شیری مندانْ	١ قوتو	١٩٩١-٧-١٥	
٠٠٠	٢	پەتاتە	٢ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٦	
٠٠٠	١	باینجان	١ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٦	
٠٠٠	١	بامیْ	١ کیلۆ	١٩٩١-٧-١٦	
٠٠٠	١٥	لەحیمی پادێتەر	١ پادێتەر	١٩٩١-٧-٢٠	
٥٠٠	٣	ڤەریەتی مۆز	١ پاکەت	١٩٩١-٧-٢٠	
٥٠٠	٣	بەنزین	٢٠ لیتر	١٩٩١-٧-٢١	
٢٥٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٧-٢١	
٥٠٠	١	خەیار	١.٥ کگم	١٩٩١-٧-٢١	
٠٠٠	١	باینجان	٥٠٠ گم	١٩٩١-٧-٢٢	
٥٠٠	-	فڵتز کۆپی	چەند دانەیەك	١٩٩١-٧-٢٢	
٥٠٠	١١	شیری مندانْ	٢ قوتو	١٩٩١-٧-٢٢	
٥٠٠	١	تەکسی ماڵەوە- گەراجی بەغداد	١ تاکسی	١٩٩١-٧-٢٤	چوون بۆ بەغداد بۆ وەرگرتنی دیاری وزیارەتی پەروەردەی هێرانی
٠٠٠	٢٠	تەکسی سلێمانی - بەغداد	١ تاکسی	١٩٩١-٧-٢٤	
٠٠٠	٥	ئیسراحەت لە ئوتێل لە بەغدا بۆ ماوەی دوو سەعات	٢ سەعات	١٩٩١-٧-٢٤	بەهێوایەکی کاتی لە ئوتێل ماموە، ئەك بۆ خۆو

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	٥	کرێی گەڕانەوە لە بەغداوە بە پاس	١ سەر	١٩٩١-٧-٢٤	هێلی بەغدا - سلێمانی
٧٥٠	٣	شووتی	١ دانە	١٩٩١-٧-٢٤	
٠٠٠	١٠	کرێی وانەبێژی	بۆ ١ مانگ	١٩٩١-٧-٢٥	ئامادەیی ئەزمەری کوڕان
٥٠٠	٩	کرێی وانەبێژی	بۆ ١ مانگ	١٩٩١-٧-٢٥	دواناوەندی بناری کچان
٠٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٧-٢٥	
٠٠٠	٦	بامێ و باینجان وپیاز	-	١٩٩١-٧-٢٥	
٢٥٠	١	سیر	٠.٥ کیلۆگرام	١٩٩١-٧-٢٥	
٠٠٠	١٦٧	مووچە	١ مانگ	١٩٩١-٧-٢٧	
٥٠٠	-	سلق	١ دەسک	١٩٩١-٧-٢٨	
٥٠٠	١	تەماتە	١.٥ کیلۆ	١٩٩١-٧-٢٩	
٢٥٠	-	سەوزە	یەک دەسک	١٩٩١-٧-٢٩	
٧٥٠	١	باینجان ولۆبیا	-	١٩٩١-٧-٢٩	
٠٠٠	١	خەیار	٢ کیلۆ	١٩٩١-٧-٢٩	
٢٠٠	١	سلق	٢ دەسک	١٩٩١-٧-٢٩	
٧٠٠	٢	باینجان وکولەکە	-	١٩٩١-٧-٢٩	

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	٧	شوتی	١ دانە	١٩٩١-٧-٣٠	
٢٠٠	١٨	ڕۆن	١ قوتوو	١٩٩١-٨-١	
٢٠٠	٨	برنج	٢ کیلۆ	١٩٩١-٨-١	یەک کیلۆ بە ٤ دینارو ١٠٠ فلس بووە
٠٠٠	١	خەیار	١ کیلۆ	١٩٩١-٨-١	
٠٠٠	١٦	شیری منداڵ	٢ قوتوو	١٩٩١-٨-١	
٠٠٠	٢	سەرتاشینی منداڵ (بژیو)	-	١٩٩١-٨-١	
٧٥٠	-	دۆندرمە	١ دانە	١٩٩١-٨-١	
٠٠٠	١٠	هێلکە	١ تەبەق	١٩٩١-٨-٣	
٤٠٠	١	عەلاگەی جل هەڵواسین	١ دانە	١٩٩١-٨-٣	
٠٠٠	٤	شووتی	١ دانە	١٩٩١-٨-٣	
٠٠٠	٢	صابوون	١ دەستە	١٩٩١-٨-٣	
٥٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٨-٣	
٥٠٠	-	باینجان	٠.٥ کیلۆ	١٩٩١-٨-٣	
٢٥٠	١	تری	١ کیلۆ	١٩٩١-٨-٣	
٥٠٠	٢	پڕکردنەوەی غاز	١ بوتڵ	١٩٩١-٨-٣	
٧٥٠	١	کاڵەک	٣ کیلۆگرام	١٩٩١-٨-٦	
٩٠٠	١	خەیار	٣ کیلۆ	١٩٩١-٨-٦	کەواتە کیلۆی بە٦٥٠ فلس بووە
٠٠٠	١٠	بائعی	٥ نەفەر	١٩٩١-٨-٦	مانگی نازادی بڕام
٠٠٠	٦	نارد	٥ نەفەر		
٠٠٠	٣	برنج	٥ نەفەر		
٠٠٠	١	گونیە	٥ نەفەر		
٧٠٠	٦	بائعی	٣ نەفەر	١٩٩١-٨-٦	مانگی خۆمان

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٢٥٠	٤	پەتاتە و فاسۆلیا	-	١٩٩١-٨-١٠	
٠٠٠	١	خەیار	١ کیلۆگرام	١٩٩١-٨-١٠	
٠٠٠	٣	بەنزین	٢٠ لیتر	١٩٩١-٨-١٠	
٠٠٠	٦	شیری منداڵ	١ قوتو	١٩٩١-٨-١١	
٥٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٨-١٤	
٠٠٠	١٥	وەتەرپەمپی ئۆتۆمبیل	١ دانە	١٩٩١-٨-١٤	
٢٥٠	١	خوێ	١ کیس	١٩٩١-٨-١٤	
٠٠٠	١١	کرێی نان کردن	٥ هێلەک	١٩٩١-٨-١٤	پێوانەکردن بە "هێلەکی نارد" بو
٥٠٠	١	پیاز	١.٥ کیلۆگرام	١٩٩١-٨-١٤	
٢٥٠	١	شۆرتی منداڵ	١ دانە	١٩٩١-٨-١٤	
٠٠٠	٢	بەنزین	٢٠ لیتر	١٩٩١-٨-١٤	
٦٠٠	١	تری	١.٥ کیلۆ	١٩٩١-٨-١٥	
٢٥٠	١	خەیار	٣ کیلۆ	١٩٩١-٨-١٥	
٥٠٠	٢	سەرتاشین	خۆم	١٩٩١-٨-١٥	
٥٠٠	١٦	ڕۆن	١ تەنەکە	١٩٩١-٨-١٧	
٠٠٠	٤	شیر	١ قوتو	١٩٩١-٨-١٧	
٠٠٠	٣	کاڵەک	٥ کیلۆ	١٩٩١-٨-١٧	
٣٥٠	١	لۆبیا	١ کیلۆ	١٩٩١-٨-١٧	
٠٠٠	٣	صابوون	٣ دانە	١٩٩١-٨-١٧	
٠٠٠	٢	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٨-١٧	
٥٠٠	٢	بەنزین	٢٠ لیتر	١٩٩١-٨-١٩	

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	٣٠	بانصی دواوەی ئۆتۆمبیل	١ جوت	١٩-٨-١٩٩١	بۆ هەردوو تایەکە
٥٠٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	٢٠-٨-١٩٩١	
٢٥٠	١	شۆرت بۆ منداڵ	١ دانە	٢٠-٨-١٩٩١	
٢٥٠	٢	خەیارو بامێ و باینجان	-	٢٠-٨-١٩٩١	
٠٠٠	٢	شامپۆی سەر	١ دانە	٢١-٨-١٩٩١	
٥٠٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	٢١-٨-١٩٩١	
٠٠٠	١٨	بانصی پێشەوەی ئۆتۆمبیل	١ جوت	٢٤-٨-١٩٩١	بۆ هەردوو تایەکە
٠٠٠	٤	برغو	-	٢٤-٨-١٩٩١	پێداویستی ئۆتۆمبێل
٤٠٠	٣	برغو	-	٢٤-٨-١٩٩١	پێداویستی ئۆتۆمبێل
٥٠٠	١	برغوی تەگەر (تایە)	-	٢٤-٨-١٩٩١	پێداویستی ئۆتۆمبێل
٥٠٠	٢	لەحیم	-	٢٤-٨-١٩٩١	پێداویستی ئۆتۆمبێل
٠٠٠	٨	واشەری دەبۆ	٢ دانە	٢٤-٨-١٩٩١	پێداویستی ئۆتۆمبێل
٠٠٠	٥	چپنەی شەفت	-	٢٤-٨-١٩٩١	پێداویستی ئۆتۆمبێل
٢٥٠	١	نیسپرنگ	-	٢٤-٨-١٩٩١	پێداویستی ئۆتۆمبێل
٠٠٠	٢	تری	١ کیلۆ	٢٤-٨-١٩٩١	
٠٠٠	١٧٣	مووچە	١ مانگ	٢٥-٨-١٩٩١	موچەی مانگی ئابی ١٩٩١
٥٠٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	٢٥-٨-١٩٩١	
٥٠٠	٦	شووتی و کاڵەک	-	٢٨-٨-١٩٩١	
٧٥٠	١	تری	١ کیلۆ	٢٨-٨-١٩٩١	
٠٠٠	٣	هەنجیر	١.٥ کیلۆ	٢٨-٨-١٩٩١	
٢٥٠	٢	تەماتەو بامێ	-	٢٨-٨-١٩٩١	

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	١٠	هێلکە	١ تەبەق	١٩٩١-٨-٢٨	
٠٠٠	٢	صابون	٢ دانە	١٩٩١-٨-٢٨	
٧٥٠	-	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٨-٣١	
٥٠٠	٢	باینجان و بیبەر	-	١٩٩١-٨-٣١	
٠٠٠	١٠	فلتەری ڕۆنی سەیارە	١ دانە	١٩٩١-٨-٣١	پێداویستی نۆتۆمبێل
٠٠٠	١٥	جۆزەی ئۆیل پەمپ	١ دانە	١٩٩١-٨-٣١	پێداویستی نۆتۆمبێل
٠٠٠	٤٥	داکوتینەوەی کلاچ	١ دانە	١٩٩١-٩-٢	پێداویستی نۆتۆمبێل
٠٠٠	٣٥	کرێی وەستا (فیتەر)	١ وەستا	١٩٩١-٩-٢	پێداویستی نۆتۆمبێل
٠٠٠	١٦	ڕۆنی سەیارە	٤ چارەک	١٩٩١-٩-٢	پێداویستی نۆتۆمبێل
٠٠٠	٣	بەنزین	٢٠ لیتر	١٩٩١-٩-٣	
٠٠٠	٢	هەڵوژە	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-٣	
٧٥٠	-	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-٣	
٠٠٠	٥٦	گۆشت	٢ کیلۆ	١٩٩١-٩-٣	کیلۆیەک گۆشت بووە بە (١٦) دینار
٥٠٠	٢٢	بیرە	١ صندوق، ٢٠ بیرە	١٩٩١-٩-٣	
٥٠٠	٩٢	ئۆیل پەمپی سەیارە	١ دانە	١٩٩١-٩-٤	پێداویستی نۆتۆمبێل
٥٠٠	١٢	ئۆیل پەمپی سەیارە بەکارهاتوو	١ دانە	١٩٩١-٩-٤	پێداویستی نۆتۆمبێل
٠٠٠	٢	واشەر	٢ دانە	١٩٩١-٩-٤	
٠٠٠	٢	تەکسی و پاس	-	١٩٩١-٩-٤	
٠٠٠	٦	سەیارە شۆردن	١ جار	١٩٩١-٩-٤	
٠٠٠	١٢	هێلکە	١ تەبەق	١٩٩١-٩-٦	
٢٥٠	١٦	بانمی		١٩٩١-٩-٦	
٥٠٠	١٠	دۆشاوی تەماتە	٤ قوتو	١٩٩١-٩-٦	قوتوی بە ٢.٦٢٥ دینار بووە
٠٠٠	١	تروزی	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-٦	
٢٥٠	٧	برنج	٢ کیلۆ	١٩٩١-٩-٦	
٠٠٠	١٥	گەنم بۆ ساوەر	-	١٩٩١-٩-٦	
٢٥٠	١	ئۆبیا	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-٨	

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	٤	پرکردنەوەی غاز	٢ بوتڵ	١٩٩١-٩-٨	
٥٠٠	٣٣	جلویەرگی منداڵ	١ قەمسەلە ٤ قات	١٩٩١-٩-٩	
٠٠٠	٥٦	گۆشت	٣.٥ کیلۆگرام	١٩٩١-٩-١١	
٠٠٠	٤٥	ویسکی	١ قاپ	١٩٩١-٩-١١	دەعوەتی ئاراسی برام
٢٥٠	٢	خەیار	٢ کیلۆ	١٩٩١-٩-١١	
٢٥٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-١١	
٥٠٠	١	نان	١٠ نان	١٩٩١-٩-١١	
٥٠٠	٠	سەوزە	٢ دەسک	١٩٩١-٩-١١	
٠٠٠	١	لۆبیا	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-١١	
٥٠٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	١٩٩١-٩-١٢	
٠٠٠	٦	شەربەت	١ بوتڵ	١٩٩١-٩-١٢	
٠٠٠	٥	پیلاو	١ جوت	١٩٩١-٩-١٤	
٢٥٠	١	پیل، پاتری	١ دەستە	١٩٩١-٩-١٤	
٠٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-١٤	
٠٠٠	٢	شوتی	١ دانە	١٩٩١-٩-١٤	
٠٠٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	١٩٩١-٩-١٧	
١٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-١٧	
٢٥٠	١	لۆبیا	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-١٧	
٠٠٠	٢	باینجان و بامیێ	-	١٩٩١-٩-١٧	
٠٠٠	١	فۆتۆکۆپی سالنامەی نۆتۆمبیل	١ کۆپی	١٩٩١-٩-١٧	
٠٠٠	٢	شوتی	١ دانە	١٩٩١-٩-١٨	
٢٥٠	١	هەرمێ	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-١٨	
٥٠٠	١٢	بلوز و قەمسەلە	٢ دانە	١٩٩١-٩-١٨	
٠٠٠	١٠	کۆلۆنیای ڕیش تاشین	١ دانە	١٩٩١-٩-١٨	
٦٠٠	١	خەیار	٢ کیلۆ	١٩٩١-٩-١٩	
٠٠٠	٣٣	ڕۆن	٢ قوتو	١٩٩١-٩-١٩	

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	١٧	ڕۆن	١ قوتو	١٩-٩-١٩٩١	
٢٥٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٩-٩-١٩٩١	
٠٠٠	٩	ماکسی ژنانە	١ دانە	١٩-٩-١٩٩١	
٠٠٠	١٠	مەنجەڵ و قاپ	-	٢٠-٩-١٩٩١	
٠٠٠	٢	ترشی سماق	٠.٥ کیلۆگرام	٢٠-٩-١٩٩١	
٥٠٠	٢	شەربەت	١ بوتڵ	٢٠-٩-١٩٩١	
٠٠٠	٤	نۆک	١ کیلۆ	٢٠-٩-١٩٩١	
٠٠٠	٢	نان	-	٢٣-٩-١٩٩١	لە دیانا (قەزای سۆران) گرێمان، ئاراسی بڕام بۆنەوروپا دەگەڕایەوە
٥٠٠	١	هەنار	١ کیلۆ	٢٣-٩-١٩٩١	هەمان جێگا
٢٥٠	١	شووتی	١ دانە	٢٣-٩-١٩٩١	هەمان جێگا
٥٠٠	٦٩	دانیشتن لە کافتریایەکی گەلی عەلی بەگ	٤ نەفەر خواردن و خواردنەوە	٢٣-٩-١٩٩١	ئازادی بڕام پارەکەی دا
٧٥٠	٧	هەرمێ	٣ کیلۆ	٢٣-٩-١٩٩١	شیلانزێ و ئامێدی
٥٠٠	١	پیاز	١ کیلۆ	٢٣-٩-١٩٩١	شیلانزێ و ئامێدی
٧٥٠	-	ترۆزی	١ کیلۆ	٢٣-٩-١٩٩١	شیلانزێ و ئامێدی
٠٠٠	٢	پاقلە	١ کیلۆ	٢٣-٩-١٩٩١	نەنشکی
٥٥٠	١	بەنزین	-	٢٣-٩-١٩٩١	لە ڕێگا
٠٠٠	٨	جگەر و گورچیلە	-	٢٣-٩-١٩٩١	لە دهۆک
٠٠٠	٢	نان	-	٢٣-٩-١٩٩١	لە دهۆک
٥٠٠	-	بەفر	-	٢٣-٩-١٩٩١	لە زاخۆ
٥٠٠	٢	سێو	١ کیلۆ	٢٣-٩-١٩٩١	لە دێرەلوک
٠٠٠	١	نان	-	٢٣-٩-١٩٩١	لە موصل
٠٠٠	٢	ترۆزی	٢ کیلۆ	٢٣-٩-١٩٩١	لە موصل
٠٠٠	٢	بامێ و باینجان و سەوزە	-	٢٤-٩-١٩٩١	سلێمانی

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	٣٠	پیلاو بۆ خۆم	١ جووت	١٩٩١-٩-٢٥	
٧٥٠	٧	پیلاو بۆ بژێو	١ جووت	١٩٩١-٩-٢٥	
٠٠٠	٢	بەنزین	-	١٩٩١-٩-٢٥	
٠٠٠	١٩٤	موچە	١ مانگ	١٩٩١-٩-٢٥	موچەی مانگی ئەیلوولی ١٩٩١
٥٠٠	٢	تری	٢ کیلۆ	١٩٩١-٩-٢٥	
٧٥٠	-	تەماتە	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-٢٥	
٠٠٠	١	نان	-	١٩٩١-٩-٢٧	
٠٠٠	٣٧	تەنەکەچی نوتومبیل	-	١٩٩١-٩-٢٨	
٣٥٠	٧	پەتاتەو پیاز	-	١٩٩١-٩-٢٨	
٥٠٠	٢	سێری هەجمەم بۆ ترافیک	٢٥٠ فلس	١٩٩١-٩-٢٨	
٠٠٠	١	سەوزە	-	١٩٩١-٩-٢٨	
٧٥٠	-	خەیار	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-٣٠	
٠٠٠	١٢	کرێی نان کردن	٥ هێلەک	١٩٩١-٩-٣٠	
٥٠٠	١٢	بامێ و ڤوتی و تەماتە	٦.٥ کیلۆ بامێ	١٩٩١-٩-٣٠	بامێکە بۆ وشک کردن بو
٠٠٠	٢	کاڵەک	-	١٩٩١-٩-٣٠	
٥٠٠	٢	سەوزەو سلق	-	١٩٩١-٩-٣٠	
٧٥٠	-	کولەکە	١ کیلۆ	١٩٩١-٩-٣٠	
٥٠٠	١	تەماتە	٢ کیلۆ	١٩٩١-٩-٣٠	
٥٠٠	٢	لەحیمی تەنکی ئەوت	١ جار	١٩٩١-٩-٣٠	چاکردنەوەی تانکی
٠٠٠	٦	قفڵی تەنکی ئەوت	١ دانە	١٩٩١-٩-٣٠	
٠٠٠	٩	ماست	١ مەنجەڵی گەورە	١٩٩١-١٠-١	
٣٥٠	٢	دۆندرمە	٢ دانە	١٩٩١-١٠-١	
٠٠٠	١٥	کرێی نوتومبیل	٢ سەر	١٩٩١-١٠-١	سەیرانی نەحمەد ئاوا
٥٠٠	٤	پەتاتەو بایەمان و بیبەر	-	١٩٩١-١٠-١	

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٥٠٠	١	تەماتە	٢ کیلۆ	٣-١٠-١٩٩١	
٥٠٠	١	خورما	١ کیلۆ	٣-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٥٠	لەحیمی شاسی ئوتومبیل	١ جار	٣-١٠-١٩٩١	پێداویستی ئوتومبیل
٠٠٠	١٠	برنج	٢.٥ کیلۆگرام	٤-١٠-١٩٩١	کیلۆی برنج بە (٤) دینار بووە
٠٠٠	١٥	هێلکە	١ تەبەق	٦-١٠-١٩٩١	
٥٠٠	-	خوێ	١ کیلۆ	٦-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٩	ماست	١ مە نجەڵ	٦-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٧٢	گۆشت	٤.٥ کیلۆ	٦-١٠-١٩٩١	
٣٠٠	٥	بانمی	٣ نەفەر	١١-١٠-١٩٩١	مانگی خۆمان
٠٠٠	٢	بەنزین	-	١٢-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	١	نان خواردن	-	١٢-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٣	ئوتوی ئات	١ ئات	١٣-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٣	سەرتاشین	-	١٤-١٠-١٩٩١	
٢٥٠	١	تەماتە	١ کیلۆ	١٤-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	١	باینجان و بیبەر	-	١٤-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٢	خەیار	١ کیلۆ	١٤-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	١	پارە بۆ بژیو	-	١٤-١٠-١٩٩١	
٨٠٠	١	برنجی بانمی	٢ نەفەر	١٤-١٠-١٩٩١	
٥٠٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	١٥-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	١	نان خواردن		١٥-١٠-١٩٩١	
٥٠٠	٨	شیر	١ قوتوو	١٥-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٢٢	گویز	١ کیلۆ	١٥-١٠-١٩٩١	کاکلە
٥٠٠	٢	بەنزین	٣٠ لیتر	١٥-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٢	پار بۆ بژیو	-	١٥-١٠-١٩٩١	
٥٠٠	٨	نەوت	١ بەرمیل ٢٢٠ لیتر	١٥-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٣	غاز	١ بۆتڵ	١٥-١٠-١٩٩١	

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	١٩٤	موچە	١ مانگ	٢٦-١٠-١٩٩١	موچەی مانگی تشرینی یەکەم
٧٥٠	-	تەماتە	١ کیلۆ	٢٦-١٠-١٩٩١	
٣٠٠	١	تەماتە	٢ کیلۆ	٢٦-١٠-١٩٩١	یەک کیلۆ بە ٧٥٠ فلس، دوو کیلۆ بە ١.٣٠٠ دینار
٥٠٠	١	هەنار	١ کیلۆ	٢٦-١٠-١٩٩١	
٨٠٠	١	لۆبیاو باینجان	-	٢٦-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٢	پیلاو چەکدرن	١ جوت	٢٦-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	١٨	شیر	٢ قوتو	٢٧-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	١	ڤوتی	١ دانە	٢٧-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٣٥	دۆشاوی تەماتە	قوتوی ٥ کیلۆیی	٢٧-١٠-١٩٩١	کیلۆی (٧) دینار کەوتووە
٨٠٠	٢	تەماتە	٢ کیلۆ	٢٨-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٣	خورما	١ کیلۆ	٢٨-١٠-١٩٩١	
٢٥٠	٢	خەیار	٢ کیلۆ	٢٨-١٠-١٩٩١	
٥٠٠	١	بسکیت	١ پاکەت	٢٨-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	٣٤	گۆشت	٢ کیلۆ	٢٨-١٠-١٩٩١	کیلۆی بوو بە (١٧) دینار
٠٠٠	١٣	کرێی نان کردن	٤ هێلەک	٢٨-١٠-١٩٩١	
٠٠٠	١	پارە بۆ بژێو	-	٢٨-١٠-١٩٩١	پارەی رۆژانە
٠٠٠	١	لۆبیا	١ کیلۆ	٢٩-١٠-١٩٩١	
٥٠٠	٣	پەتاتە	٣ کیلۆ		
٥٠٠	٣	پیاز	٣ کیلۆ		
٥٠٠	١	سێو	١ کیلۆ		
٠٠٠	١٣	هێلکە	١ تەبەق	٢-١١-١٩٩١	
٠٠٠	٥	شیری بانص	١ قوتو		
٠٠٠	١٢	شەکر	٢ کیلۆ	٢-١١-١٩٩١	کەواتە کیلۆی بووە بە (٦) دینار
٥٠٠	٢	دۆشاوی خورما	١ کیلۆ		
٠٠٠	١	تەماتە	١ کیلۆ		

لەم رۆژانەدا کەسێک هات بۆ ئامادەیی نەزمەڕ، بە جمال حسن-ی بەڕێوە بەری وت کاتی خۆی قوتابی ئەم قوتابخانەیە بوم، ئێستا توانای داراییم باشە، دەمەوێت یارمەتی مامۆستایان و کارمەندانی ئەم قوتابخانەیە بدەم، پارە بهێنم یا ئازوقە؟ هەموو وتمان ئازوقە بهێنە، هەر مامۆستایەک (٦) کیلۆ برنج و قوتوێک ڕۆنی بەرکەوت، ڕۆنەکە قوتووی (٢) کیلۆیی بوو.

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
...	٨	نۆك	٢ كیلۆ	١٩٩١-١١-٨	كیلۆی بە (٤) دینار
...	٦	كشمیش	٥٠٠ گرام	١٩٩١-١١-٨	كیلۆی بە (١٢) دینار بووە
...	٢	هەرمێ	٥٠٠ گرام	١٩٩١-١١-٨	
...	٣٥	سەعاتی دست	١ دانە	١٩٩١-١١-٨	
...	٢	گەنمە شامی	١ كیلۆ	١٩٩١-١١-١١	
٢٥٠	١١	مریشكی بانمی	١ دانە	١٩٩١-١١-١١	
...	٢٧٥	گۆرەبەستن	١ گۆپ	١٩٩١-١١-١١	بۆ مەبەستی گۆڕی مەعصوم خان (خەسوم)
...	١٢	ماست	١ مەنجەڵی گەورە	١٩٩١-١١-١١	نزیكەی ٥ بۆ ٦ كیلۆ ماست دەبوو
٥٠٠	٤	سێو	٢ كیلۆ	١٩٩١-١١-١١	
٢٥٠	٢	خورما	١ كیلۆ	١٩٩١-١١-١٢	
٥٠٠	٢	سێوی بن ئەرز	٢ كیلۆ	١٩٩١-١١-١٢	بۆ ترشیاتی زەرد
...	١	بەهاراتی عەمبە	١ كیس	١٩٩١-١١-١٢	بۆ ترشیاتی زەرد
٥٠٠	١	پاس	٢ پاس	١٩٩١-١١-١٢	
٥٠٠	١٤	هێلكە	١ تەبەق	١٩٩١-١١-١٢	
...	٢	بەنزین	٢٠ لیتر	١٩٩١-١١-١٨	بە وەرهەڵەی كارگێڕی وەرگیرا لە بینایەكەی شوێنی شارەوانی كۆن دا بوو بەرامبەر كارگەی چگەرە
...	١	ساردی	١ دانە	١٩٩١-١١-١٨	
٥٠٠	٤	سێو	٢ كیلۆ	١٩٩١-١١-٢٠	
٣٠٠	٦	بانمی	٢ نەفەر	١٩٩١-١١-٢٠	بۆ ٢ كیلۆ برنج: ١.٥٠٠ دینار ئارد: ٤.٨٠٠ دینار
٧٠٠	١٠	بانمی	٥ نەفەر	١٩٩١-١١-٢٠	بۆ ٥ كیلۆ برنج: ٢.٥٠٠ دینار بۆ ئارد: ٨.٢٠٠ دینار

لە سەرەتای مانگی ٨-١١-١٩٩١ چەند رۆژێكە بەنزین و خۆراك و سووتەمەنی لەكەركوكەوە نایەت، رێگای هاتوچۆ گیراوە و تەنها ئەو ئۆتۆمبێلانە دەمێنن كە ژمارەكەی سلێمانی یە، لەوانەیە كەسێك كە سەردەچی دابێت زۆر گرینی بەنزین لەم لیستەدا هەبە، ئەو كات سەیارەكەم لەبەردەم بەنزینخانەی عەقاری دادەنێو كەبەنزینەكەم وەردەگرت دەطڕاشتەوە بەئارامی برام چونكە ئەو تەكسی پێ بوو كەمتر بەنزینی دەست دەكەوت.

فلس	دینار	جۆر	بڕ	بەروار	تێبینی
٠٠٠	٢٥	هێلکە و پەتاتە و سێو	-	١٩٩١-١٢-٥	
٥٠٠	٣	خورما	١ کیلۆ	١٩٩١-١٢-٥	
٠٠٠	١٣	شەکر	٢ کیلۆ	١٩٩١-١٢-٥	کیلۆی شەکر بوو بە (٦.٥) دینار
٥٠٠	٢	لیمۆ	٢٥٠ گم	١٩٩١-١٢-٥	کیلۆی بە (١٠) دینار بووە
٠٠٠	١	پاس	٢ سەر	١٩٩١-١٢-٦	چوون و هاتنەوە بۆ بازار
٠٠٠	١٦	هێلکە	١ تەبەق	١٩٩١-١٢-٦	
٠٠٠	٢٤٥	مووچە	١ مانگ	١٩٩١-١٢-٦	مانگی کانونی یەکەم
٠٠٠	٣٩	بەنزین و سەوزەو میوە	-	١٩٩١-١٢-١١	لەگەڵ ئارامی برام چووین بۆ کەرکوک هەندێک شتمان کڕی
٠٠٠	١٠	واشەری دەبۆی سەیارە	-	١٩٩١-١٢-١١	
٥٠٠	٥	دەرمانی دان		١٩٩١-١٢-١١	
٠٠٠	١٧	هێلکە	١ تەبەق	١٩٩١-١٢-١٥	
٠٠٠	١٨	برنج	٣ کیلۆ	١٩٩١-١٢-١٥	
٠٠٠	١٦	شیری نیدۆ	١ قوتوی بچوک	١٩٩١-١٢-١٥	
٠٠٠	٥	وردەو شەعریە	-	١٩٩١-١٢-١٥	
٠٠٠	٤	سەرتاشین	خۆم	١٩٩١-١٢-١٥	
٥٠٠	١٠	برنج	١.٥ کیلۆگرام	١٩٩١-١٢-١٥	کیلۆی بەرز بۆتەوە بۆ (٧) دینار
٠٠٠	١٠	بەنزین	٣٠ لیتر	١٩٩١-١٢-١٦	نرخەکەی بەرزبۆتەوە
٠٠٠	٦	سێو و پرتەقاڵ	٢ کیلۆ	١٩٩١-١٢-١٦	
٥٠٠	٧	کرێی نان کردن	-	١٩٩١-١٢-١٦	
٠٠٠	٤	نۆک	١ کیلۆ	١٩٩١-١٢-٣١	
٥٠٠	٣	لۆبیای وشک ماشە سپی	٥٠٠ گم	١٩٩١-١٢-٣١	
٠٠٠	٢٢	شیر	١ کیلۆ	١٩٩١-١٢-٣١	شیری وشک

سلێمانی
1991

ئەم ڕوداوانەی لەم بیرەوەرییانەدا تۆمارکراون، بەتەواوی لەزیادەڕەویکردن و مەیلی ئایدۆلۆژیی خاوەنەکەیەوە دوورن، هۆکارەکەش بۆ دوو بابەت دەگەڕێتەوە، یەکەمیان نزیکی مێژووی ئەو ڕووداوانەی لێرەدا تۆمارکراون، کە سی (30) ساڵی تەواویان بەسەردا تێنەپەڕیوە، و دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی بەشداربووەکان و شایەتحاڵەکانی لەئێستادا لەژیاندا ماون.

بابەتی دووەمیشیان تایبەتمەندی کارەکتەری خاوەنی بیرەوەرییەکانە، واتە گێڕەرەوە و تۆمارکەرەکەیان، کە مامۆستایەکی ڕاستگۆ و دڵسۆزە، هەر بۆیە، ڕاستگۆیی گێڕانەوەی ڕوداوەکان لەم نێوەندەدا بابەتێکی گومان هەڵنەگرە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەو تۆمارکردنی ئەم ڕوداوانە، بریتیە لە کورتبڕیی و چڕیی و پوختی لەزمانی دارشتن و گێڕانەوەیاندا، واتە بەتەواوی لە دریژدادڕیی و وەسف و پیاهەڵدانەوە دوورو پارێزراوە. لەکاتێکدا نوسینی کوردی بەشێوەیەکی گشتی گیرۆدەی دریژدادڕییە.